




**سەرنووسەر**
E-mail: mariwanrasheed@yahoo.com

زانایان لەو باوەڕەدان کە پێش چوار ملیار و شەش سەد ملیۆن ساڵ کۆمەڵەی خۆر دروست بووە, بەهۆی چڕبوونەوەی هەورێکی ساردی گەردوونی‌یەوە. ئەنجامی خولاندنەوەی زۆری ئەم هەورە پلەی گەرمی لە ناو کرۆکەکەیدا بەرزبۆتەوە و چەندین پارچەش لە ئەنجامی ئەم خولانەوەیە لەم هەورە جیابوونەتەوە و بەدووری جۆراوجۆر بەهۆی هێزی کێشکردنەوە لەو کاتەوە بەدەوری ئەم کرۆکەدا دەسووڕێنەوە, ئەم کرۆکە کە ئێستا پلەی گەرمی چەقەکەی پانزە ملیۆن پلەی سەدی‌یە و سەرچاوەی رووناکی و گەرمی‌یە و پێی دەڵێین خۆر, و پارچەکانیشی بریتین لە هەسارەکان ویەك لەو هەسارانەش زەوی‌یەکەی خۆمانە.

سەرەتا ئاووهەوای هەسارەکان وەك ئاووهەوای خۆر بووە و بریتی بوون لە گازی هایدرۆجین و هیلیۆم, بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات ئەم گازانە بەهۆی پلەی گەرمی و هێزی کێشکردن لە هەسارەکان دەرباز بوون بەجۆرێك لە کەش و ئاووهەوای هەندێکیاندا بە تەواوی کەم بوونەتەوە.

گەر باسی زەوی‌یەکەی خۆمان بکەین ئەویش وەك هەموو هەسارەکانی تر سارد بۆتەوە و گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و رێژەی ئەم گازانەشی تیادا زۆر کەم بۆتەوە, پاشان بەهۆی کارلێکە کیمیایی‌یەکان و گڕکانەکانەوە هەردوو گازی نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هاتوونەتە سەر زەوی و بەرگە هەوایان بە رێژەیەکی زۆر پێك هێناوە.

هەرچی ئۆقیانووسەکانیشە زانایان لەو باوەڕەدان کە پێش 3.5 ملیار ساڵ دروست بوون, و ڕووەکە سەوزەکانیش پێش 3.3 ملیار ساڵ دروست بوون, بەهۆی کرداری رۆشنە پێکهاتنیشەوە لە رووەکەکاندا گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن زۆر کەم بۆتەوە و گازی ئۆکسجین هاتۆتە بەرگەهەوا.

هەموو ئەمانەی باسکران لە دروست بوونی خۆر وەك سەرچاوەی ژیان لە ووزەی گەرمی و رووناکی, و دروست بوونی ئۆقیانووسەکان وررووەکەکان, و ئەوانەی تریش کە پەروەردگار دروستی کردوون لە خزمەت دروست کراوێکی تری پەروەردگاردایە کە ئێمەی مرۆڤین, و جێی خۆیەتی بە چاوی رێز و وەفاوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ژینگە رەخسێنراوەدا بکەین کە بۆ ئێمەی میوان ئامادەی کردووە:

﴿أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاء بَنَاهَا {27} رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا {28} وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا {29} وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا {30} أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءهَا وَمَرْعَاهَا {31} وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا {32} مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ {33}﴾ النازعات.




## بەربەستی نێوان ڕووبار و دەریاکان:

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە**

قورئانی پیرۆز لە پێش 14سەدەوە باسی لە هەندێ دیاردەی دەریا و زەریا و ڕووبارەکان کردووە, کە ئادەمیزاد هەتا ئامێر و دەزگای پێشکەوتووی بۆ دەستەبار نەبوو، نەیدەزانی، یەکێك لەو ئایەتە قورئانی‌یانەی کە باسی لەمە کردووە، ئایەتی (53)ی سوورەتی (الفرقان)ە، کە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا﴾، ئەم ئایەتە باسی یەکێك لە نهێنی‌یەکانی نێوان دەریا و ڕووبارەکان دەکات.

کە شوێنی بەیەك گەیشتنیانە، و دەری‌دەخات کە شوێنی بەیەك گەیشتنەکە هەندێ تایبەتمەندی هەیە، کە جیایە لە تایبەتمەندی-یەکانی هەردوو ئاوەکەی ئەم لاولای (واتە ڕووبار و دەریاکە).

### مێژووی زانستی دەریاکان:

زانستی دەریاکان یەکێکە لە زانستە نوێیەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە پەیوەندی‌یەکی توندی بووە لە گەڵ ڕوبار و دەریاکاندا، بەڵام نەیان توانیوە بە شێوەیەکی زانستی لە نهێنی‌یەکانی بزانن، چونکە زۆرێك لە هەوڵەکانی ئادەمیزاد هەر لە مێژەوە لەسەر ووشکانی‌دا بووە، و لەو شوێنانەدا گرنگی و لێکۆڵینەوەی بووە کە بە ئاسانی دەستی گەیشتوویەتێ.

فەیلەسووفەکانی پێش سەردەمی (مەسیح) (صەلات و سەلامی لێبێت)



**ئامادەکردنی:**

**ئەندازیار خالد حسن علی**

E-Mail: khalidbarznjy@ yahoo.com

باسی چەندەها دیاردەی سروشتی و گەردوونیان کردووە, بەڵام لێکۆڵینەوەی سەدە کۆنەکان و سەدەکانی ناوەڕاست هەندێکی بنچینەیەك بوون بۆ زانستی سەردەم، بەڵام لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەدا ناتوانرێت زانیاری و نهێنی دەریاکانی تیا دەست بکەوێت، تەنها

چەند زانیارییەکی گشتی و ڕووکەش نەبێت، ئەویش بۆ ئەوەی خۆیان لە مەترسییەکانی دەریا سوێرەکان بپارێزن و بتوانن بە ئاسانی گەشتی تیا بکەن.

(بیئیس)[1] یەکێکە لەوانەی کە لە سەردەمی چوارەمی پێش زایندا هەڵساوە بە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان مانگ و ئاوەکانی سەر زەوی، واتە دیاردەی هەڵکشان و داکشان، لە هەمان ماوەدا (ئەرسطو)ش لێکۆڵینەوەی دەریایی لەسەر دەریای (ئیجە) کردووە، بە تێڕوانینی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی بەراوردی کردووە، هەروەها (سترابوا) لە سەردەمی دووەمی پێش زایندا هەندێ زانیاری دەربارەی هەڵکشان و داکشانی دەریاکان کۆکردەوە بە ڕێگەیەك کە نەزانراوە، لە توێژینەوەیەکی تردا بە ناوی (مرج البحرین یلتقیان) کە لە نووسینی (محمد إبراهیم سمرة)یە، دەڵێت: (مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە عەرەب و فارسەکان لە دوای دەرکەوتنی ئیسلام، دەستیان کردە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دەریاکان).

هەر لە توێژینەوەکەدا باس لە زانای جوگرافیا (ئیبن خرداذبة) دەکات کە لەدایك بووی ساڵی (846ز-232ك)یە، ئەم جوگرافیناسە لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (المسالك والممالك)دا دەڵێت: گەشتیارە دەریاییەکانی عەرەب و فارسەکان لە دەریای عەرەبیدا، ئەو زانستەیان دەزانی کە تەوژمی شەپۆلەکانی دەریا ساڵی دوو جار ڕێڕەوی خۆیان پێچەوانە دەکەنەوە، لەپاش ئەم زانایە بە (100)ساڵ زانایەکی تر بەناوی (مەسعودی) لە نووسراوێکیدا بەناوی (مروج الذهب ومعادن الجواهر)دا پێناسەی جوولە سنوورییەکانی خوارووی دەریای عەرەبی دەکات بەوەی کە دەریای (حەبەشە) بە درێژایی هێڵی ستوونی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە و لە زۆربەی شوێنی دەریاکەدا، بە پێی گۆڕانی (بایە وەرزییەکان) تەوژمی دەریاکە دەگۆڕێت، یەکێکی تر لە زاناکان کە باسی لێکراوە (ئیبن ماجد)ە کە لەدایك بووی ساڵی (904ك)یە، کە یەکێکە لە زانایانی هونەری سوێرێتی (فن الملوحة)، ئەم زانایە داهێنەری دەرزی موگناتیسییە، و ئەم زانایە هەموو زانیارییەکانی خۆی دەربارەی دەریای عەرەبی لە (40) نوسراودا کۆکردۆتەوە، لە نووسینەکانیدا چەندەها زانیاری و ڕێگای تێدایە بۆ گەشتکارەکانی دەریا کە بە ئاوی سوێردا تێپەڕ دەبن، و هەر لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێت کە چەند شارەزا بووە لە کاریگەریی (بایەکان)ی باکوور و باشووری هێڵی ستوونی.

لە توێژینەوەکەیدا (پرۆفیسۆر برساد راو) دەڵێت: لە نێوان سەدەکانی (15 بۆ 18)دا، زاناکان چەندەها گەشتیان لە جیهاندا ئەنجامدا بەڵام نەیانتوانی بازنەی زانیارییان لە بارەی دەریاکانەوە فراوانتر بکەن، (نیجامین فرانکلین) لە ساڵی (1769ن)دا نەخشەی تەوژمەکانی کەنداوی عەرەبی کێشا، لەو وێنەیەشدا دەردەکەوێت کە نووسەرە پێشینەکانی دەریازانی لە سەدەکانی هەژدەدا چەند سەرەتایی و ساکار بووە، لە ساڵی (1293ك) واتە (1872ن)دا کەشتی بەریتانی (تشالینجەر) هەستا بە گەشتێکی دەریایی بەدەوری هەموو جیهاندا، لە پاش ئەویش چەندەها گەشتی زانستی تر دەستی پێ کرد بۆ پشکنینی دەریاکان.

بەو جۆرە زانیاری دەریاکان لە زیاد بووندا بوو هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم کە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ دەریاکان زیادی کرد، بەتایبەتی دوای وێنەگرتنی دەریا و زەریاکان لە ماوەی زۆر دوورەوە بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە کە لە ساڵی (1985ن)دا ئەنجام درا.

کەواتە لە سەرەنجامی ئەم کورتە مێژووییەی کە باسمان کرد بۆمان دەردەکەوێت، کە گەشەسەندنی مێژوویی شایەتی دەدات لەسەر تێپەڕ بوونی زانستی دەریاکان بە چەندەها هەنگاودا تا تێگەیشتنی ئەمڕۆمان، لەناو ئەوانەشدا سەردەمی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) کە بە نەبوونی هیچ زانیارییەکی وورد لە بارەی دەریاکانەوە پێش (1400) ساڵ دەناسرێتەوە، لەو کاتەی کە قورئانی پیرۆز دادەبەزی بۆ پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار، لەناو گەلێکی نەخوێندەوار، لە ناوچەیەکی ووشکی بیابانی دوور لە ڕووبار و دەریادا،

---

[1] وەرگیراوە لە توێژینەوەیەکی زانستی پرۆفیسۆر (درجا برساد راو) بە ناونیشانی (دیاردە دەریاییەکان) کە مامۆستایە لە زانستی جیۆلۆجی دەریاکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین قورئانی پیرۆز باسی چەندەها نهێنی گەردوون دەکات, لەوانەش نهێنییەکانی دەریا و ووردەکاری-یەکانی کە ئەوەش دەری‌دەخات کە گەیاندنی ئەو نهێنییانە لە لایەن یەکێکەوەیە کە شارەزای هەموو نهێنییەکانی ئاسمانەکان و زەوییە: ﴿قُلْ أَنْزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾.

قورئانی پیرۆز نزیکەی (1400) ساڵە باسی لە بوونی بەربەستێکی ئاوی کردووە، کە ناوچەیەکە ناودەبرێت بە سنووری ئاوی جیاکەرەوە (Water bar)، ئەم موعجیزە کیمیاییە زاناکانی سەردەم لە دوای گەشتێك لە ناڕەحەتی و هەوڵدان و لێکۆڵینەوەی زانستی توانیان بیگەنێ.

کرداری پێکهاتنی بەربەستی ئاویی ملکەچە بۆ چەند یاسایەك کە ناسراوە بە بیردۆزی (بایۆ کیمیایی Biochemical Theorem), لە قورئانی پیرۆزدا لە چەند شوێنێکدا باسی ئەو بەربەستە ئاوییە کراوە:

لەوانە ئایەتی (53)ی سوورەتی (الفرقان): ﴿وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا﴾.

هەروەها لەئایەتی (12)ی سورەتی (فاطر)دا کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا﴾.

بوونی ئەم بەربەستە بەخششێکی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤ, کە بەهۆیەوە ئادەمیزاد ئاوی ڕوبارەکانی دەست دەکەوێت، ئەو بەربەستەی لە ئەنجامی جیاوازی نێوان پێکهاتەی کیمیایی دوو ئاوەکەوە دروست دەبێت, بەوەی کە هەریەکەیانی لە ڕووی چڕی و هێزی ڕووکشانەوە (Surface Tension Forces) جیا کردۆتەوە، کە لە ئەنجامدا دیاردەی زیاد بوونی بەرگری ئاوەکان دروست دەبێت, ئەویش لە ئەنجامی دیادەیەك کە زانایان لەم ماوە کەمانەدا دۆزییانەوە کە ناودەبرێت بە بەرگری چینی تەنك (Boundary Layer Resistance)، کە ئەمەش کاریگەرە بۆ خێرایی کەشتییەکان لە ناو ئاوی دەریا سوێرەکاندا, گەر بەراورد بکرێت بە ئاوی ڕوبارەکان.

ئەم وێنەیە بەربەستی ئاویی ئادیاری نێوان ئاوی شیرینی ڕووبار و ئاوی سوێری دەریا ڕووندەکاتەوە لە ناوچەی تێکڕژاندا




**لێکدانەوەی زانایانی تەفسیر بۆ ئایەتی: ﴿وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا﴾:**

(ئیبن جەریری تەبەری) لە بارەی ووشەی (عَذْبٌ فُرَاتٌ)ەوە دەڵێت: (يعني بالعذب الفرات: مياه الأنهار والأمطار) و دەڵێت: (فلم أجد بحراً عذباً إلاّ الأنهار العُذاب)[2], واتە: مەبەست بە دوو ووشەی (عَذْبٌ فُرَاتٌ) ئاوی ڕووبار و باراناوەکانە، چونکە دەریای شیرین نی‌یە جگە لە ڕووبارە شیرینەکان نەبێت، هەروەها (نەسەفی) دەڵێت: (وَسَمّى الماءَين الواسعين الكثيرين بحرين)[3], واتە: هەردوو ئاوە زۆرە فراوانەکە ناو نراون بە (دەریا)، واتە ڕووبارەکەش هەر بە دەریا ناوی هاتووە, (زەمەخشەری)[4], و (ئالووسی)[5], و (بیقاعی)ش بە هەمان واتا لێکیان داوەتەوە, خوای گەورە کاتێك وەسفی ڕووبارەکە دەکات دوو وەسفی بۆ

---

2 تەفسیری (طبري)/ لاپەڕە (191).

3 تەفسیری (نەسەفی) بەرگی (4) لاپەڕە (151).

4 تەفسیری (زەمەخشەری) بەرگی (3) لاپەڕە (96).

5 تەفسیری (ئالووسی) بەرگی (13) لاپەڕە (406).

دێنێ یەکەم (عَذْبٌ) دووەم (فُرَاتٌ)، چونکە (عَذْبٌ) شیرینە بەلاَم (فُرَات) بە واتای زۆر شیرین دێت، هەروەك هەموو زانایانی تەفسیر و زمانەوانی بەو جۆرە واتایان کردووە, بە بەکارهێنانی ووشەی (فُرَات) ئاوی شوێنی بەیەك گەیشتنی دەریا سوێر و ڕووبارە شیرینەکە دچێتە دەرەوە, چونکە دەتوانرێت بووترێت کە ئاوی بەیەك گەشتنەکە (بەربەستەکە) شیرینی تیایە واتە (عذب)ە، بەلاَم ناتوانرێت کە بووترێت زۆر شیرینە واتە (فرات)ە, بۆ دەریا سوێرەکەش دوو وەسف هاتووە (مِلْحٌ) (أُجَاجٌ) ، (مِلْح) واتە (سوێر), بەلاَم (أُجَاج) واتە زۆر سوێر، بەم جۆرەش ئاوی بەیەك گەیشتنەکە دەچێتە دەرەوە و جیا دەبێتەوە، چونکە ئەو شوێنە تێکەلێکە لە ئاوی سوێر و ئاوی شیرین، دەتوانرێت پێی بووترێت (مِلْح) بەلاَم ناتوانرێت پێی بووترێت (أُجَاج).

### واتا زمانەوانیەکانی ووشەی (حجر و مَحجور):

لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (حِجْر) بە واتای قەدەغە و شوێنی تەسك و تەنگەبەر هاتووە[6], لە (معجم مقاییس اللغة)دا دەلێت: (الحاء والجیم والراء أصل واحد، وهو المنع والإحاطة على كل شيء)[7], واتە: ووشەی (حِجْر) بنەڕەتەکەی واتای قەدەغە و چواردەور گرتنی شتەکەیە, پاشان دەلێت: (والعقل یسمى حجراً لأنە یمنع من إتیان ما لا ینبغي, قال تعالى: هَلْ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِذِي حِجْرٍ), واتە: بە عەقلّ دەووترێت (حِجْر) چونکە قەدەغەی هاتنی ئەو شتانە دەکات کە پێویست نین، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (هَلْ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِذِي حِجْرٍ) (سوورەتی (الفجر) ئایەتی -5- ), لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) ووشەی (حِجْر) بە واتای (تەسکی و تەنگە بەری) هاتووە, کە بە کابرایەکی دەشتەکی فەرموو: ﴿لَقَد تَحَجَّرْتَ وَاسِعا﴾[8], واتە: بەڕاستی تۆ شتێکی فراوانت بچووك و تەسك کردەوە, هەروەك لە (لسان العرب) دا لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە دەلێت: (أي ضیَّقت ما وسعه الله وخصصت نفسك دون غیرك)[9], واتە: ئەو شتەی کە خوای گەورە فراوانی کردبوو، تۆ تەسکت کردەوە, و تەنها تایبەتت کرد بەخۆتەوە و خەلْکی ترت لێ بێبەری کرد، دیارە پێغەمبەر کاتێك ئەمەی فەرموو کە دەشتەکییەکە ووتی: (خوایە بەس ڕەحم بە من و پێغەمبەرەکەت بکەیت).

لێرەوە دەتوانین لە ووشەی (حجر) تێبگەین بەوەی کە بریتییە لە شوێنی بەیەك گەشتنەکە، کە شوێنێکی زۆر تەسك و قەدەغەیە، لە زمانی عەرەبیدا بە شوێنێك کە چوونە دەرەوە تیایدا قەدەغە بێت دەووترێت (حجر) یان (منع), زانایانی دەریا سەلماندویانە کە زیندەوەرانی ئەم شوێنە بە هیچ جۆرێك ناتوانن بچنە دەرەوە، واتە شوێنێکی (حجر) یان (منع)، ئەوەش بەهۆی جیاوازی سوێریی ئاوەکانەوەیە، کە گیاندارانی ئەم شوێنە بۆ ڕێژەی خوێی شوێنی بەیەك گەشتنەکە دروست بوون، خوای گەورە ئەم شوێنی بەیەك گەشتنە بە وەسفێکی تر وەسف دەکات کە ووشەی (مَحجور)ە, کە بە واتای (ممنوع) دێت واتە: قەدەغە

---

[6] (لسان العرب) بەرگی (4) لاپەڕە 167، (مفرداتی أصفهانی) لاپەڕە (109).

[7] (معجم مقاییس اللغة) بەرگی (2) لاپەڕە 138.

[8] ئەم فەرموودەیە (أبو داود) لە (سنن)ەکەیدا، بەرگی (1) لاپەڕە 264, و (ترمذي) لە (تحفة الأحوذي) بەرگی (1) لاپەڕە (458)دا, و (نسائي) لە (سنن)ەکەیدا بەرگی (3) لاپەڕە (14) دا, و ئیمامی (ئەحمەد) لە (مسند)ەکەیدا بەرگی (2) لاپەڕە (239, 283) گێڕاوپانەتەوە.

[9] (لسان العرب) بەرگی (4) لاپەڕە (166).

کراو، هەروەك لە زمانی عەرەبی‌دا







ئەم وێنانە بەربەستی ئاویی نێوان ئاوی شیرین و ئاوی سوێر روون دەکاتەوە لە ناوچەی تێرژانی رووباری (فوکا) و زەریای ئەتڵەسی لە کەنەدا، وێنەی لای راست بە مانگە دەستکردەکان گیراوە




جیاوازی تۆخی رەنگەکان لەم وێنەیەدا ئەو بەربەستە ئاوییە روون دەکاتەوە کە ئاوی رووبار و دەریا لەیەك جیادەکاتەوە

شوێنێك کە قەدەغە بێت بچیتە ناوی، پێی دەووترێت (محجور) یان (ممنوع)، ئەم وەسفەش بەپێی زانستی نوێ دەسەلمێت بەسەر ناوچەی بەیەك گەشتنەکەدا، چونکە زیندەوەرە دەرەکی‌یەکانی ئەم ناوچەیە، واتە زیندەوەرانی ڕووبارەکە و دەریا سوێرەکە ناتوانن بێنە ئەم شوێنەوە، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە زانایانی (تەفسیری) پێشینان بۆیان ئاسان نەبووە کە لە درێژەی نهێنی‌یەکانی ئەم ئایەتە تێبگەن، چونکە ئەم دیاردە گەردوونی‌یە لە بەرچاویاندا دوور بووە.

بۆ نموونە کاتێك ووشەی (مَرَجَ)یان بینیوە زانیویانە کە بە واتای (تێکەڵ بوون دێت) واتە هەردوو ئاوی ڕووبارەکە و دەریا سوێرەکە تێکەڵ دەبن، بەڵام لە پاشاندا فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا﴾ واتە: بەربەست لە نێوانیاندایە، بۆیە هەندێکیان ووتویانە چۆن دەبێت بەربەست لە نێوان ئاوەکەدا هەبێت و تێکەڵیش نەبن؟ لەبەرئەوە واتایەکی تریان بۆ ووشەی (مَرَجَ) داناوە، هەروەها هەندێکیان ووتویانە ئەو بەربەستە لە ووشکانی زەوی دروست بووە، لە سەر ئەم ڕایە هەڵانە (ئیبن جەریری طبري)[10] وەڵامی ئەو ووتانە دەداتەوە و دەڵێت: (خوای گەورە لە سەرەتای ئایەتەکەدا فەرموویەتی (مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ)، ووشەی (مَرَجَ)یش لە زمانی عەرەبی‌دا بە واتای تێکەڵ بوون دێت، پاشان دەڵێت: ئەگەر ئەو بەربەستەی نێوان ئاوی شیرین و سوێری دوو دەریاکە ووشکانی زەوی بێت، کەواتە دوو ڕووبارەکە تێکەڵ نابن، بەڵام خوای گەورە فەرموویەتی کە تێکەڵ دەبن و بەربەستەکەشی دەرخستووە کە دەفەرموێت: (وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا)، هەروەها ئەوەش بەربەستێکە کەس نایبینێت.

(ئیبن جەوزی) لەبارەی ئەم بەربەستەوە دەڵێت: (مانع

10 (جمع البيان) بەرگی (19) لاپەڕە (25).

مــن قــدرة الله لايراة أحـد)[11], واته بەربــەستێکــە لــە تــوانــای خـــواوە دروست بــــووە و کــەس نایبینێت، لە ڕاستــیدا گـــەر لــە شـــوێنی بـــەیەك گـــەشتـنـەکــە دا بوەستین بە هیچ جۆرێ ئـەو بەربەستە نابینیـن, چونکـە هـەمـوو ئاوەکـان بەیەکـەوەن و شتێـك نیـیە جیـای کردبێتنـەوە، هـەمـوویـان شینـن و خـــاوەن شـــەپۆلن، (زەمـەخشـەری) دەڵێت: (حائلا مـــن قدرتة كقولة بِغَيْرِ عَمَدٍ تَـرَوْنَها)[12] سـوورەتی (رعـــد)، واتە: پەردەیەکە لە دەسەڵاتی خوای گـەورە وەکو ئایەتی (2)ی سوورەتی (الرعـــد) کە دەفەرموێ: ئاسمانەکانی ڕاگـرتـووە بەبێ پایەیەك کـە ببینن، زۆرێ تر لـــە زانایـانی تەفسیر هەمان ڕایان هەبووە[13].



ئەم وێنەیە بەربەستی ئاویی نێوان دەریای باشووری چین و زەریای پاسیفیك ڕوون دەکاتەوە لە شوێنی بەیەك گەشتنیاندا

لە مەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ســــەردەمــەکــانی زوودا زانستـی مرۆڤـــایەتی چـــەندە کـــەم بووە لـــە تێنەگـــەیشتنی ئـــەو بابەتانەی کـــە قورئانی پیرۆز باسی کردووە، هەروەك هەندێك ئـــەو بەربەستەیان بە زەوی و ووشکانی زانیوە، هەندێك لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە بەربەستەکە دیاری بکەن ووتویـانە: (وهـو حاجز لايراه أحد)، ئـــەو بەربەستـــە کـــەس نایبینێـت، ئـــەمـــەش ڕوونی دەکـــاتـــەوە کـــە ئـــەو زانستـــەی دراوە بە محمد (ﷺ) لـــە سەردەمی ئەودا و لەدوای ئەویش بـــە چـــەندەهـا ســـەدە لەسەرووی تێگەیشتنی مرۆڤایەتییەوە بووە.

## هەم ئاهەنگی ئایەتە قورئانییەکە و زانستی سەردەم:

هەر لـە دێر زەمانـــەوە ئـــادەمیزاد ڕووبـــاری بینیوە کـــە دەڕژێتە نـــاو دەریاوە، و تێبینی کردووە کە ئاوی ڕووبـار بەشێوەیەکی پلە بەپلە تامە تایبەتیـیـــەکـەی نـــامێنێت، بەمـــەش تێگەیشتووە کـــە ڕووبـــار پلە بەپلە لـەگـــەڵ ئـــاوی ســـوێری دەریـــادا یەکـــدەگرێت, لـەگـــەڵ پێشکـەوتنی زانستدا و دۆزینـــەوەی نهێنییەکانی گـــەردووندا دەســـت کـــرا بـــە لێکۆڵینـــەوەی چـــۆنێتی بـــەیـــەك گـــەیشتنی دەریـــا و ڕووبارەکـــان، و چەندین نمـــوونە لـــە ئـــاوی بەیـــەك گەیشتنـەکـە خرایـــە لێکۆڵینەوەوە، هەروەهـــا بەهۆی دەزگا ووردەکانەوە پلەکانی سوێرێتی و شیرینی ئاوەکان و پێوانـەکـــانی پلـــەی گـــەرمی و ئـــەندازەی چڕێتی دیـــاری کـــرا، و چـــەندین زینـــدەوەرانی نـــاویـــان کۆکـــرانـــەوە و هـــەستـــان بـــە پۆلێن کردنیان، لە ئەنجامدا چەندەها نهێنی ڕوون بوونەوە کە پێشتر پەردە درابوو بەسەر بینینیـانـدا، زانـایـان دەریـان خســت کــە ئاوەکـــان دابـــەش بوون بـــۆ ســێ جـــۆر:

1- ئـاوی ڕووبارەکان کە زۆر شیرینن.

2- ئاوی دەریاکـــان کـــە زۆر سوێرن.

3- ئـــاوی بەیـــەك گـــەیشتنەکە کـــە تێکەڵێکە لە سوێرێتی و شیرینی, کە ناوچـــەیەکی جیاکـــەرەوەیە لـە نێوان دوو بەشەکـــەی تردا، ئەم ناوچەیەش بەردەوام بەهۆی هەڵکشان و داکشانی دەریاکـــە و لافـاوی ڕووبارەکـــە لـــە جووڵـــەیـــەکی بەردەوامدایـــە و شوێنی دەگـــۆڕێت، هـــەروەك لـــە زمـــانی عەرەبیدا یەکێك لـە واتاکانی ووشەی

---

11 (زاد المسير) بەرگی (6) لاپەڕە (90).

12 (الكشاف) بەرگی (3) لاپەڕە (96).

13 لەوانە (قرطبي) لە (جامع الأحكام) بەرگی (13) لاپەڕە (58)، و بیقاعی لـە (نظم الدرر) بەرگی (13) لاپەڕە (406)دا.



وێنەیەکی مانگی دەستکرد کە ناوچەی تێکرژانی رووبار بۆ ناو دەریا روون دەکاتەوە لەگەڵ شوێنی بەربەستە ئاوییەکە

(مرج) (ذهاب واضطراب)ە[14], واتە: هاتووچۆ و جووڵە جووڵ.

لەگەڵ تێکەڵ بوونی هەردوو ئاوەکە[15], و هاتووچۆ و جووڵە جووڵی شوێنی بەیەک گەیشتنەکە، ئەو ناوچەیە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی خۆی دەپارێزێت، هەتا ئەگەر ڕووبارێک لە شوێنێکی بەرزەوە لە شێوەی تاڤگەدا بڕژێتە ناو دەریاکەوە هەمان تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێت, هەرچەندە جووڵەی هەڵکشان و داکشانی ئاو و لافاو بەهێزترین هۆکاری یەکگرتنی ڕووبار و دەریاکەیە, بەڵام سنووره بەربەستی شوێنی بەیەک گەیشتنەکە هەردوو ئاوەکە لێک جیادەکاتەوە، بەڵام ئاوی ڕووبارەکە تێکەڵی ئاوی دەریاکە دەبێت, بەڵام سیفەتی بەرامبەرەکەی وەردەگرێت کاتێک دەچێتە ناوی.

یەکێکی تر لەو زانستە نوێیانەی کە دەرخرا ئەوە بوو کە توێژەرەوان هەستان بە پۆلێن کردنی زیندەوەرەکانی هەرسێ ناوچەکە, بینییان زیندەوەرەکانی ناو دەریا و ڕووبار و شوێنی بەیەک گەشتنەکە ناتوانن لە غەیری ژینگەکەی خۆیاندا بژین.

گەر زیندەوەرێکی یەکێک لەم سێ ناوچەیە بخرێنە ناوچەیەکی تریان دمرن، ئەمەش بەهۆی پلەی پەستانی ئەسمۆزی‌یەکەیان(رۆچوونە پەستان), کە دیاردەیەکە پەیوەندی بە ئەندازەی پیاڕۆشتنی سوێرێتی هەیە بەناو پەردەی دەرەوەی زیندەوەراندا, هەر لەبەر ئەوەشە، گەر بتەوێت زیندەوەری زیانبەخش لە سەوزەکاندا لەناوبەریت دەبێت بیکەیتە ناو خوێیاوەوە، چونکە بەهۆی (رۆچوونە پەستانەوە) دەئاوسێن و دەتەقێن.

## دیاردەی لە یەک ئاست نەبوونی ڕووی دەریا و ڕووبار:

خوای گەورە لە ئایەتی (12)ی سوورەتی (فاطر) دا دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ﴾, واتە: ئەو دوو دەریایە لە یەک ئاستدا نابن کە یە کێکیان زۆر شیرین بێت و... ئەوی تریان زۆر سوێر بێت, وەک زانست سەلماندوویەتی کە ڕووی ئاوی دەریا سوێرەکان و ڕووبارەکان ناچنە ئاستێکەوە, چونکە ئاوی دەریا سوێرەکان کاریگەرن بە شەپۆلەکانی هەڵکشان و داکشان لە کاتێکدا ئاوی ڕووبارە شیرینەکان بەو دیاردەیە کاریگەر نین، و هەروەک زانراوە ئەگەر بۆرییەک لە شێوەی پیتی (U)ی ئینگلیزی وەربگرین, و لە لایەکەوە بڕێک ئاوی دەریای سوێری تێبکەین و لە لایەکەی ترەوە هەمان بڕ لە ئاوی بێخوێی تێبکەین, دەگەینە ڕاستی‌یەکی سەرنج ڕاکێش، بەوەی کە ڕووی ئاوی هەردوو لای بۆرییەکە

---

14 (معجم مقاييس اللغة) بەرگی (5) لاپەڕە316، (الصحاح للجوهري) لاپەڕە 341, (لسان العرب) بەرگی (2) لاپەڕە (364), (تاج العروس) بەرگی (2) لاپەڕە (199).

15 وەک لە پێشەوە ووتمان یەکێک لە واتاکانی ووشەی (مرج) تێکەڵ بوونە.

له یەك ئاستدا نابن، هەروەك ئەو دیاردەیە لە نوقم بوونی بەشی خوارەوەی کەشتییەکاندا دەبینرێت, چونکە هەرهەمان کەشتی له ئاوی ڕووباردا بەشی زیاتری نوقم دەبێت له ئاوەکەدا، ئەو یاسایەش بە سەرئاو کەوتن ناسراوە، و دەبێت یەك ئاست نەبوونەکە لە ئەنجامی جیاوازی چڕی و ڕێژە کیمیاییەکانی هەردوو ئاوەکەوە بێت، ئەمەش پەیوەندی بە دیاردەی هەڵکشان و داکشانەوە هەیە, کە لە ئاوی دەریا سوێرەکاندا ڕوودەدات, بەڵام لە ئاوی ڕووبارە شیرینەکاندا ڕوونادات، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دیاردەی جیابوونەوەی ڕوویی (الفصل السطحي) لە ناوچەکانی بەیەك گەشتنی ڕووبارەکان به دەریاکان.

هەروەك ئەم دیارده ناوازەیە له هەندێ ناوچەی جیهاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە ئەوەی کە ڕوودەدات لە ناوچە کەنارییەکانی هەندێ ناوچەی زەویدا وەکو لە بەریتانیا ڕوودەدات, کاتێك ئاوی دەریا دەچێتە دەریای ئینگلیزییەوە، کە لەوێدا ئەستەمە کەشتییەکان و یەکە دەریاییەکان بتوانن بە سەلامەتی بڕۆن، هەمان دیارده لە یابان و هەندێ لە وولاتانی ئەوروپادا ڕوودەدات.

ئەم سیستەم و یاسا رازاوەیە کە خوای گەورە بۆ پاراستنی ئەو بارستە ئاوییانەی کە بە یەکتری گەشتوون دایناوە، هەتا هەندێکی تایبەتمەندی هەندێکی تری تێك نەدات و جیاوازییەکان بە بەردەوامی بمێننەوە، ئەوەش بەخشندەیی و بەزەیی نواندنە لەگەڵ ئادەمیزاددا چونکە مرۆڤ پێویستی بە هەردوو جۆری ئاوەکەیە، و بەبێ بوونی هیچ کامێکیان ژیانی ناڕوات، خوای گەورە بەو بەربەستە ئاوییە هەردوو جۆری ئاوەکەی پاراستووە، خۆ ئەگەر چاوی مرۆڤ نەتوانێت ئەو بەربەستانە ببینێت، ئەوا مانگە دەستکردەکانی ئەمڕۆ چەندەها وێنەی ئەو شوێنانەمان دەداتێ، کە سنووری هەر سێ بارستە ئاوییەکان ڕوون دەکەنەوە.

کەواتە بابڕوانین لە پاش هاتنە خوارەوەی قورئاندا چۆن ژیرییە گەورەکان بە چەندەها سەدە سەرسام ماون لە تێگەیشتنی ووردەکاری و نهێنییەکانی ئەو ئایەتە قورئانییانە, هەتا زانستی سەردەم نهێنییەکانی ڕوونکردەوە, خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا﴾ (النمل 93)، واتە: بڵێ سوپاس بۆ خوا کە ئایەتەکانی لە داهاتوودا بۆتان ڕوون دەکاتەوە و ئەو کاتە دەیزانن, با بڕوانین چۆن واتای هەندێ له ئایەتەکان جێگیر نەبوون و ڕای جیاوازیان له سەر بووە, و پاشان زانستی نوێ یەکلایی کردەوە و واتاکانیان جێگیر بوون, وەك دەفەرموێت: ﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ (الأنعام 67), واتە: بۆ هەموو هەواڵێکی قورئان جێگیرییەك هەیە و لە داهاتوودا ئەو جێگیرییە دەزانن. ❁

## سەرچاوەکان:

1- کتێبی (منطقة المصب والحواجز بين البحار)/ پرۆفیسۆر عبد المجيد الزنداني.

2- توێژینەوەیەکی زانستیی بەناوی (المروج والبرزخ المائي)/ پرۆفیسۆری ئەندازیاریی: مصطفى محمد الجمال.

3- Ocean's Magazine.

4- Ocean Surface Mixed.



# باران

## (دروست بوون و بارين و پێشبينى كردنى)

ئامادەكردنى: سەروەر حسن على
بەكالۆريۆسى فيزيا

**پێكهاتەی ئاو:**

ئاوی بێگەرد ماددەیەكی بێڕەنگ و بێبۆن و بێتامە, لە باری ئاسایی‌دا لە دۆخی شلی‌دایە, بەپێی پلەی گەرمی و پەستانەكەی دەكرێت لە هەر سێ دۆخی شلی (ئاوی ئاسایی) و رەقی (سەهۆڵ) و گازی (هەڵم)دا بوونی هەبێت, هەریەك گەرد ئاو لە پێكەوە بەسترانی گەردیلەیەكی ئۆكسجین (O) لەگەڵ دوو گەردیلە هایدرۆجین (H) پێكدێت... هێمای كیمیایی گەردێك ئاو بریتی‌یە لە (H2O) (وێنەی 1).

**بوونی ئاو لەسەر زەوی:**

پەروەردگار زەوی بە دەوڵەمەندترین هەسارەكان بەدی هێناوە لە بوونی ئاو تیایدا، كە لە ناوەخنی‌یەوە دەری كردووە و بەرەو بەرزایی - یەكانی ئاسمان بەرزی دەكاتەوە, و پاشانیش بە شێوەكانی باران، بەفر و تەرزە دووبارە دەیگێڕێتەوە بۆ زەوی لە سوڕێكدا كە بە سووڕی ئاو ناسراوە (پاشتر باسی لێوە دەكەین).

بڕێكی دیاری كراوی ئاو لە زەویدا جێگیر بووە, لە ئۆقیانووسەكان ودەریا و دەریاچەكانی‌دا, ئەم ئاوە بە نێو ڕووبارو و چەمەكانی‌دا دەڕوات و هەندێكیشی لە چینە كونۆچكەدار و كەلێنی توێكڵەكەی‌دا خەزن كراوە و هەندێكی تریشی لە كەلێنی بەردە شەق بردووەكانی چینی بەردیی توێكڵی زەوی‌دا هەن, تاكو بەشێوەی كانی و كارێز (سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی) بێنە سەر زەوی.

بەشێكی تری ئەم ئاوەی سەر زەوی بەشێوەی سەهۆڵ لەسەر جەمسەرەكان و لوتكەی چیاكاندا هەن, هەموو ئەمانەش بە ئەندازەی دیاری كراون (بەبێ كەمی و زیادی), هەروەها بڕی تەواو پێویستیش بۆ داواكاری‌یەكانی ژیان و ئەو هاوسەنگی‌یە گەرمی‌یە گونجاوەی لە چینی بەرگە هەوای نزیك ڕووی زەویدا هەیە, و نەبوونی جیاوازی گەورە لە نێوان پلەكانی گەرمای هەریەكە لە هاوین و زستاندا دروست دەكات, ئەمەش تاكو گونجاو بێت بۆ سەرجەم دیمەنە جیاوازەكانی ژیانی سەر زەوی, ئەو بڕە ئاوەی سەر




پێكهاتەی كیمیاوی ئاو
وێنەی (1)



وێنەی (3)

چەند چینێکی جیاوازی پارێزەری گۆڕانی پلەی گەرمی لەگەڵ بەرزیدا

زەویش بە نزیکەی (1360-1380) ملیۆن کیلۆمەتر سێجا دادەنرێت, زۆرینەی ئەم بڕەش کە ئاوی خوێداری دەریا و ئۆقیانووسەکانە ڕێژەکەی (97,2٪)ە, و کەمێکی ئاوی شیرینە (2،8٪), بە جۆرێك کە زۆربەی ئەم ئاوە شیرینەش (2.052٪-2.15٪) بە شێوەی چینی ئەستووری سەهۆڵن لەسەر هەردوو جەمسەرەکەی زەوی و لوتکەی شاخەکان, ئەوەی دەمێنێتەوە لە بەردەکانی توێکڵی زەویدا خەزنکراون و لە دەریای ئاوی شیریندا و بە شێوەی شێی خاك و شێی بەرگە هەوای زەوی... کەمتر لە ڕێژەی هەموو ئەوانەش ئاوی ڕووبار و چەمەکانن کە ڕێژەکەی (0.0047٪)ی کۆی ئاوی سەر زەوی دەگرنەوە.

## سووڕی ئاو لە سروشتدا (ڕێژەی باران بارین):

ئاو نزیکەی (71٪)ی ڕووبەری زەوی دادەپۆشێت کە بە دەورووبەری 510ملیۆن کیلۆمەتر دووجا مەزەندە دەکرێت، بە شێوەیەك ڕووبەڕی ڕووە ئاوییەکانی سەر زەوی دەورووبەری 361ملیۆن, و ڕووبەری ووشکانیش 149 ملیۆن کیلۆمەتر دووجا دەبێت. (وێنەی 2).

تێکڕای بەهەڵمبوون لە ڕووی دەریا و ئۆقیانووسەکانەوە لە هەر ساڵێکدا بە دەورووبەری 320هەزار کیلۆمەتر سێجا دادەنرێت، لەکاتێکدا تێکڕای بەهەڵمبوون لە ووشکانییەوە بە دەورووبەری 60هەزار کیلۆمەتر سێجا لەئاو مەزەندە دەکرێت, بە کۆکردنەوەی ئەم دوو ژمارەیە دەردەکەوێت کە سووڕی ئاو لە نێوان زەوی و بەرگە گازییەکەیدا دەگاتە بڕی 380 هەزار کیلۆمەتر سێجا لە هەر ساڵێکدا, زۆرینەی ئەم بڕەش لە ناوچەکانی یەکسانیدا دەبێت کە تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەی دەگاتە 25پلەی سەدی. (وێنەی 3).

کاتێك ئاو لە ڕووبەری هەریەکە لە دەریا و ئۆقیانووسەکان لە لایەك و لە ووشکانی زەوییەوە لە لایەکی ترەوە دەبێتە هەڵم، بەهۆی کەمی چڕییەکەیەوە بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە و بەهۆی تەوژمە هەواییەکانیشەوە دەگاتە چینی ژێرەوەی بەرگە هەوا (چینی گۆڕانکارییەکانی کەش), لەم چینەدا هەڵمە ئاوە بەرزبووەوەکە لە زەوییەوە لە شێوەی هەوردا دەردەکەوێت, و پاشان بەهۆی نزمی پلەی گەرمییەوە هەڵمەکە خەست دەبێتەوە و جارێکی تر بەشێوەی باران یان بەفر یان تەرزە یان تەم و شەونم دەگەڕێنەوە زەوی, بە حیکمەتێکی خوایی ئاو لە گەڕانەوەیدا بۆ زەوی, بە بڕێکی زیاتر لەوەی لێوەی بووە بە هەڵم لەسەر ووشکانی دەبارێت (96هەزار کیلۆمەتر سێجا, بەرامبەر 60هەزار کیلۆمەتر سێجای کۆی بە هەڵمبوون لێیەوە), لە کاتێکدا بۆ دەریا و ئۆقیانووسەکان بە بڕێکی کەمتر (لەو بڕەی کە لە ڕووەکانیانەوە بووەتە هەڵم) دەبارێت (284هەزار کیلۆمەتر سێجا, بەرامبەر 320هەزار کیلۆمەتر سێجا کە لێیانەوە دەبێت بە هەڵم).



وێنەی (2) سووڕی ئاو لە سروشتدا

جیاوازی نێوان ئەم دوو ژمارەیەش هەمان جیاوازی نێوان بارین و بەهەڵمبوونە لە ووشکانییەوە، کە ساڵانە بە 36هەزار کیلۆمەتر سێجا ئاو دادەنرێت، ئەمەش بە شێوەی جیاجیا دەڕژێنەوە نێو دەریا و ئۆقیانوسەکان.

ئەم سووڕەی ئاو لە دەوری زەوی موعجیزەیەکی گەورەی پەروەردگارە، بڕی ئاو لە کۆی قۆناغەکانی کردارەکەدا جێگیرە، وایش دیاری کراوە کە بۆ پێداویستی و داواکارییەکانی ژیانی سەر زەوی بەتەواوی گونجاو و بەس بێت، ئەم سووڕەی نێوان بەهەڵمبوون و باران کاردەکاتە سەر پاکژکردنەوەی ئاوی سەر زەوی، و پاراستنی هاوسەنگی گەرمی ڕووی زەوی و کەمکردنەوەی توندی گەرمای خۆر لە هاویندا، هەروەها کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی جیاوازی لە نێوان پلەی گەرمی زستان و هاوین، هەموو ئەمانەش بۆ پاراستنی ژیانی سەر زەوییە بە سەرجەم دیمەنە جیاوازەکانییەوە. (وێنەی 4).

ئەگەر کۆی ئەو ئاوەی لە زەوییەوە بۆ بەرگە هەواکەی بەهۆی کرداری بەهەڵمبوونەوە لە هەرساڵێکدا جێگیر بێت، و کۆی ئەو بڕەی هەڵمی ئاوە کە بەرگە هەوا هەڵیدەگرێت جێگیر بێت، ئەوا کۆی باران بارینی ساڵانەش بۆ سەر زەوی جێگیر دەبێت، ئەمە لەگەڵ زانینی ئەو ڕاستییەی کە بارینی باران لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت (بە وویستی خوای گەورە)، بەم پێیە



بڕی ئەو هەڵمی ئاوەی لەساڵێکدا دەبێتە هەڵم و جارێکی تریش بەشێوەی باران دەگەڕێتەوە سەر زەوی بڕێکی جێگیرە . ئەم جێگیرییەش گرنگیەکی گەورەی هەیە لە بەردەوامبوونی هاوسەنگی ژینگەیی و ، دوابەدوای ئەویش بەردوامبوونی ژیان .

وێنەی (4)

بڕی بوون بەهەڵمی ئاو و دابارینی ئاو بە ڕێژەی دیاری کراون، بەجۆرێك کە ئەگەر کەم وکوڕییەکی سادە لەم هاوکێشەیەدا ڕوویدات ئەوا ناڕێکی ژینگەیی دروست دەبێت، و ژیان لەسەر زەوی بەرەو کۆتایی و نەمان دەچێت.

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بەم سووڕە پڕ سەراسیمایەی ئاوی داوە و دەفەرموێت: ﴿مَا مِن عام بِأقَل مَطر مِنَ عَام﴾ أخرجه الإمام البیهقی فی السنن الکبری برقم 6275، خوای گەورە دەربارەی ڕێژەی دابەزینی ئاو لە ئاسمانەوە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَنْشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَيْتًا كَذَلِكَ تُخْرَجُونَ﴾ (**الزخرف** /11)، واتە: خوای گەورە بە ئەندازە باران دەبارێنێت، تا بەهۆیەوە ناوچە مردووەکانی پێزیندوو بکەینەوە، هەر بەو شێوەیە ئێوەش لە گۆڕەکانتان دەهێنرێنە دەرەوە.

## دروست بوونی هەورە باراناوییەکان:

دروست بوونی هەورەکان لە ئەنجامی خەست بوونەوەی ئەو هەڵمی ئاوەوە دەبێت کە لە زەوییەوە بەرز دەبنەوە بۆ ئاستە جیاوازەکانی چینی گۆڕانکارییە کەشییەکانی بەرگە هەوا کە بەرزییەکەی (7–16) کیلۆمەترە لەسەروو ئاستی ڕووی دەریاوە، بە تایبەت بۆ بەشە بەرزەکانی ئەم چینە، ئەمەش بەشێوەی دڵۆپە ئاوی زۆر بچووك کە بەرگەهەوای زەوی لەبەر زۆرکەمیی بارستاییەکانیان دەتوانێت هەڵیان بگرێت.

(با) ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروست کردنی هەوردا، کاتێك هەوا لە ناوچەی بەرکەوتنی بە ڕووی زەوی گەرم دەبێت (بە ڕادەیەك کە گەرمتر بێت لە هەوای دەوروبەری) ئەوا دەکشێت و بە کشانەکەشی چڕییەکەی کەم دەکات، و پەستانەکەشی دادەبەزێت و بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ بەرز بوونەوەیدا پەستانەکەی زیاتر کەم دەبێتەوە و پلەی گەرمییەکەشی دادەبەزێت (بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە سەرچاوەی گەرم کردنییەوە کە ڕووی زەوییە ، ئەمیش



وێنەی (5)

ئەم تەوژمە هەواییە بەرزکەرەوەیە دەبێتەهۆی گەشەکردن و دوای ئەوەش کەڵەکەبوونی هەورەکانگەشەکردنی ستونی دەبێتە هۆی کشانی هەورەکە بۆ ناوچە زۆر ساردەکان لە بەرگەهەوادا کە دەنکۆڵەکانی ئاو دروست دەبن و زیاتروزیاتر گەورە دەبن ، کاتێکیش هێندە گەورە دەبن کە تەوژمە هەواییە بەرزکەرەوەکان هەڵیان بگرن ئەوا لە هەورەباراناویەکانەوە دەست بە دابارین دەکرێت بەشێوەی ( باران ، بەفر و ... )

بەهۆی هەڵمژینی تیشکی خۆر و دووبارە دانەوەی)، بارستە هەوا بەرز بووەکە لە چینی گۆڕانکارییە کەشییەکاندا ساردتر دەبێت، تاکو ڕاددەی شێیەکەی دەگاتە پلەی تێربوون، ئیتر لەم کاتەدا خەست دەبێتەوە و بەخەست بوونەوەشی هەور پێکدێت، کە دەگونجێت باران یان بەفری لێوە ببارێت. (وێنەی 5).

پێکهاتە سەرەکییەکانی هەور هەوای شێدار و (با)یە کە هەوای شێداری زیاتری هەڵگرتووە بۆ هەورە پێکهاتووەکە, هەروەها بوونی دەنکۆڵەی خەست بوونەوە کە تۆزی زۆر ووردن یان هەندێك ئاوێتە کە کێشکردنیان بۆ هەڵمی ئاو هەیە, یاخود هەندێك لە گەردە خوێیەکان کە لەگەڵ هەڵمی ئاوەکەدا بەرز بوونەتەوە, بە نەبوونی هەر یەکێك لەمانە هەور دروست نابێت و (با)یەکە بە نەزۆکی دەمێنێتەوە، یان دروست دەبێت بەڵام باراناوی نابێت.

## دروست بوونی باران:

بەپێی ڕای کۆمەڵێك لە زانایانی کەشناسی دروست بوونی باران بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:

لە قۆناغی یەکەمدا: ماددە یەکەمییەکانی باران لەگەڵ (با) بۆ هەوا سەردەکەون، لەدوای ئەوە هەورەکان پێکدێن و پاش ئەوەش دڵۆپە بارانەکان دەردەکەون.

خوای گەورە لە وەسفی پێکهاتنی باراندا دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاءِ كَيْفَ يَشَاءُ وَيَجْعَلُهُ كِسَفًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ فَإِذَا أَصَابَ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ (الروم /48), واتە: خوا ئەو زاتەیە کە (با) دەنێرێت، (ئەو بایە) هەور هەڵدەگرێت و لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی دەکات، لەوەودوا پەخشی دەکاتەوە بە ئاسماندا بە هەر شێواز و شێوەیەك کە بیەوێت، (هەورەکان) کەڵەکە دەکات لەسەریەك، ئینجا دەبینی کە باران لە نێوانیاندا دەردەچێت و (دادەبەزێتە سەر زەوی)، جا هەر کاتێك (ئەو بارانە) باری بۆ هەر گرۆهێك لە بەندەکانی, ئەوا هەمووان خۆشحاڵ و دڵخۆش دەبن.

بە کورتی باسی ئەم سێ قۆناغە دەکەین:

### قۆناغی یەکەم: (اللَّهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ): (وێنەی 7):

بڵقە هەواییە لە ژمارە نەهاتووەکانی سەر ڕووی دەریا و ئۆقیانووسەکان کە بەشێوەی کەفی دەریان دەتەقن و گەردەکانی ئاو بەرەو ئاسمان دەهاوێژن، پاش ئەوە (با) ئەم گەردانە هەڵدەگرێت و بەرەو بەرگە هەوا (چینی گۆڕانکارییەکانی کەش) بەرزیان دەکاتەوە، ئەم گەردە ئاوانە کە بە شێوەی هەڵمن وورده وورده هەور پێکدێنن.

### قوناغی دووەم: (فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاءِ كَيْفَ يَشَاءُ وَيَجْعَلُهُ كِسَفًا):

هەورەکان لە هەڵمی ئاوەوە دروست دەبن کە لە دەوری بلوورەکانی خوێ یان گەردە تۆزییەکانی هەوا خەست دەبنەوە، و لەبەر ئەوەی دڵۆپەکانی ئاو لەم




دڵۆپەئاوەکان دەچنە هەواوە ، ئەمەش یەکەمین قۆناغی دروستبوونی هەورەکانە



ئەم وێنەیە لەڕێی مانگەدەستکردەکانەوە گیراوە ، کاریگەریی ( با ) لەسەر هەورەکان دەردەخات کە چۆن وەك دەستێك هەور ئاراستەدەکات .
وێنەی ( 8 )

هەورانەدا زۆر بچووكن (تیرەی یەكێك لەوانە دەگاتە 0.01- 0.02 میللیمەتر)، بۆیە هەورەكان لە هەوادا هەڵدەواسرێن و لە بەشەكانی ئاسماندا بڵاودەبنەوە، بەمەش ئاسمان بەهەور دادەپشرێت.

**پەیوەندی نێوان (با) و باران:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ﴾ (الحجر 22) (وێنەی 8).

ئایاتەكە ئاماژە بەوە دەدات كە قۆناغی یەكەم لە پێكهاتنی باران بریتییە لە (با)...

لەسەر ڕووی دەریا و ئۆقیانووسەكان ژمارەیەكی بێ كۆتا لە بڵقە هەوا هەن، كە لە كەفی دەریا دروست دەبن، لەو ساتەی كە ئەم بڵقانە دەتەقن هەزاران گەردی وورد كە تیرەكانیان لە سەد میللیمەترێك تێپەڕ ناكات دەردەپەڕنە هەواوە، ئەم گەردانە پێیان دەووترێت تۆزی هەوایی و تێكەڵ بەو تەپوتۆزە دەبن كە (با) لە زەوییەوە هەڵیگرتوون و بەرەو چینە بەرزەكانی هەوا بەرزیان دەكاتەوە، (با) ئەم گەردانە بۆ بەرزاییە زۆرەكان هەڵدەگرێت تاكو لەوێدا بە هەڵمی ئاوەوە دەلكێن، سەرەتا ئەم دڵۆپانە لەگەڵ یەكتردا كۆدەبنەوە بەشێوەی هەور و لەدواییدا بەشێوەی باران دەبارنە سەر زەوی. (وێنەی 6).

كەواتە (با) ئەو هەڵمی ئاوە دەپیتێنێت كە لە چینە بەرزەكانی هەوادا هەیە بەو گەردانەی كە لە دەریاوە هەڵیان دەگرێت و لە كۆتاییشدا یارمەتی دروست بوونی هەوری باراناوی و باران دەدات.



ئەم وێنەیە قۆناغەكانی دروستبوونی شەپۆلەكان دەردەخات. شەپۆلەكان بەهۆی ئەو بایەی كە لەسەر ڕووی ئاو هەڵدەكات دروست دەبن. لەوكاتەدا گەردەكانی ئاو بە شێوەیەكی بازنەیی دەست بە جوڵە دەكات، بەم جوڵەیەش یەك لەدوای یەك و بەخێرایی شەپۆلەكان پێكدێن. ئەو بڵقانەی كە شەپۆلەكان دروست دەكەن لەهەوادا بڵاودەبنەوە كە ئەمەش یەكەمین قۆناغی دروستبوونی بارانە.

**جۆرەكانی هەورە باراناوییەكان:**

لەسەر بنچینەی ڕووی دەرەوە و چۆنێتی دروست بوونیان، هەورەكان پۆلێن كراون بۆ ئەم جۆرانە:

1- كەڵەكە هەوری باراناوی.
2- چینە هەور.
3- گەردەلوولە هەوری باراناوی.

بۆ درێژەی ئەم جۆرانەی هەور (شێواز و چۆنیەتی دروست بوون و گەشە كردنیان) تەماشای ژمارەكانی (4) و (5) ی ئەم گۆڤارە بكە (هەیڤ).

**قۆناغی سێهەم: (فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ):**

گەردیلەكانی ئاو كە دەوری بلوورەكانی خوێ و گەردە تۆزییەكانیان داوە، خەست دەبنەوە تاكو دڵۆپە باران پێكدەهێنن، بەمەش بارانەكە كە لە هەوادا قورستر دەبێت هەورەكان جێدەهێڵێت، و دەست دەكات بە دابەزین بۆ سەر زەوی.

بەهۆی (با)وە ئەو هەوایە بۆ چینی گۆڕانكارییەكانی كەش كە هەڵمی ئاوی هەڵگرتووە دەگەیەنێت، بە بەرزبوونەوەی ئەم هەڵمی ئاوە بۆ ئەو چینەی بەرگەهەوا كە بە



بەللوورەكانی بەفر هەموویان شەش لان.

بەردەوامی پلەی گەرمی و پەستان كەم دەكات، هێدی هێدی هەڵمەكە خەست دەبێتەوە بۆ دڵۆپی زۆر ووردی ئاو و بەمەش هەور دروست دەبێت، بە زیاتر خەست بوونەوەی هەڵمی ئاو لەسەر ئەو دڵۆپانەی پێشتر دروست بوون دەبێتە هۆی زیاد بوونی قەبارە و بارستایی دڵۆپە

ئاوەکان، بەڕادەیەك ئیتر تەوژمە هەوایییەکان ڕاگیریان ناکەن و بەشێوەی باران لە هەورەکانەوە دەبارن.

## بەفر و تەرزە: (وێنەی 9)

تەرزە بارانێکی بەستووە و لە چەند چینێك سەهۆڵ پێکدێت، کاتێك دڵۆپێك ئاو بەهۆی تەوژمی هەڵگرتنەوە بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە (چەند بەرزبێتەوە هێندەش ساردتر دەبێت) تا دەگاتە بەرزییەکی ئەوتۆ کە تیایدا دەیبەستێت و لە کۆتاییدا دادەبەزێتە خوارەوە، لە ڕێگادا ئاوی زیاتری پێوە دەلکێت، تاکو جارێکی تریش تەوژمەکانی هەڵگرتن بەرزی دەکەنەوە و چینی دووەمی لەسەر دروست دەبێت, لەوانەیە ئەمە چەند جارێك ڕوویدات تا لە ئەنجامدا دەنکۆڵەیەکی تەرزە دروست دەبێت و دەکەوێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی.

بەفر هەڵمی ئاوی بەستووە، ئاشکرایە هەڵمی ئاو گەردی ئاوی تێدایە کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بڵاوبوونەتەوە، کاتێك بەنێو هەورەکاندا تێپەڕدەبن بەرەنگاری ساردییەك دەبنەوە و بەمەش چالاکییان کەم دەبێتەوە, ئەم گەردانە کە جووڵەکەیان هێواش بووەوە ئارەزووی کۆبوونەوە دەکەن لەگەڵ یەکتردا, و پاشان دەگۆڕێت بۆ تەنی ڕەق، ئەم کۆبوونەوەیان بە یەکگرتنی گەردەکانی ئاو دەبێت بۆ پێکهێنانی شێوەی شەش لای ڕێك وپێك، لە سەرەتادا هەر پارچە بەفرێك لە شەش لایەك پێکدێت, و پاشان بەللورەکە شەش لای تری بەشێوەی زەنجیرە پێوە دەلکێن... بەللورەکان بە گۆڕینی پلەی گەرمی و شێ شێوەی جیاواز وەردەگرن (بەڵام هەموویان شەش لا)، هەر (10 سانتیمەتر) بەفر بە ئەندازەی (1 سانتیمەتر) باران و ئاوی تێدا دەبێت).

## فاکتەرە یاریدەدەرەکانی باران بارین لە هەورە باراناوییەکانەوە:

لەو هۆکارانەی یارمەتی باران بارین دەدەن لە هەورە باراناوییەکانەوە ئەمانەن:

**یەکەم**: ڕاددەی شێی هەوا: کە بەم دەستەواژانە دەردەبڕدرێن.

1- شێی پەتی: بارستایی هەڵمی ئاوە لە یەکەیەکی قەبارەی هەوادا.

2- شێی جۆریی: بارستایی هەڵمی ئاوە لە بارستەیەکی هەوادا.

3- شێی ڕێژەیی: ڕێژەی سەدی نێوان بڕی هەڵمی ئاوەکە لە جێگایەکی دیاری کراودا هەیە, و بڕی پێویست بۆ تێربوونی هەڵمی ئاو لە هەمان پلەی گەرمی و پەستانی ئەو جێگایە.

لەکاتی تێربوونی هەواکە بەهەڵمی ئاو لە پلەی گەرمی و پەستانێکی دیاریکراودا، هەواکە ناتوانێت لە هەمان ئەو پلەی گەرمی و پەستانەدا لەو بڕە هەڵمە زیاتر هەڵبگرێت، بەڵام چەند پلەی گەرمی دابەزێت توانای هەواکە بۆ تێربوونی بەهەڵم کەم دەکات.



**دووەم**: دروست بوونی هەور: هەور پێناسە دەکرێت بە بارستەیەك لە هەوای تێر بوو بە هەڵمی ئاو، تا ڕاددەی خەست بوونەوە, هەندێك لەو هەڵمە لەسەر شێوەی کۆبوونەوەی ووردی دڵۆپە ئاو یان بەللوراتی بەفر یاخود هەردووکیان پێکەوە دەبن, ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە لە نزیك ڕووی زەوییەوە ڕووبدات ئەوا پێی دەووترێت (تەم)، لە کاتی بەرزبوونەوەی ئەو هەوایەی هەڵمی ئاوەکەی هەڵگرتووە بۆ ئاستێکی بەرز لە چینی گەڕێنەرەوە (چینی گۆڕانکارییەکانی کەش)، (7-16 کیلۆمەتر سەروو ئاستی ڕووی دەریا) پلەی گەرمییەکەی دادەبەزێت و پەستانی کەم دەبێتەوە، بەدوای ئەمەدا توانای بۆ تێربوون بەهەڵمی ئاو کەم دەکات, لە پلەی تێربووندا هەڵمە زیادەکە بە شێوەی دڵۆپە باران جیا دەبێتەوە, و بە خەست بوونەوەی زیاتری هەڵم بە پلەبەندی بە سەریدا قەبارە و بارستاییەکەی زیاد دەکات, تاکو وەك باران دادەبەزێتە سەر زەوی, ئەمەش چونکە دابەزینی پلەی گەرمی و پەستان شێڕێژەی هەوا بەرز دەکاتەوە، کە ڕاددەی شێیەکەشی دەگاتە 100٪ ئەوا پەستانی ئەم هەوا تێربووە بە هەڵمی ئاو یەکسان دەبێت بە پەستانی هەڵمی ئاو لە هەمان پلەی گەرمی و پەستاندا, لەم حاڵەتەدا پێی دەووترێت (پلەی گەرمی تێربوون)، هەر دابەزینێك لەو پلەیە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی دڵۆپە ئاوەکان لە جەستەی هەورەکە و بارینی باران.

**سێیەم**: بوونی دەنکۆڵەی خەست بوونەوە لە هەورەکەدا:

هەوا لە چینی گەڕێنەرەوەدا ژمارەیەك تەنۆلکەی ڕەق هەڵدەگرێت

که چڕی‌یان له نێوان کەمتر له 100 و زیاتر له ملیۆنێك تەنۆلکەیە له هەر سانتیمەتر سێجایەکدا، هەندێك لەم گەردە وورده ڕەقانه توانایەکی گەورەیان هەیە بۆ مژینی شێ و پارێزگاری لێکردنی، ئەم وورده تۆزانه یارمەتی خەستبوونەوەی هەڵمی ئاو دەدەن له هەورەکەدا.

به هەمان شێوە لەو دەنکۆڵانە تەنۆلکەی ووردی (خوێ)ن کە لەگەڵ هەڵمی ئاوی دەریا و ئۆقیانووسەکاندا بەرز بوونەتەوە، هەروەها تۆزی ووردی خۆڵ و لەوانەش کریستاڵی زۆر ووردی سەهۆڵ، ئەمانە چەند ساردتر بن هەڵمی ئاوەکەش زیاتر خەست دەبێتەوە بەسەریاندا، ئەم خەست بوونەوەیەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی گەردەکانی ئاو کە تیرەکانیان لە سنووری یەك بەش لە سەد بەشی میللیمەترێکە (واتە 10مایکرۆن)، و چڕی‌یەکانیشیان لە سنووری چەند سەد دانەیەکدان لە هەر سانتیمەتر سێجایەکی ماددەی هەورەکەدا.

## ڕەحمی خوای میهرەبانە کە ئاوی باران تاڵ و سوێر نیە!

خوای گەورە لە سوورەتی (الواقعة)دا دەفەرموێت: ﴿أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ, أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ, لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ﴾ (الواقعة/68-70), واتە: سەرنجی ئەو ئاوە نادەن کە ڕۆژانە چەند جار دەیخۆنەوە؟! ئایا ئێوە داتان بەزاندووە لە هەورەکانەوە یان ئێمە دابەزێنەرین؟ ئەگەر بمانەوێت ئەو ئاوە دەکەینە خوێیەکی تاڵ و سوێر، ئایا ڕەوا نی‌یە کە شوکرانە بژێر و سوپاس گوزارین؟

تێکڕای چڕیی خوێیەکان لە ئاوی دەریا و ئۆقیانووسەکاندا بە دەوروبەری 34,481 بەشی ملیۆنێك مەزەندە دەکرێت, کە چل جۆر گەردی توخمە بە ئایۆن بووەکان دەگرێتەوە, کە چڕی هەریەکەیان زیاترە لەیەك بەشی ملیۆنێك، ئەمە سەرباری بوونی ژمارەیەکی زۆر کەمی ئایۆنی توخمەکانی تر کە چڕیی‌یەکانیان لەمە کەمترە.

چڕیی خوێیەکان لە ئاوی دەریا و ئۆقیانووسەکاندا لە نێوان (32000-42000) بەشی ملیۆنێکدان, دەگونجێت ئەم بڕە لە دەریا داخراوەکاندا زیاتر بێت، بەتایبەت لە ناوچە ووشکەکانی نموونەی دەریای مردوودا, خوێداری ئاوی دەریا و ئۆقیانووسەکان بە گۆڕانی بارودۆخە کەشی‌یەکانی دەوروبەریان دەگۆڕێن بەتایبەت پلەی گەرمی و ڕاددەی داخراوی و تێکڕای باران بارین و بڕی ئاوی شیرینی هاتوو بۆ ئەم ناوەندە ئاوی‌یانە و جووڵەی ئاو تیایاندا.

ئاوی بەفر و باران کە لەئاسمانەوە دادەبارن بە پوخت ترین ئاوی سروشتی دادەنرێن, لەگەڵ ئەوەی کە بڕێك لە خوێیە تواوەکانی تێدایە کە لە 20 بەشی ملیۆنێك تێپەڕ ناکات, و وای لێدەکات شیرین و خاوێن بێت, کاتێکیش دەگاتە زەوی و بە ڕووەکەیدا دەڕوات ئەو خوێیانە کە توانای توانەوەیان هەیە لە ئاودا و لەبەردەکانی توێکڵی زەویدا هەن تیایدا دەتوێنەوە, و بەوەش ڕاددەی خوێداری‌یەکەی بە پلەبەندی زیاد دەکات تا دەگاتە هەزار بەش لە ملیۆن بەش, و ئەمەش پێی دەووترێت



ڕێگە و هۆکاری دروستبوونی ترشەباران وەك زاناکان پێی گەیشتون

ویێنەی ( 0

ئاوی شیرین، (10هەزار) لە ملیۆنێك بەش پێی دەووترێت ئاوی سوێر (خوێداریێتی کەم)، و بۆ 100هەزار لە ملیۆنێك یان زیاتر دەووترێت (ماء الأجاج – ئاوی سوێر) یان خوێدار.

ئەگەر خوێی ئاوی دەریا بیتوانیایە لەگەڵ هەڵمی ئاودا بە ڕێژەیەکی زیاتر لەوەی ئێستا بەرز ببێتەوە، یان ئەگەر کەمێك گۆڕان لە پێکهاتەی بەرگەهەوادا ڕووبدات ئەوا ئاوی باران بە سوێری (أجاج)ی دەباری، کە ئیتر زەوی پێی ناژێتەوە و تینووی پێ تێراو نابێت، بەڕاستی ئاوی شیرین پارێزەری ژیانە.

جیا لەوەی باسکرا دروست بوونی ترشە بارانیش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە مرۆڤ و ئەستەم بوونی ژیان. چونکە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین کە لە ئەنجامی دووکەڵی کارگە و سووتانی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل و سووتانی پیسی و پاشماوە- کانەوە دروست دەبن.

بۆ سەرەوە و چینەکانی بەرگە هەوای دەوری زەوی بەرز دەبنەوە، کە دەگونجێت ئەم پێکهاتانە جارێکی تر بە شێوەی گاز دابەزنەوە سەر زەوی، کاتێك مرۆڤیش هەڵی دەمژێت دەبێتە هۆی توشبوونی بە نەخۆشی، کە گرنگترینیان نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و حەساسییەتە، یاخود ئەم گازە ترشانە لەگەڵ هەندێك خواردن یەکدەگرن و دەبنە هۆی بۆگەنکردن و خراپکردنیان، یان لە هەڵمی ئاوی هەوادا دەتوێنەوە و دەبنە هۆی دروستکردنی ترشە باران. (**وێنەی** 10)

کاتێك دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە ئاودا دەتوێتەوە ترشی کاربۆنیك دروست دەبێت، و کە دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین لەئاودا دەتوێتەوە ترشی نیتریك پێکدێت، بەم شێوەیە ئەم دوو ترشە دادەبەزنە سەر ڕووی زەوی، یان لەگەڵ هەور تێکەڵ دەبن و هەورە ترشەکان پێکدێنن، کە دەتوانێت ماوەی (1500کیلۆمەتر) ببڕێت لە شوێنی کارلێکەکەیەوە و دووبارە بە شێوەی باران دابەزێتەوە سەر زەوی. (**بڕوانە وێنەی** 11).

ئەم حاڵەتانە هەر کامێکیان بێت ئەنجامەکە یەکێکە ئەویش زیان گەیاندنە بە زەوی و کشتوکاڵ، و تێکدان و زیان گەیشتنە نەك تەنها بەو ناوچە دیاریکراوە، بەڵکو تەشەنە دەکات و هەموو سەر زەوی دەگرێتەوە، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی سەردەم کە مرۆڤ دەستی تێیدا هەیە ...




**وێنەی ( 11 )**

ترشەباران

## پێشبینی کردنی باران بارین:

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت: ﴿مَفَاتِيحُ الْغَيْبِ خَمسة... وَلا يَعْلَمُ أَحَد مَتى يَأْتِي المَطَر...) أخرجه أحمد فی المسند (25-24/2).

**((کەی باران دەبارێت؟)):**

تا ئێستاش وەك نهێنی و لوغزێك ماوەتەوە و کەس نەیتوانیوە بەتەواوی بیزانێت، زانایانی تێڕوانین (علماء الأرصاد) دەتوانن پێشبینی ئەوە بکەن کە سبەینێ پلەی گەرمی یان پەستانی کەش چەند دەبێت، زۆر جار دەتوانن بڵێن جووڵەی (با) ئاراستەکەی بەرەو کوێ دەبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانن بەتەواوی و دروست پێشبینی باران بارین بکەن، زانایان و کەشناسان بۆ هەڵەی پێشبینی- یەکانیان دەگونجێت بڵێن بۆ ئەوەی بزانین کەی باران دەبارێت، پێویستە جووڵەی (با) بزانین، بەڵام لەپڕ (با) ئاراستە و ڕێڕەوەکەی دەگۆڕێت و ئەمەش کاریگەریی لەسەر دروست بوونی هەور و پاشانیش باران دەبێت، پلەی گەرمی کەش دەپێون و دەگونجێت لەپڕ بارستەیەك لە هەوای سارد یان هەوای گەرم بێت و پلەی گەرمی بگۆڕێت... یاخود لەو کاتەی هەڵمی ئاو ساردییەکی تەواوی هەیە بەڵام لەپڕ ئەو دۆخەش دەگۆڕێت، هەروەها بۆ ئەوەی باران ببارێت پێویستە دەنکۆڵەی پیتاندن هەبێت کە بریتین لە خۆڵ و تۆز و کەمێکیش خوێ کە لەگەڵ بەهەڵم بوونی ئاوی دەریاکانەوە بەرز دەبنەوە، ئەگەر ئەم دەنکۆڵانە ساف بوون ئەوا بەهۆیەوە دەزانرێت باران

دەبارێت یان نابارێت، ئەگەر خوار وخێچ وساف نەبوون ئەوا ئەگەری باران بارین بە ڕێژەیەکی دیاری کراو دەبێت, دەووترێت ئێستا بەو جۆرەیە بەڵام لەپڕ تەپوتۆزێك دێت و هاوکێشەکە تێك دەدات, زاناکان دەڵێن چەند هەوڵ دەدەین لە ڕوویەکەوە ووردتربین لە پێشبینی‌یەکەماندا بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە لێمان تێك دەچێت.

## سەر چاوەکان:

- قورئانی پیرۆز.
- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان/ م. بورهان محمد أمين.
- المعجزات القرآنية: هارون يحيي.
- آيات الله في الآفاق: شێخ عبدالمجيد الزنداني.
- الروعة في كل مكان: هارون يحيى.
- الطقس: روى ودكوك.
- الطقس: سى ئەى بي بروكس.
- ئەم بابەتانەش لە ئینتەرنێتەوە سوودیان لێوەرگیراوە:

* موحازەرەیەکی (عبدالمجيد الزنداني)/ کەناڵی جەزیرە: 2002/2/24.
* بابەتێکی (ئەندازیار د. مصطفى محمد جمال – مامۆستا لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی ئەسکەندەریە–مصر).
* چەند بابەتێکی (پرۆفیسۆر د. زغلول النجار). ۞

# بیرەوەری خانە .......

# ئایــا (دڵ) تـەنهـا ترومپایەکی پاڵنەری خوێنە ؟!





ئامادەکردنی: د. دارا گوڵ حامد
daragull@hotmail.com

بسم الله الرحمن الرحيم

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ (الأنفال 2), واتە: بێگومان ئیماندارانی راستەقینە تەنها ئەوانەن کە: کاتێك ناوی خودا برا ئـەوە دڵەکـانیان دەتـرسێت و دەهــەژێت, و کاتێکیش ئایەت و فەرمانەکـانی ئێمەیــان بـەسەردا بخوێنرێتەوە ئەوا ئیمان و باوەڕیان زیــاد دەکــات, و لــە هــەموو کاروبــارێکیشیاندا هــەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەیەك بۆ کاری دڵ دەکـات جیـا لــەوەی کـە پێشتر زانایان ڕایانگەیاندبوو کە دڵ تەنها ترومپایەکە خوێن پاڵدەنێ و پەیوەندی بە هەست و سۆزەوە نییە.

- هەروەهـا لـە ئـایەتێکی تردا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ (الرعد 28), واتــە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و دڵ و دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی پەروەردگـار, ئاگـاداربن دڵەکان هەر بە قورئـان و یـادی خودا خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.

- وە دەفەرموێت: ﴿لِيَجْعَلَ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ {53} وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ {54}﴾ (الحج 53-54).

واتــە: (خوای گـەورە بۆیە ئەو دەسـەڵاتەی داوە بــە شەیتان) تـا ئەو (خەیاڵ و وەسوەسەیەی) شەیتان فڕێی دەداتـــە نێـو ئـــاواتی پێغەمبەرانەوە ببێتە هۆی سزا و تاقی کردنــەوە بــۆ ئەوانــەی لـە دڵ و دەروونیاندا نەخۆشی دووڕوویی و ناپاکی هـەیە, و بۆ ئەوانـەش کـە بەرامبــەر ئـاییینی خــوا دڵرەقــن, بەڕاستی ستەمکاران لــە دژایەتی و شەڕەنگێزی‌یــەکی قـــووڵ و بێ‌بندا رۆچوون, بــۆ ئــەوەش کـە ئەوانەی زانست و زانیاری‌یـان پێ‌بـەخشراوە دڵنیابن و بزانن کـــە بێگومـان ئەم قورئانە حەقیقــەت و راستە و لەلایەن پەروەردگــاری تــۆوە رەوانە کراوە,

ئینجا بڕوای پتەوی پێدەهێنن و دڵەکانیش ملکەچ دەبێت بۆ خودا، بێگومان خودا هیدایەتدەری ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست.

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە ئەو ئەنجامەمان دەست دەکەوێت کە خوای گەورە کاری دڵی دەستنیشان کردووە کە: دڵ ئارام دەبێ، نەخۆش دەبێ، ملکەچ دەبێ، ڕەق دەبێ، و هەروەها دەشترسێ.

- هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِّن رَّبِّهِ فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ {22} اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ {23}﴾ (الزمر 22-23)، واتە: جا ئایا ئەو کەسەی کە خوای میهرەبان سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام و لەسەر ڕێبازی نوور و ڕووناکی پەروەردگارێتی، (وەك ئەو کەسە وایە کە پێچەوانەیە؟)، هاوار و وەیل بۆ ئەوانەی کە دڵیان ڕەقە لە ئاستی قورئان و یادی خودا، ئا ئەوانە لە گومڕایی‌یەکی ئاشکرادا گیریان خواردووە، خوای گەورە جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە کە ئەم قورئانەیە، (لە جوانی داڕشتندا) بابەتەکانی لەیەك دەچن، و هەندێك باسیشی بە شێوازی جیاواز تیادا دووبارە بووەتەوە، ئەم قورئانە تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەو کەسانەدا کە ترسی پەروەردگاریان لە دڵ و دەروونداپە، پاشان گیان و پێست و دڵیان نەرم و ئامادە و چالاك دەبێت بۆ یادی خودا و خواپەرستی، ئا ئەوە هیدایەت و ڕێنموویی خوایە کە هەرکەس شایستە بێت هیدایەت و ڕێنموویی دەکات بۆ ئەو پلە و پایە بەرزانە، ئەوەش کە ڕێبازی خوا وون بکات کەس نی‌یە ڕێنموویی بکات.



لەم ئایەتانەوە بەڵگەی نەرمبوون و ڕەقبوونی دڵ بەدەست دێت، کە ئەم تایبەتمەندی‌یانەش ماددین و لەمەودوا لە هەندێکیان دەدوێین و بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەوانەیش کە باسیان دەکەین بریتین لە چەند نیشانە و چیرۆکی واقیعی کە میدیاکانی خۆرئاوا باسی دەکەن، و گەورە ڕۆژنامە و گۆڤارە زانستی‌یە پسپۆڕەکان بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش ئەگەر بەڵگە بێت بۆ شتێك تەنها بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە قورئان پەرتووکێکە لەلایەن زاتێکەوە کە نهێنی دڵەکان دەزانێت دابەزیوە: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ (الحدید 16)، واتە: ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و دڵەکانیان ملکەچ و ڕووناك بووەتەوە بە نووری ئیمان کە ترسی خودای تێدا بڕوێنن بەهۆی یادی بەردەوامی خودا و ئەو قورئانەی کە ڕەوانە کراوە، وەك ئەو کەسانە نەبن کە کتێبی ئاسمانی‌یان بۆ ڕەوانە کرا، بەڵام دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی دوور ودرێژ، دڵیان ڕەق و ڕەش بوو، زۆربەشیان یاخی و سەرکەش و نالەبار دەرچوون.

**چەند چیرۆکێکی واقعی:**

ئافرەتێك بە ناوی (کلیر سیلڤیا) دڵ و سی‌یەکی لاوێکی 18 ساڵی بۆ چێنرابوو، کە بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەست دابوو لە 1988/5/29، ڕایگەیاند کە دوای کرداری چاندنەکە دەستی کردووە بە هەڵس و کەوتی کوڕانە و هەندێك خواردنی وەك بیبەری سەوز و بیرە و پارچە مریشکی حەزلێیە کە پێشتر

بـۆی نـەدەخـوران و حـەزی لێیان نەبوو!!

کـاتێك (کلیر سیلڤیا) چاوی بە کەس وکـاری بەخشەرەکـە کەوت، پێیان ڕاگـەیاند کـە هەڵس وکەوتە تازەکـانی وەك کۆپییـەکی هـەڵس وکەوتی بەخشەرەکە وایە, هەندێك لە زانایان ئەم چیرۆکـەیان پشت گـوێ خست و بەڕێکەوتیـان زانی, بەڵام هەندێکیان بە سەلماندنی ئەوەیان دانا کە پێی دەووترێ (بیرەوەری خانە), کە لەگەڵ پێشکەوتنی چاندنی دڵدا ئـەویش گرنگی زانستی خۆی وەرگرت.

**بیرەوەری خانە:**

ئایا دەزانیت کە هەموو خانەکانی بەشە جیـاوازەکـانی لـەشی مـرۆڤ زانیـاری کـەسێتی و مێـژوومـانی تێدایە؟ بگرە بیرەوەرییەکی تایبەتی خۆشیان هەیە، کـە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لەکاتی چاندنی ئەندامێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر, و لە گەڵ گواستنەوەیدا بـۆ کـەسی دووەم, خانەکان لەکەسی یەکەمەوە هەڵدەستن بـە گـواستنـەوەی بیـرەوەرییـە پارێزراوەکـانیان (خەزنکراوەکان) بۆ کەسی دووەم.

بەڵگەش لـەسەر ئـەم دیـاردەیە لە زیاد بووندایە لەگـەڵ زیـادبوونی ژمارەی ئەندامـە چێنراوەکـاندا, کە ئەمەش وای لـە هەندێك لـە زانایان کردووە کـە قووڵتر لـەم دیـاردەیە سەرسوڕهێنەرە بکۆڵنەوە.

**گۆڕینەوەی نامە:**

دانەری کتێبی (گەردەکانی سۆز- جزیئـات العـاطفة) دکتۆرە (کاندس بێرت) ئەوەی تێبینی کرد کە هەموو خانەکـانی لەش لەگەڵ مێشکدا بە هۆی ترشی ئەمینی زەنجیرە کورتەوە ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوانیاندا دەکەن, کـە پێشتر وا دەزانرا کـە ئـەم ترشە ئەمینییە زەنجیرە کورتانە تەنها لە مێشکدا هەن, بەڵام دواتر بوونی ئەو ئـاڵوگۆڕەی ئـەم ترشە ئـەمینییە زەنجیرە کورتـانە لـە ئەندامەکانی وەکو: دڵ و هەموو ئەندامە کاراکانی تریشدا سـەلما, کـە لێرەوە ئـەوە دەرکەوت کـە بیرەوەری تەنها لە مێشکدا ناپـارێزرێت، بەڵکو لـە خانەکـانی ئەندامەکانی ناو لەش و هـەروا سـەر ڕووی پێستیش دەپارێزرێت.




سـالی 1991 (د. ئـەنـدرو ئـارمور) چـەمکی ئـەوەی پێشکەش کرد کە: ئەقڵێکی بچووك لەناو دڵدا هەیە کە لە تۆڕێك خانەی دەماری، و گوێزەرەوەی کیمیایی، و پرۆتینەکان و لەخانەی یاریدەدەر پێکهاتووە, کە ئەم تۆڕەش سەربەخۆ لە خانەکانی مێشك بـۆ فێربـوون و بیـرەوەری و تەنانەت هەستیش کار دەکات, کە پاشـان زانیـارییەکـان بـۆ مێشك دەنێردرێن: (یەکەم) بۆ لاکێشە مۆخ کە کاری لولەکانی خوێن ڕێك دەخات و (دووەم) بۆ نـاوەندەکـانی مێشك دەگوێزرێتـەوە کـە تایبـەتن بـە درك پێکردن (إدراك) و بڕیاردان و توانا فیکرییەکان, ئەم زانایە ڕای وایە کە دەمارە خۆییەکان لە دڵی چێنراودا کارەکـانی بـۆ دەگـەڕێتەوە و لـە بیرەوەرییە کۆنەکەی خۆیەوە ئاماژە و نیشانەکـان بـۆ مێشکی کـەسی وەرگر دەنێرێت.

لەگـەڵ گواستنەوەی دڵدا چەند وەرگرێـك لـەسـەر ڕووەکـەی دەگوێزرێتەوە کـە تایبەتە بە بەخشەر و جیاوازە لە وەرگرەکانی(مستقبلات) کەسی وەرگر، بـەم جـۆرەش کەسی وەرگر دەبێتە خـاوەنی دوو جـۆر وەرگری خانە (مستقبلات الخلايا).

**ئایا دڵ بیرەدەکاتەوە؟**

بۆ دەرچوون لـە چەمکی بیرەوەری خانە زانایـان بڕوایـان بـە تیۆری (پڕوپاگەندەکانی نەخۆشخانە) هەیە, لـەگـەڵ ئـەوەشدا کـە یاساکـانی نـەخۆشخـانە هـەموو زانیارییەك

لەبارەی کەسی بەخشەرەوە قەدەغە دەکەن، بەلام ئاخاوتنی تیمی کارکردن لە نەشتەرگەری‌یەکەدا لە کاتی بێهۆشکردندا لەوانەیە کار بکاتە سەر کەسی وەرگر.

**چەند چیرۆکێکی تر:**

(پۆل بیرسال) زانای زانستی بەرگری دەماری و دەروونی، و دانەری کتێبی پەرلەی (شفرة)ی دڵ، ساڵی (2002) توێژینەوەیەکی لەژێر ناوی (گۆڕانکاری‌یەکان لە کەسێتی وەرگردا وەك کەسێتی بەخشەر وان) ئەنجامدا، توێژینەوەکە (74) کەسی گرتوە کە ئەندامیان بۆ گواسترا بۆوە، لەوانە (23) کەسیان لەماوەی (10) ساڵدا دڵیان بۆ چێنرابوو، چەند حاڵەتێکی باس کردووە، لەوانە:

**یەکەم:** لاوێك تەمەنی 18ساڵ بوو هەڵبەستی دەنووسی و مۆسیقای لێدەدا و گۆرانی دەووت، ئەم لاوە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستدا، و دڵی بۆ کچێکی تەمەن 18ساڵ گوێزرایەوە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەبەر چاوی دایك و باوکی بەخشەرەکە مۆسیقایەکی ژەند کە کوڕە کۆچ کردووەکەیان دەیژەند، و دەستی کرد بە تەواو کردنی ووشەکانی ئەو گۆرانی‌یەی کە کوڕەکە دەیووتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم کچە پێشتر هەرگیز ئەو گۆرانی‌یەی نەبیستبوو.

**دووەم:** پیاوێکی سپی پێستی تەمەن 47ساڵ، دڵی لاوێکی ڕەشی ئەمریکی 17ساڵی بۆ گوێزرایەوە، وەرگرەکە دوای نەشتەرگەری گواستنەوەی دڵەکە ئەوەی تێبینی کرد کە بووە بە عاشقی مۆسیقای کلاسیك، بەڵام دواتر زانرا کە بەخشەرەکە خولیای ئەو جۆرە مۆسیقایەی بووە.

**سێیەم:** لاوێك کە تازە لە نەشتەرگەری گواستنەوەی دڵ هاتبووە دەرەوە، ووشەیەکی نامۆی بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەکردەوە، دواتر لە چاوپێکەوتنی هاوسەری بەخشەرەکەدا دەرکەوت کە ئەو ووشەیە نهێنی نێوانیان بووە و خۆیان دایاننابوو، و بەواتای (هەموو شتێك بە دڵی خۆمانە) بەکاریان هێناوە.

**بڕوا ئەکەی یان نا ؟!**

کرداری چاندنی دڵ بۆ کچێکی تەمەن 8 ساڵ کرا، دڵەکە لە کچێکی کوژراوی تەمەن 10ساڵەوە وەرگیرا بوو، دوای چاندنەکە کچی وەرگر تووشی چەندین مۆتەکە و خەوی ترسناك بوو، کە دەیبینی بکوژێك کچێك دەکوژێ، ئەم مۆتەکانەش (کابوسانە) زۆر ناخۆش و بێزارکەر بوون، بۆیە باوکی بردی بۆ ڕاوێژی پزیشکی دەروونی.

ئەو وێنانەی کە خەوی پێوە دەدین بە پلەیەك (بەجۆرێك) ئاشکرابوون کە پزیشك و دایکەکە پۆلیسیان لە وێنەی بکوژەکە (کە لە خەوەکانی کچەکەدا دەردەکەوت) ئاگادار کردەوە، و بەهۆی ئەو سیفات و تایبەتمەندی‌یانەوە پۆلیس بکوژەکەی گرت، و ئەو هەواڵانەش کە کچەکەیان ڕایگەیاندبوو تەواو ڕاست بوون !!!!!

**کاریگەریی دڵ لە سەر مێشك:**

بە بەردەوامی و بۆ ماوەیەکی درێژ زانایان لە وەڵامدانەوەی دڵی مرۆڤ بۆ نیشانە هاتووەکانی مێشك دواون، بەڵام ئێستا بۆیان دەرکەوتووە کە پەیوەندی‌یەکە دینامیکی و دوو ئاراستەیە، و هەر یەکە کار لەوی تر دەکات، توێژەرەوان چوار هۆکاریان ناو بردووە (باسکردووە) کە دڵ کاریان لە سەر مێشك پێ‌دەکات:

1- هۆکاری دەماریی: لەڕێی ترپە و ئیشاراتە دەماری‌یەکانەوە.

2- هۆکاری کیمیایی: لە ڕێی هۆرمۆن و گوێزەرەوە دەماری‌یەکانەوە.

3- هۆکاری فیزیایی: بەهۆی شەپۆلی پەستانەکان لە دڵەوە.

4- هەروەها بە هۆی ووزەوە: لەڕێی بواری کارۆموگناتیسی دڵەوە.

بواری کارەبایی دڵ 60جار بەهێزترە لە هی مێشك، و بوارە موگناتیسی‌یەکەشی (5000) جار بەهێزترە لەو بوارەی کە مێشك دروستی دەکات.

**بواری کارۆموگناتیسی دڵ:**

لە وێنەکەدا بواری کارۆموگناتیسی دڵ دەرکەوتووە کە بەهێزترین ریتمی



هەیە لە لەشی مرۆڤدا, و نەك بەتەنیا هەموو خانەیەكی لەش دەورە دەدات, بگرە بـــۆ بۆشایی چواردەوریشمان درێژ دەبێتەوە, و دەتوانرێت بواری كارۆموگناتیسی دڵ بـــەهۆی چەند ئامێرێكی هەستیـــارەوە لــــە دووری چەند پێیەكەوە بپێورێت.

ئـــەم تاقی كردنەوەیـــە چۆنێتی كـــارتێكردنی دڵی كـــەسێك لــــە شەپۆلەكـــانی مێشكی كەسێكی تر ڕوون دەكـــاتەوە, كـــاتێك بەریـــەك دەكەون یـــان لەیـــەك نزیك دەبنەوە (**بڕوانە شێوەی خوارەوە**).

**ووزەی دڵ:**

هەنووكـە یەكێك لــە زانایان لــە زانكـــۆی (ئــەریزۆنـــا) سەرگـــەرمی توێژینەوەیەكە لە سەر 300 كەس كە دڵی یەكێكی تریان بۆ چێنراوە، ئەو كار لەسەر تیۆری ووزەی دڵ دەكات (كــــە ووزە و زانیـــاری كـــارۆ- موگناتیسی‌یـــانە، دەگۆڕێنـــەوە و كارلێك دەكەن لە نێوان دڵ و عەقڵدا), بەو جۆرەش لەوانەیە عەقڵی كـــەسی وەرگری دڵە گوێزراوەكـــە نیشـــانە كارۆموگناتیسی‌یەكـــان لــــە دڵــــە بەخشراوەكە وەربگرێ، كـــە ئەمەش




هێڵكاری ئەلیكترۆنی دڵ : Heartbeat (ECG)

هێڵكاری ئەلیكترۆنی مێشك : Brainwave (EEG)

Holding Hands : بەریەككەوتنی دەست — No Contact : بەریەك نەكەوتن

Subject A: كەسی (أ) — Subject B: كەسی (ب)

لای ڕاستی وێنەكە ئەو ساتەیە كە دوو كەسەكـە دەستی یـــەك دەگرن و ووزەی كارەبایی لە دڵی یەكێكیانەوە (ب) بـــۆ مێشكی كـــەسی (أ) دەگـــوێزرێتەوە, كـــە دەكرێ لەڕێی هێڵكـــاری ئەلیكتـــرۆنی مێشكی‌یەوە (EEG) ببینرێت.

توێژینەوە و هەوڵی ئاشكرا كردنی بنەما بایۆلۆجی‌یەكانی ئەم دیاردەیە دەخوازێ, و ڕێژەی ئەو كەسانەی كە دڵیان بۆ گوێزراوەتەوە چەندە كە هەست بە گۆڕان لە كەسێتی‌یان, یان سیستەمی خواردن و تەنانەت لایەنی ئەخلاقیش دەكەن؟ ئەگـەر هـاتوو دڵی بكوژێك یان تاوانبارێك یان كەسێكی هەڵس و كەوت چەوت بۆ یەكێكی هەڵس وكەوت ڕێك بگوێزرێتەوە, و دەبێت لـــە ئەنجامی ئەم كردارە چی ڕوویدات ؟!

لـــە كۆتـــایی‌دا لـــەوەی گـــوزەرا دەگەینە ئەوە كـــە قورئـــان هـــەق و ڕاستی‌یە, هـــەروەك خـــوای گـــەورە وەسفی دەكات: ﴿لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾ (**فصلت**:24).

ئەم نیشانە و ڕووكارانە (ملامح) بەڵگەن لەسەر پەیوەندی دڵ بە كارە ڕوحی‌یەكان و بابەتە ئیمانی‌یەكانەوە, ئەمـەش ڕەهـــەندێكی زیـــاترمـــان بـــۆ تێگـــەیشتن لـــەو ئایـــەتە پیرۆزانـــەی سەرەوە دەداتێ: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ (**محمد** 24).

﴿يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (**النور**24).

**سەرچاوە:**

1- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان/ م. بورهان محمد أمین.

2- ئینتەرنێت: سایتی (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة): (www.55a.net)/ بـابەتی: (ذاكرة الخلايا... القلب ليس مجرد مضخة)/ لـە نووسینی: د. نهى أبـو ريشة, كـە سوودی لە زیاتر لە 15 سەرچاوەی نوێی‌پزیشكی ئینگلیزی وەرگرتووە, كە تازەترین توێژینەوەی نوێی لەم بوارەدا لەخۆ گرتووە. ❑



# چیرۆکی موسوڵمان بوونی دکتۆری فەرەنسی (مۆریس بوکای)

بە پێنووسی (د. یحیى الغوثاني) وەرگێڕانی: هێمن محیالدین عبدالرحمن/ بەکالۆریۆسی بایۆلۆجی

ئەو کاتەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی فەرەنسا درا بە سەرۆکی کۆچ کردووی فەرەنسی (فرانسوا میتران) لەساڵی (1981)، لە کۆتایی هەشتاکاندا فەرەنسا داوای لە (میسر) کرد بۆ میوانداری کردنی لاشەی مۆمیا کراوی فیرعەون بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی شوێنەواری و ئەسەری، لەپاش ڕەزامەندی وەرگرتن جەستەی بەناوبانگترین ستەمکار کە زەوی ناسیویەتی گوێزرایەوە بۆ فەڕەنسا، لەلای پەیژەی فڕۆکەکەوە سەرۆکی فەڕەنسی و وەزیرەکانی و گەورە پیاوانی فەرەنسی دەستەونەزەر ئامادەی پێشوازی کردنی بوون.

پاش کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی پێشوازی شاهانە لە لاشــەی فیرعــەون لــەســەر زەوی فــەرەنسا، لاشــە مۆمیاکراوەکەی فیرعەون گوێزرایەوە لە کەژاوەیەکدا کە کەمتر نەبوو لە پێشوازییەکەی، و پاشان گوێزرایەوە بۆ بەشێکی تایبەت لە (ناوەندی توێژینەوەی شوێنەواری فەرەنسی) بۆ دەست پێکردنی توێژینەوەکان کە لە لایەن زانایانی شوێنەواری فەرەنسی، و دکتۆری نەشتەگەری و توێکارییەوە بەڕێوە دەچوو، ئەمەش بۆ لێکۆڵینەوە و دەرخستنی نهێنییەکانی ئەم لاشە مۆمیا کراوە، سەرۆکی نەشتەرگەرەکان و لێپرسراوی یەکەم لە لێکۆڵینەوە کردنەکە پڕۆفیسۆر (مۆریس بوکای) بوو، توێژەرەوەکان گرنگییان دەدا بە پاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی ماددەی مۆمیاکە، بەڵام گرنگیدانی د. مۆریس بریتی بوو لە هەنگاونان بۆ دەرخستنی چۆنێتی مردنی ئەم پاشا فیرعەونییە، لە کاتژمێرە درەنگەکانی شەو ئەنجامە کۆتاییەکان دەرکەوتن... کە پاشماوەی خوێی قەتیسماو لە لاشەکەدا دەبینرا کە ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مردنەکەی بەهۆی خنکانەوە بووە لە دەریادا، و هەروەها هێنانە دەرەوەی لاشەکە پاش خنکانی بەخێرایی، و هەروەها بەخێرای لاشەکە بۆنخۆش (تحنیط – مۆمیا) کراوە بۆ مانەوەی جەستەکە.

بەڵام پرسیارێکی سەرسوڕهێنەر بەردەوام مۆریسی سەرسام کردبوو: ئەویش چۆن ئەم لاشەیە بەشێوەیەکی زۆر جوان ماوەتەوە؟ بەچاو لاشەی مۆمیاکراوەکانی ترەوە، لە کاتێکدا ئەم لاشەیە لەنێو ئاوی دەریادا هێنراوەتە دەرەوە!! (مۆریس بوکای) راپۆرتی کۆتایی ئامادەکرد سەبارەت بە دۆزینەوەیەکی تازە لەسەر لاشەی فیرعەون کە ئەوەیە: لەناو ئاودا خنکاوە و پاشان دەرهێنراوە و بۆنخۆش (مۆمیا) کراوە ڕاستەوخۆ دوای خنکانی لە ئاوەکەدا، یەکێك لە هاوکارانی بەگوێدا چرپاند و پێی ووت: پەلە مەکە لەبەر ئەوەی موسوڵمانان دواون سەبارەت بە نوقم بوونی ئەم



مۆمیایە، بەڵام مۆریس بە توندی نکوڵی ئەم هەواڵەی کردوو بەدووری زانی و ووتی: نموونەی ئەم دۆزینەوەیە ناتوانرێت بزانرێت تەنها بە بەرەو – پێشچوونی زانیاری سەردەم و بە ئامێری ئەلیکترۆنی ووردی سەردەم نەبێت، یەکێك لە هاوکارانی پێی ووت: کە ئەو قورئانەی موسوڵمانان باوەڕیان پێی هەیە چیرۆکی خنکان و پاراستنی لاشەکەی دوای خنکانی دەگێڕێتەوە، ئەوەندی تر سەری سوڕما و ئەم پرسیارەی لەلا دروستبوو: ئەمە چۆن دەبێت لە کاتێکدا ئەم مۆمیایە نەدۆزراوەتەوە تا ساڵی( 1898 ز)؟ لە کاتێکدا قورئانەکەیان پتر لە (1400) ساڵ لەمەوپێش هاتووە؟ ئەمە چۆن ژیریی قوبووڵی دەکات؟! لە کاتێکدا نەك عەرەب بەڵکو مرۆڤایەتی بە گشتیش هیچ زانیارییەکیان نەبووە سەبارەت بە مۆمیاکردنی لاشەی فیرعەونەکان، تەنها پێش چەند دەیان ساڵێك لەمەوپێش نەبێت!!



(مۆریس بوکای) ئەو شەوە مایەوە بە بیرکردنەوە، و تێڕوان زۆر بە ووردی لە لاشەی فیرعەون و ئەو قسانەی کە هاوڕێکەی سەبارەت بە قورئانی موسڵمانان بۆی کرد، سەبارەت بە ڕزگاربونی لاشەکە پاش خنکانی لە دەریاکەدا، لەکاتێکدا پەرتووکە موقەددەسەکەیان (ئینجیل) باس لە خنکانی فیرعەون دەکات لە کاتێکدا کە بەرەنگاری موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) بوویەوە، بەبێ باس کردنی چارەنووسی لاشەی فیرعەون.

بۆیە مۆریس لە دڵی خۆیدا ووتی: ئایا دەگونجێ و ژیریم قوبووڵی دەکات کە ئەم لاشەیەی لەبەردەممدایە ئەو فیرعەونە بێت کە بەرەنگاری موسای کردووە؟ ئایا ژیریی دان بەوەدا دەنێت کە (محمد)ی پێغەمبەریان ئەمەی زانیوە پێش لە هەزار ساڵ زیاتر؟ ئەو شەوە مۆریس نەیتوانی بنوێ، و داوای کرد کە تەوراتی بۆ بێنن، و کردیەوە و ئەم چەند دێڕەی خوێندەوە کە دەڵێ: (فَرَجع الماء وغطى مركبات وفرسان جميع جيش فرعون الذي دخل وراءهم في البحر ولم يبقى منهم ولا واحد) واتە: (ئاوەکە گەڕایەوە و هەموو کەشتی و سوپا و سەربازەکانی فیرعەون کە چوونە ناوەوە لەدوای فیرعەون بۆ ناو ئاوەکە هیچیان نەمان تەنانەت یەك دانەشیان)، پاشان مۆریس تێڕاما، و هەروەها لە ئینجیلیشدا باس لە ڕزگاربوونی ئەم لاشەیە و هاتنە دەرەوەی نەکراوە.

لە پاش تەواوبوونی توێژینەوە لەسەر لاشەی فیرعەون لە فەرەنساوە گوێزرایەوە بۆ میسر، بەڵام مۆریس دڵخۆش نەبوو بۆ بڕیارەکە و سەرخۆ نەکەوتەوە لەدوای ڕاچڵەکانی بەو هەواڵەی کە قورئانی موسوڵمانان سەبارەت بە ڕزگاربوونی لاشەی فیرعەون داویەتی، ئەوەبوو کەلوپەلی پێچایەوە و بڕیاریدا بە سەفەرکردن بۆ ووڵاتی موسوڵمانان، بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك لە زاناکانی موسوڵمانان لە بواری توێکاریدا، و یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵیاندا سازدا سەبارەت بە دۆزینەوەکەی، و ڕزگاربوونی لاشەی فیرعەون دوای خنکانی لە ئاوەکەدا، یەکێك لە زانا موسوڵمانەکان هەستا و قورئانێکی بۆ کردەوە و ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە: ﴿فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ﴾ (یونس 92)، واتە: ئەمڕۆ ئیتر لاشەی مردووی تۆ ڕزگار دەکەین (لە دەریاکە و لە خواردنی ماسی) تا ببێتە موعجیزە و پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی دوای تۆ دێن، بەڵام بەڕاستی زۆربەی خەڵکی لە ئایەت و موعجیزەکانی ئێمە غافڵ و بێئاگان.



لە ڕاستیدا ئەم ئایەتە زۆر توند کاری تێکرد، و ناخی ڕاچڵەکان بەجۆرێك کە لە بەرامبەر ئامادەبووان بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئەوە هاتمە ناو ئیسلامەوە و باوەڕم بەم قورئانە

هێنا.

لە پاشان (مۆریس بوکای) گەڕایەوە بۆ فەڕەنسا بەڵام بەسەر و سیمایەك جیاواز لەوەی کە پێوەی ڕۆشتبوو, پاشان بۆ ماوەی (10 ساڵ) سەرقاڵ بوو بە دیراسە کردنی سنووری گونجاندن ولێکچوونی ڕاستیيە زانستیەکان و دۆزینەوە تازەکان لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا, هەروەها لێکۆڵینەوە لە دژیەکبوونێکی زانستی لەگەڵ ئەوانەی قورئان باسی کردوون, تاوەکو دڵنیابێت لە بەرئەنجامێك کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لاَّ يَأْتِيهِ البَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلاَ مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾.

بەرهەمی ئەو ساڵانەی کە زانای فەرەنسی مۆریس سەرقاڵی دراسە کردن بوو بریتی بوو لە دانانی پەرتووکێك سەبارەت بە قورئانی پیرۆز, کە بووە هۆی هێنانە لەرزەی وولاٚتانی ڕۆژئاوا و ڕاچڵەکاندنی زاناکانی رۆژئاوا بە ڕاچڵەکاندنێکی بەهێز, کە پەرتووکەکە لە ژێر ناونیشانی: (قورئان و تەورات و ئینجیل و زانست: توێژینەوە لە کتێبە پیرۆزەکان لەژێر ڕووناکی زانستە نوێکاندا) بوو, لە یەکەم چاپیدا لە هەموو کتێبخانەکاندا فرۆشرا و تەواوبوو، لە پاشان چاپی تری لێگیرایەوە بە سەدان هەزار دانە، و دواتر گۆڕدرایە سەر زمانەکانی: ((عەرەبی، ئینگلیزی، ئەندەنووسی، فارسی، سرِبکرواتی، تورکی، ئاردیی، کەجوڕاتی، ئەڵمانی)) و پاشان بە هەموو کتێبخانەکانی ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاوادا بلاٚوبوویەوە.

لەڕاستیدا هەندێك لەوانەی کە خوای گەورە ڕۆشنایی دڵ و چاویانی کوژاندۆتەوە لە بەناو زانایانی جولەکە و گاور هەوڵیاندا کە دژی ئەم نووسراوە بوەستنەوە, بەلاٚم هیچیان بۆ نەکرا جگە لە چەند هەنگاوێکی لە بارچوو کە وەسوەسەکانی شەیتان بۆی جوان دەکردن، و کۆتاییان (د.ویلیام کامبل) بوو لە کتێبەکەیدا کە بە ناونیشانی: (قورئان و کتێبی پیرۆز لەژێر ڕۆشنایی زانست و مێژوودا)، ئەم کتێبە ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاوای کرد بەلاٚم نەیتوانی هیچ شتێك لە ڕاستی وەلانێ.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە هەندێك لە زانایانی ڕۆژئاوا دەستیان دایە نوسین بۆ بەرپەرچ دانەوەی کتێبەکەی (د. مۆریس) بەلاٚم لە کۆتاییدا کە بە تەواوی لە کتێبەکەی مۆریس ڕۆچوون تەسلیم بوون و باوەڕیان هێنا و موسوڵمان بوون.

## ڕزگار بوونی فیرعەون
## بە لاشە و مانەوەی تا ئەمڕۆ:

بە پێنووسی: فراس نور الحق

وەرگێڕانی: هێمن محیالدین عبدالرحمن/ بەکالۆریۆسی بایۆلۆجی

(د. مۆریس بوکای) ئاشکرای کرد لە کتێبی (قورئان و زانستی سەردەم)دا نهێنی لە یەکچوونی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە چارەنووسی فیرعــەونی سەردەمی موسا پێغەمبەر(علیه السلام) لەدوای خنکانی لــە دەریاکەدا لەگەڵ ڕاستێتی مانەوەی جەستەکەی تـــا ڕۆژی ئەمڕۆمان, ئەویش بۆ بوونی بە بەڵگەیەکی ئاشکرا بۆ هەموو خەڵکی, هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ﴾ (یونس/92).

(د. بوکای) دەڵێت: گێڕانەوەی تەورات سەبارەت بە هاتنە دەرەوەی جوولەکەکان لەگەڵ مـوسا پێغەمبەر لە میسر ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە دەربارەی ئەوەی دەڵێن مینفیتاح (Mineptah) جێنشینی رەمسیسی



بسم الله الرحمن الرحيم

﴿فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ ۝٤٠﴾ [سورة القصص: ٤٠]

هل هو فرعون موسى؟؟!!

هذا هو فرعون الذي طغى.. الجسد المسجى رمزا للطغيان والجبروت والتجبر، يوم قام مغالبا الله تعالى فأخذه الله تعالى أخذ عزيز مقتدر.. قصة الظلم المدمر والبطش الشديد ونكال الخاتمة وسوء العاقبة والمآل. الحاكم الذي أدعى الألوهية وهوى إلى قاع الجحيم.

هذه هي جثة فرعون، الجثة المحفوظة في المتحف المصري (ولاحظ طول ذراعه وجسمه بالمقارنة بذراع وجسم واحد من الزوار يتأمل الجثمان)، وقد رجح بعض الباحثين أن هذه هي جثة فرعون موسى نفسه لأسباب من بينها أن هذه المومياء هي مومياء لأحد الفراعنة الكبار لما حضها من مظاهر إتقان التحنيط والثراء، وأيضا عندما حاولوا حل الأربطة التي تلفها لأول مرة إذا بالذراعين تنبسطان إلى أعلى وكأنهما تدفعان خطرا نازلا، فما هو الخطر الداهم النازل من أعلى والذي كان يدفعه هذا الفرعون الكبير عند موته. والسبب الثاني: أنه عندما نقلت هذه المومياء لفرعون إلى باريس وأجريت الفحوصات المعملية عليها كانت المفاجأة الكبرى بوجود بقايا نباتات وطحالب بحرية في القصبة الهوائية والرئتين مما يجزم بأنه مات غرقا فما الذي ذهب بفرعون على هذا القدر إلى البحر حتى تمتلئ رئتاه بالماء الملوث بالأعشاب البحرية.

دووەم بریتی‌یە لە فیرعەونی میسر لـە سەردەمی موسا پێغەمبەردا، و توێژینەوە پزیشکی‌یەکانیش لەسەر










مۆمیای مینفیتاح (Mineptah) کۆمەڵێك بەڵگەی زۆر بەسوودیان بۆ ڕوون کردووینەتەوە سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچی دوایی ئەم فیرعەونە, تەورات یادمان دەخاتەوە کە ئەم لاشەیە دەریا لووشی داوە بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تری نەداوە سەبارەت بە دوای ئەم ڕووداوە.

بەڵام قورئان یادمان دەخاتەوە کە لاشەی فیرعەونی نەفرەت لێکراو لە دوای کەوتنە ناو ئاوەکەوە پاش ماوەیەك دەرهێنراوەتەوە لە ئاوەکە, هەروەك چۆن ئایەتەکەی سەرەوە ئیشارەتی پێ‌دا.

توێژینەوە پزیشکی‌یەکان دەریانخست کە ئەم لاشەیە ماوەیەکی زۆر لەناو ئاودا نەماوەتەوە, و هیچ نیشانەیەك دەرنەکەوتووە لەسەر خراپ بوونی تەواوەتی بەهۆی مانەوەی ماوەیەکی زۆر لەئاودا.

(د. مۆریس) یادمان دەخاتەوە لەم چەند دێڕەی‌دا کە دەڵێت: (ئەنجامە پزیشکی‌یە ڕاستەقینەکان دەرکەوتن بۆ پاڵپشت کردنی گریمانەکەی سەرەوە، ئەوەبوو لە ساڵی (1975)دا لە قاهیرە پارچەیەکی بچووك لە شانەی ماسولکەی لاشەکە لێکرایەوە بۆ توێژینەوە کە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (Michfl Durigon) بوو, و توێژینەوەووردبینی‌یەکە مانەوە و پاراستنی هەموو پێکهاتە توێکاری‌یە بچووکەکانی ماسولکەکەی

دەرخست, ئەم ڕاستی‌یە ئاماژەدان بوو بەوەی کە نموونەی ئەم جۆرە پاراستنە ناگونجێت ئەگەر لاشەکە مابێتەوە لە ناو ئاوەکەدا, و هەروەها مانەوەی لە دەرەوەی ئاویش بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پێش ئەوەی کاری مۆمیا کردنی بۆ کرابێت، و لەوە زیاتر کارمان کردووە و گرنگیمان داوە بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هۆکارەکانی مردنی فیرعەون.

چەند توێژینەوەیەکی پزیشکی ڕێپێدراو بۆ مۆمیاکە کرا بە یارمەتی (Ceccaldi)کە بەڕێوەبەری تاقیگەی ناسنامەی یاسایی‌یە (مختبر الهوية القضائية)یە لە پاریس، و پرۆفیسۆر (Durigon) ڕێی پێدراین بە بەدوادا چوون بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی هۆکارێك بۆ مردنێکی زۆر خێرا بۆی, ئەویش بەهۆی چەند پیاکێشانێك و برینداریی ئێسکی و مۆخی بووە, کە بووە هۆی بۆشایی‌یەکی گەورە لە بەشی لاتەنیشت و دواوەوەی مێشك, هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە ڕوونی دەکەنەوە و یەکدەنگن لەگەڵ چیرۆکەکانی کتێبە پیرۆزەکان کە ئاماژە دەکەن بۆ مردنی فیرعەون کاتێك کە شەپۆلی ئاوەکە دایەوە بەسەریا.

(د. بوکای) ڕووە ئیعجازی‌یە زانستی‌یەکەی ئەم باسە ڕووندەکاتەوە کە دەڵێت: (لەو سەردەمەی کە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە بۆ خەڵکی لە ڕێگەی محمد (ﷺ), لاشەی هەموو ئەو فیرعەونانەی کەوا خەڵکی گومانیان هەبوو لە سەردەمی نوێ‌دا کە ئایە ڕاست بێت یان هەڵە,

کەوا پەیوەندییان هەبێت بە چوونە دەرەوەی (موسا و نەتەوەکەی)، هەموویان نێژرابوون لە (وادي الملوك – دۆڵی پاشاکان) لە (طيبة) لە بەری ئەوبەری کەناری ڕووباری نیل لـەبەردەم شاری (الأقصر)ی ئێستا، لـە سەردەمی پێغەمبەر محمد (ﷺ)دا هەموو شتێك نادیار بوو سەبارەت بەم باسە و هەموو ئەم لاشانە ئاشكرا نەکرابوون تا کۆتایی سەردەمی نۆزدەهەم نەبێت.

لەبەرئەوە لاشەی فیرعەونی سەردەمی موسا کە تا ئێستاش ماوەتەوە وەکو بەڵگەیەك بە بەرچاوەوە کە شایەتییەکی بەرجەستەیە لەلاشەیەکی مۆمیاکراودا بۆ کەسێك کـە موسا (عليه السلام)ی نـاسیوە، و دژی داواکارییەکانی وەستاوەتەوە، و دەری کردووە و ڕاوی ناوە، و لـە کاتی ڕاونانەکەدا مردووە، و خوای گەورە لاشەکەی پاراستووە لە لەناوچوونی تەواوەتی تاوەکو ببێتە بەڵگەیەك بۆ خەڵکی.

هەروەك قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکردووە، و ئەم زانیارییە مێژووییە سەبارەت بە چارەنووسی لاشەی فیرعەون لەژێری هیچ کەسێکدا نەبووە نە لەکاتی دابەزینی قورئاندا و نە لەدوای دابەزینی بە چەند سەدان ساڵێکی زۆر، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا ڕوون کراوەتەوە لە پتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر.


بسم الله الرحمن الرحيم
﴿وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ (٤٥) النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ (٤٦)﴾
[سورة غافر: ٤٤ – ٤٦]
أي أنهم يعرضون على النار في القبور صباحاً ومساءً للتنكيل بهم ومطالعة ما سيمسهم من العذاب حتى تقوم الساعة فيؤمر بملائكة العذاب أن تقذفهم إلى أشد درجات جهنم عذاباً ونكالاً
آل فرعون: العذاب في الصباح والمساء
جثث لموميـاوات لفـراعنة أخرجت من القبور وتبدو عليها آثار الفزع الشديد والرعب والألم. إن العقيدة الإسلامية تقطع بأن آل فرعون يعرضون وهم في قبورهم على النار كل يوم مرتين: مرة في الصباح ومرة في المساء، فإذا قامت القيامة دخل آل فرعون أشد النواع النيران تنكيلا...

## لێکۆڵینەوەیەکی نوێی پزیشکیی دەروونی لە (هۆڵەندا)

( خوێندنەوەی ... نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات )

لێکۆڵینەوەیەکی نوێی پزیشکیی دەروونی ...

بەو ناونیشانەی سەرەوە ووتارێك لە ڕۆژنامەی (البيان)ی ئیماراتیدا بە پێنووسی (سعید السبکی) لە ڕۆژی (2002/3/17)دا بڵاو کراوەتەوە، لە ووتارەکەدا هاتوە:

لە تازەترین لێکۆڵینەوەی بواری پزیشکی دەروونیدا لە نەخۆشخانەی ئەکادیمی لە پایتەختی هۆڵەندا (ئەمستردام) توێژەری هۆڵەندی (پرۆفیسۆر ڤان دیر هۆفین) ئەوەی سەلماند کە خوێندنەوەی قورئان، بە تایبەت پیتی (هـ) لە ووشەی (الله)دا، قورسترین نەخۆشییە دەرونییەکان چارەسەر دەکات و دەبێتە هۆی هێورکردنەوەی بیر و مێشکی مرۆڤ.

لە بڕگەیەکی تایبەتیدا دەربارەی ووشەی (الله) توێژەر دەڵێت:

ووشەی (الله) بە هەر پێنج پیتەکەیەوە کاریگەریی سەرسوڕهێنەری هەیە، بە ڕاددەیەك کە بە چەندین قۆناغ بەرزتر لە ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤەوەیە.... لەکاتی گۆکردنی پیتی ئەلفی عەرەبی (کە وێکچوی یەکەمین پیتی هۆڵەندییە -A-)، ئەم پیتە لە شوێنێکەوە دەردەچێت کە لەسەروو ناوچەی سنگەوەیە، ئەمە سەرەتای ڕاهێنانێکە کە کرداری هەناسەدان ڕێکدەخات، پاشان پیتی (ل) دێت کە لەکاتی گۆکردنیدا بەشی سەرەوەی شەویلگەی مرۆڤ لەسەر بەشی پێشەوەی زمان دەبێت، ئەمەش وادەکات وەستانێکی ساتی دروست ببێت لە گواستنەوە بۆ پیتەکەی دواتر.

ئەمەش بە جێگای پشوویەك دەبێت کە کەسەکە ئامادە دەکات بۆ گۆکردنی بەهێزترین و پوخت ترین پیتەکان کە ئەویش پیتی (ه)یە (کە لێکچوونێکی گەورەمان دۆزیوەتەوە لەنێوان ئەم پیتە و پیتی (H)ی هۆڵەندیدا)، ئەمەش ئەو پیتەیە کە سییەکانی مرۆڤ بەدڵەوە دەبەستێتەوە و لێدانەکانی ڕێك دەخات، توێژەر ئەم بڕگەیەی توێژینەوەکەی بەوە کۆتایی پێهێناوە کە دووپات کردنەوەی ووشەی (الله) بە ژمارەیەك لەنێوان (10- 100) جار و بە پێی توانا، دەبێتە هۆکارێکی هێور بوونەوەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەروونی و دەماری هاتوون.

هەروەها دەڵێت ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند ساڵێکی خایاندووە تا گەیشتووەتە ئەم ئە نجامە.

سەرچاوە: ئینتەرنێت.

ئامادەکردنی: پەیام محمد/ سلێمانی




بسم الله الرحمن الرحیم

**﴿ وَالسَّماءِ ذاتِ الرَّجْعِ ﴾ (الطارق/11)**

ئەم ئایەتە کە لە ناوەڕاستی سوورەتی (الطارق)دا دێت، یەکێکە لەو ئایەتانەی کە خوای گەورە سوێندی تیادا دەخوات, و سوێند خواردن لە قورئانی پیرۆزدا ئاگاداری‌یە, بۆ دەرخستنی گرنگی ئەو شتەی سوێندی پێخوراوە، چونکە خوای گەورە پێویستی بەوە نی‌یە کە سوێند بۆ بەندەکانی بخوات.

لێرەدا سوێند خواردنەکە بە ئاسمانە، و بەتایبەتی یەکێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی کە ئەویش بریتی‌یە لە (توانای گێڕانەوە- ذات الرجع)، لەبەرئەوە زۆربەی زانا موفەسیرە کۆنەکان ئەم تایبەتمەندی‌یەیان بۆ باران گێراوەتەوە, لەبەرئەوەی لە کردارێکی بەردەوامی بوون بەهەڵم و خەست بوونەوە و باران باریندا دووبارە دەبێتەوە, لەگەڵ ئەوەی ئەم بۆچوونە ڕاستە، بەڵام پرسیارێك هەر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە: ئەگەر مەبەست تەنها باران بووایە، ئەی بۆچی خوای گەورە ووشەی (رجع)ی لەباتی مطر (باران) بەکار هێناوە؟

وا دەردەکەوێت (والله أعلم) کە ووشەی (رجع) نیشانە و بەڵگەی کاری گرنگترە, و بەتەنها باران بارین ناگرێتەوە، چونکە لە واتاکانی (رجع) گێڕانەوەیە، واتە یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندی ئاسمان بریتی‌یە لە توانای گەڕاندنەوەی ئەو شتانە کە بەرەو ڕووی دەڕوات، جا ئەگەر ئەو شتە لە زەوی‌یەوە بەرەو ڕووی بڕوات یان لە بۆشایی ئاسمانی سەروو خۆی بۆی بڕوات دەیگەڕێنێتەوە و بەرەو سەرچاوەکەی کە لێوەی هاتووە دەیگێڕێتەوە.

**ووشەی ( رجع ) لە قورئانی پیرۆزدا :**

ووشەی (رجع) لەگەڵ هاوشێوەکانی لە قورئاندا (104) جار هاتووە، لەم شێوانەدا: (رجع، رجعتم، رجعنا، رجعناك... مرجعكم، مرجعهم), بەڵام لە شێوەی (رجع) تەنها سێ جار هاتووە، بەم شێوەیە:

1- ﴿أئِذَا مِتنَا وَكُنّا تُرَاباً ذَلِكَ رَجعٌ بَعِيد﴾ (ق/3).

2- ﴿إنَّهُ عَلَى رَجعِهِ لَقَادِر﴾ (الطارق/8).

3- ﴿وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجعِ﴾ (الطارق/11).

**ووشەی ( السماء ) لە قورئانی پیرۆزدا :**

ووشەی (السماء) لە قورئاندا (310) جار هاتووە, (120) جاری بە تاك، و (190) جار بە کۆ (السماوات), کاتێك کە بەشێوەی کۆ دێت ئاماژەیە بۆ دەوروبەری زەوی لە دروستکراوە -کانی تر تا (گەردوون) بەگشتی، بەڵام کاتێك بە تاك دێت دەبێت بە دوو بەشەوە:

أ) (38) جاریان ئاماژەیە بە بەرگە گازی زەوی بە هەورەکانی و باکانی و بارانەکانی و... هتد.

ب) (82) جاریان ئاماژە بە ئاسمانی دونیا بەزۆری, و جاروباریش بە گەردوون.

جا لێرەدا ئایەتی (وَالسَّماءِ ذَاتِ الرَّجعِ), ئایا ئاسمانی هەموو دونیا بە ئەستێرەکان و کلکدارەکان و هەسارەکان

دەگرێتەوە؟ یان مەبەستی پێی تەنها ئاسمانی زەوییە، کە پشتێنەی هەور و با و بارانە؟

* ئەگەر مەبەست پێی ئاسمانی هەموو دونیا بێت کە خوای گەورە ڕازاندوویەتییەوە بە ئەستێرەکان، ئەوا زانستی فەلەك بۆی سەلماندووین کە هەموو ئەستێرە و کلکدار و هەسارەکان و... هتد, لە دووکەڵی گەردوونی (الدخان الكوني) دروست بوون, کە لە ئەنجامی تەقینەوە گەورەکەوە پەیدابووە کە قورئان ناوی دەنێ بە (الفتق).

هەموو ئەستێرەکانی گەردوون بە سوڕێکی ژیاندا تێپەڕ دەبن کە بە گەڕانەوەیان بۆ دووکەڵی گەردوونی دەبێت, لە ڕێگەی تەقینەوە و پەرت بوونەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماددە سەرەتاییەکەی خۆیان بۆ ئەوەی جارێکی تر لەو کەرەستە سەرەتاییە ئەستێرەی تر دروست ببێ, لەخولێکی بەردەوامدا لە ئاڵوگۆڕکی نێوان ووزە و ماددە لە نێوان ئەستێرەکان و ئاسمان و دووکەڵەکەیدا, ئەمەش جوانترین و سەرنج ڕاکێشترین وێنەیە لە وێنەکانی (رجع) و گەڕاندنەوە، زاناکان ئەمەیان نەدەزانی تاوەکو سووڕی ژیانی ئەستێرەکانیان لە سالانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا دۆزییەوە.



گەڕانەوەی ئاوی زەوی بۆی لەڕێی سووڕی ئاوەوە

* گەر مەبەستیش پێی ئاسمانی زەوی بێت ئەوا دەتوانین بەم شێوەیە ڕوونی بکەینەوە، بۆ ئەوەی لەو سیفەتەی زەوی کە (رجع)ە تێبگەین، دەبێت هەندێ زانیاریمان لەبارەی زەوییەوە هەبێ:

ئاسمانی زەوی (**Atmosphere**) لە (**21%**)ی ئۆکسجین و (**78%**)ی نایترۆجین پێکدێت، کە پشتێنەیەکی دروست کردووە ، و دەتوانین بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەشی بکەین:

### 1- پشتێنەی (Troposphere):

کە ناوچەی گۆڕانکارییە کەش و هەواییەکانە، و (16کم) لە هێڵی ئیستوا و نزیکەی (10کم) لە سەروو جەمسەرەکانی زەوییەوە دەبێت، پلەی گەرما بە بەردەوامی بەرەو سەرەوە تیایدا نزم دەبێتەوە، تا دەگاتە ($60^o$) لەژێر سفردا.

### 2- پشتێنەی (Stratosphere):

کە لە پشتێنەی یەکەمەوە دەست پێدەکات تا نزیکی (50کم)، و پلەی گەرما تیایدا بەرزدەبێتەوە لە ($60^o$)ی ژێر سفرەوە لە بنکەکەیدا تا (سفر)ی سەدی لە کۆتاییەکەیدا.

### 3- پشتێنەی (Mesosphere):

کە لە پشتێنەی دووەمەوە دەست پێدەکات تا بەرزی (80کم)، و پلەی گەرما جارێکی تر تیایدا نزم دەبێتەوە تا دەگاتە ($120^o$)ی ژێر سفر.

### 4- پشتێنەی (Thermosphere):

کە لە (80کم تا نزیکەی 600کم) دەبێت، و بە بەردەوامی لە بنکەکەیەوە کە (80کم) بەرزە پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ($500^o$)ی پلەی سەدی، و لە بەشێك لەم پشتێنەدا (لە بەرزی 100کم–400کم) بوون بە ئایۆنی گازی دروست دەبێت، واتە (بارگەی کارەبایی وەردەگرێ) بەهۆی تیشکی سەروو وەنەوشەیی و تیشکی سینییەوە کە لە خۆرەوە دێت, بۆیە بەم پشتێنەش دەووترێ (**Ionosphere**).

### 5- پشتێنەکانی (Radiation belts):

کە بریتین لە دوو جووت پشتێنەی شێوە (دەمەداس- هلال) کە لە هێڵی ئیستیوادا ئەستوورن و لە نزیك جەمسەرەکانەوە باریك دەبنەوە, و بەرزیی پشتێنەی یەکەمیان (3200کم), و دووەم و دەرەکییە- کەیان (25000کم) دەبێت.

ئێستاش پاش ئەو زانیاری‌یانەی دەربارەی پشتێنەکانی سەروومان بۆمان ڕوون بووەوە، دێین دەربارەی شێوەکانی (رجع) لە خوارەوە دەدوێین:

### 1- گەڕاندنەوەی لەرەی هەوا (دەنگ و دەنگ دانەوە) - (الرجع الإهتزازي):


هەورەکان هۆکارێکی گەڕێنەرەوەی ئاسمانن

ئەم سیفەتە بەهۆی پێکهاتەی پشتێنەی یەکەم لە هەڵمی ئاو و ئۆکسجین و نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆزۆن و هەندێ تۆز و کەمێك لە ئارگۆن و هیلیۆم دروست دەبێ، کە زۆر گرنگن بۆ گەڕاندنەوەی شەپۆلە دەنگی‌یەکان، چونکە کاتێك مرۆڤ قسە دەکات دەنگە ژێ‌یەکانی دەست دەکەن بە لەرینەوە، کە ئەمەش پاڵەپەستۆ لە هەوادا دروست دەکات، و لەشێوەی شەپۆل دەجووڵێت بە هەموو لاکاندا، و گوێش ئەم شەپۆلانە وەردەگرێ و گوێمان لە بەرامبەرەکەمان دەبێت.

ئەگەر ئەم سیفەتەی پشتێنەی یەکەم نەبووایە کەس گوێی لە کەس نەدەبوو.

ئەوەی شایانی باسە دەنگ لە بۆشایی‌دا ناگوێزرێتەوە، بەڵکو دەبێ ناوەندێك هەبێت وەك هەوا کە خێرایی گواستنەوەی شەپۆلە دەنگی‌یەکان تیایدا دەگاتە (1200کم) لەیەك کاتژمێردا لە ئاستی ڕووی دەریادا، و ئەم خێرایی‌یە زیاد دەکات بەزیاد بوونی چڕیی ناوەندی گوێزەرەوە، بۆیە لەناو ئاودا خێرایی گواستنەوەی شەپۆلە دەنگی‌یەکان چوار جار زیاد دەکات، بەڵام لە چینە بەرزەکانی ئاسمان کەم دەبێتەوە تا ئەوکاتەی کەشتیوانەکانی ئاسمان شەپۆلە رادیۆیی‌یەکان بەکار دەهێنن لەنێوان یەکدا بۆ تێگەیشتن لە یەکتر.

### 2- گەڕاندنەوەی ئاویی (الرجع المائي):

ئاو نزیکەی (71٪)ی سەر گۆی زەوی گرتووە، کە بڕەکەی (1.36 ملیار کیلۆمەتر سێجایە، کە لەو بڕە (97.2٪)ی لە دەریا و دەریاچەکاندایە، و (2.15٪)ی بە شێوەی بەفرە لە جەمسەرەکان و سەر شاخەکاندا، و (0.65٪)ی لە جۆگە و ڕووبارەکاندایە، هەروەها لەژێر زەویشدا.

ئەم ئاوە بەهۆی بەهەڵم بوونەوە بەرز دەبێتەوە تا لە بەشەکانی سەرەوەدا چڕدەبێتەوە، و جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی بەشێوەی باران و بەم شێوەیە لەم جووڵەیەدا دەبێ بە بەردەوامی، ئاوی سەر زەوی ساڵانە (380000 کم3)ی لێ‌دەبێت بەهەڵم کە زۆربەی لەسەر ڕووی دەریا و دەریاچەکانەوە (بەنزیکی 320000 کم3) دەبێت، و ئەوەی تری (60000 کم3) لەسەر ڕووی ووشکانی واتە (ڕووبار و جۆگە و... هتد)وە دەبێت.

بەڵام ئاوی باران لەسەر دەریا و دەریاچەکان بە ڕێژەی (284000 کم3) و لەسەر ووشکانی (96000 کم3) دەبارێت لەساڵێکدا لە خولگەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەردا، ئەو بڕەی کە دەبێ بەهەڵم لەسەر ڕووی دەریا و دەریاچەکان زیاترە لەو بڕە بارانەی کە لەسەری دەبارێ، و ئەو بڕە بارانەی کە لەسەر ووشکانی دەبارێ زۆرترە لەو بڕەی کە دەبێ بەهەڵم لەسەری، و بڕی جیاوازی‌یەکە بە تەواوی یەکسانە و دەگاتە (380000 کم3)، ئەو ئاوەی لە ڕووبار و جۆگەکانی بەشە ووشکانی‌یەکەیە و دەچێتەوە ناو دەریا و دەریاچەکان وا دەکات ئاوی







دەریا و دەریاچەکـــان لـــە ئاستێکی جێگیـــردا بهێڵێتـــەوە, ئەگـــەر ئـــەم سووڕی ئـــاوە نەبووایـــە ئەوا هەموو ئاوەکان بۆگـــەنیان دەکرد, و لە ڕۆژدا ســـەر زەوی تووشی گـــەرمی‌یـــەکی زۆر و بـــە شـــەویش تـــووشی سەرمایەکی زۆر دەبوو.

### 3 – گەڕاندنەوەی گەرمی بۆ زەوی و لە زەوییەوە بۆ ئاسمان:

لـــە تیشکی خـــۆرەوە هـــەمـــوو چرکەیـــەك بڕێکی زۆری ووزە دەگاتە سەر ڕووی زەوی, کە پشتێنەی گازی زەوی وەك قەڵغانێك دەمانپارێزێ لە گەرمی‌یەکـەی لەڕۆژدا, و لەشەویشدا بەرگە گازی‌یەکە ئەو بڕەی گەیشتۆتە سەر زەوی دەپـارێزی لە بڵاوبوونەوە و چوونە دەرەوەی.

لەو تیشکـانەی کـە دەگەنە سەر ڕووی زەوی (53٪)یـان دەگەڕێنەوە بەهۆی ئەو پشتێنە گازییەوە، و بەرد و خاکی زەویش (47٪)ی هەڵدەمژێ، ئەگەر ئەو گەڕانەوەیـەی گـەرمی‌یە (الرجـع الحـراري) نـەبووایە، ئـەوا تیشکی خۆر هەموو جۆرەکانی ژیانی لـەسەر ڕووی زەوی‌دا نەدەهێشت، هەروەهـا ئـەو هـەورەی کـە گەرمی هـاوینمان لـە ڕۆژدا بۆ دەگێڕێتەوە ئـەوا تـەنها بـە ئـاوابوونی خۆر گەرمی‌یەکەمان دەداتەوە.

هەروەهـا لەبەرئەوەی بەردەکانی سەر ڕووی زەوی گـەرم دەبێ بەهۆی خـــۆرەوە و (47٪)ی تیشـکـەکـەی هەڵدەمـژێ, و پلەی گەرماکەی دەگاتە

(15°) پلـەی سەدی، ئەویش تەنها بە ئاوابوونی خـۆر دەست دەکاتەوە بە گەڕاندنەوەی ئـەو گەرمیـیە لەشێوەی شەپۆلی ژێرسووردایە، وبەمەش سەر ڕووی زەوی لەبەستن دەپارێزێت.

### 4 – گەڕاندنەوەی گازەکان و هەڵم و تۆز کە لەزەوییەوە بەرز دەبێتەوە:

کاتێك بورکـانەکان هەڵدەچـن بە ملیۆنەها تەن لـە گـاز و تۆز و هەڵم بەرزدەبنـەوە بۆ ئـاسمان, و بەهۆی باوە دەگوازرێنەوە، کە ئەویش بەهۆی جیاوازی پـاڵەپەستۆوە و هـەروەها بەهۆی جووڵەی زەوی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەلاَت دروسـت دەبێ، بەخێرایی (20–30کم) لـە کاژێرێکدا، بـەلاَم کـە ئـەم بـایـە دەگـاتە سـەر ووشکـانی و بەتایبەتی کاتێك دەگاتە بەر بەربەستەکانی وەك شاخەکان ئەوا بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان و خێراییـیە ئاسۆییەکەی کەم دەبێتەوە.

لەبەرئـەوەی پاڵـەپـەستۆ بەرەو سەرەوە کـەم دەبێتـەوە، ئـەو بایە توانای هەڵگرتنی ئەو تۆز و هەڵم و گازانـەی نـامێنی و جارێکی تـر دەگەڕێتـەوە بۆ سەر زەوی لە دابەش کردنێکی جوانی پـەروەردگاردا, کە لـەم کـردارەدا هێزی کێشی زەوی بەشداری دەکـات و یاریدەدەرە.

### 5 – گەڕاندنەوەی تیشکی سەروو وەنەوشەیی بەهۆی چینی ئۆزۆنەوە:

چـینی ئـۆزۆن لــە پشتێنـەی (Stratosphere) دەست دەکـات بە هـەڵمژین و گـۆڕینی تیشکی سـەروو وەنەوشەیی کە لە خۆرەوە بۆمان دێت بـەهۆی گـەردەکـانی ئۆزۆنـەوە، و بـەشێکی زۆربـاشی لێدەگێڕێتـەوە لەو پشتێنەیەدا.

### 6– گەڕاندنەوەی شەپۆلەکانی ڕادیۆ بەهۆی پشتێنەی (Ionosphere):

لـەنێوان (100–400کم) لـەسەر ئاستی دەریـاوە, بـەهۆی تیشکی خۆرەوە لـەم پشتێنەدا پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە، کە ئەمیش دەبێتە هۆی بـە ئـایـۆن بـوون، و لەبەرئـەوەی ئـەلیکترۆنی بـەرەڵلاَ بـلاَوە لــەم پشتێنەدا لەبەرئەوە دەست دەکات بە گێڕانەوەی شەپۆلە ڕادیۆییەکان (کە شـەپۆلی درێژن), و دەیـگـێڕێتـەوە بـۆ زەوی، و بـەمـەش کـرداری پـەخشی ڕادیـۆ و پـەیوەندییەکان دروست دەبێ.

### 7– گەڕاندنەوەی تیشکی (گەردوونی) بەهۆی پشتێنەکانی (Radiation belts) و پشتێنەی موگناتیسی زەوی:

زەوی بەرەنگاری گورزێك تیشکی گەردوونی دەبێت, کـە ئـەو دوو پشتێنـەی سەرەوە دیانگـێڕنـەوە و هیچی ناگـەنە سەر زەوی، بـەلاَم دەبنـە هـۆی دروست بوونی تیشکی تر کـە هەندێکیان دەگـەنە سـەر




پشتێنەکانی تیشکداری زەوی کە مرۆڤ لە تیشکی گەردوونی دەپارێزن
(Radiation belts)



زەوی، و دەبێتــــە هــۆی دروســت بــوونی دیـــــاردەی ڕوونـــــــاك كردنەوە لــــە شــەودا، وەك دیاردەی (الفجر القطبي).

ئێستــا دەزانیـــن زەوی چـــۆن پارێزراوە لــەو تیشكە زەرەرمەندانە بەهۆی سیفەتی گەڕاندنەوەی زەوی؟ دە تۆش ئــەو سیفەتــە بەكــار بهێنە و پــــەشیــمـــانی خـــۆت دەربـــڕە و بگەڕێرەوە بۆلای خودا.

## سەرچاوە :

لـە تۆڕی ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە/ پێگـــەی: (الهیئـة العالمیـة للإعجـاز العـلـمـي في القـــرآن والســنة– مكة المكرمـة )/ بـــابەتێكە بۆ بەڕێز (دكتور زغلــول النجـــار)ی بلاْوكــردۆتـــەوە، بە هەندێك دەستكاری كەمەوە.

✍✍✍

# سوودە فیزیایی وتەندروستییەكانی نوێژ كردن

ئامادەكردنی: بەدریە سعید/ بەكالۆریۆسی فیزیا

## پێشەكی:

مرۆڤی موسوڵمان بەر لەوەی بیر لە سوود و گرنگییەكانی پەرستشێكی دیاری كراو بكاتەوە بۆ خودی خۆی و ژیانی دونیای، تەنها بەوەی فەرمانێكی خوای میهرەبانە وابەستەی دەبێت... ئیماندار دڵنیایە لە پڕحیكمەت بوونی فەرمانەكانی پەروەردگار.

نوێژ كە یەكێكە لە پەرستشەكان، ناكرێت گرنگی و بەها و سوود و حیكمەتەكانی لەوەدا كورت بكرێتەوە كە وەرزشێكە، پاك وخاوێنی و پەیوەست بوونێكی دونیاییە، یاخود هەر مەسەلە و بابەتێكی تری لەو شێوەیەیە بە تەنها، چونكە بەڕاستی ئەگەر بایەخی نوێژكردن تەنها لەوەدا ببینرێت، ئەوا زۆر جێگرەوەی لەوە باشتر هەن، بەڵام بەر لە هەموو شت كە فەرمانێكی خواییە و پاشانیش پڕیەتی لە حیكمەتی سەرسوڕهێنەر كە كۆی هەموو ئەو خاڵانەیە دەربارەی نوێژ باسیان لێوە كراوە و دەكرێت.

لەگەڵ ئەمەشدا سەیر نییە بۆ زیاتر جوان و خۆشەویست كردنی فەرمانەكە و ناسینی حیكمەت و تەنها سوود وویستن بۆ بەندەكانی خوای دلۆڤان، وورد ببینەوە و بكۆڵینەوە و لە ڕووە جیاجیاكانەوە توێژینەوە دەربارەی پەرستشەكان بكرێت، ئەم بابەتەش لێكۆڵینەوەیە لە جووڵەكانی نوێژ لە ڕوویەكی تری تایبەتەوە.

## جەمكردنی بینین لە جێگای سوژدەدا:

پیربوونی بینایی بە یەكێك لەو حاڵەتە نەخۆشییانە دادەنرێت كە تووشی چاوی مرۆڤ دێت، و تیایدا ماسولكەی دەوری هاوێنەی چاو (چێوە ماسولكەی هاوێنە) توانای كرژبوون و كشانی نامێنێت و مرونەتی لەدەست دەدات.

كاتێك كەسێكی ئاسایی دەڕوانێتە ئامانجێكی دوور، چێوە ماسولكەی هاوێنە لە دۆخی كشاندا دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر ڕووتەخت بوونی شێوەی هاوێنە و تاڕادەیەك تەنك بوونی... كاتێكیش بە شێوەیەكی كوتوپڕ بینین لە ئامانجە دوورەكەوە بۆ ئامانجێكی نزیك دەگۆڕێت ئەوا چێوە ماسولكەی هاوێنە دێتەوە یەك و دەبێتە هۆی قۆقز بوونی هاوێنە و ئەستوور بوونی... (وەك لە وێنەی -1- دا دیارە).

كە مرۆڤ تووشی پیرێتی بینایی دەبێت ئیتر ئەم داینامیكییەتە لە چاوەكانیدا لەدەست دەدات، بەڵام لە نوێژدا كرژبوونی ماسولكەكانی دەوری هاوێنە بە شێوەیەكی خۆ وویست و كارا دەبێت، نوێژخوێن فەرمانی پێدراوە كە لەكاتی نوێژدا چاو نەگێڕێت و سەیری دەوروبەری نەكات، بەڵكو تەنها بڕوانێتە زەوی بەردەمی (جێگای سوژدەكەی)، لەو ڕوانینەدا ماسولكەكانی دەوری هاوێنە ڕاهێنان دەكەن بۆ گوێزانەوەی ڕوانینەكان لە دوورەوە بۆ نزیك، كە نوێژخوێن لە كاتی نوێژدا بەپێوە دەبێت، دووریی نێوان چاوی و



وێنەی (1)

جێگای سوژدەکــەی بەنزیکی بە دوو مەتر دادەنرێت، لــەکاتی ڕوکوعدا بە پلەبەندی دووری‌یەکــە کەمدەکات بۆ نزیکــەی یــەك مەتر, و لـــە کـــاتی هەستانـــەوە و ڕێك ڕاوەستانی دوای ڕکــوعدا دووری‌یەکــە جــارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ دوومەتر، لەدوای ئەوە بە پلــەبەندی کــەمدەکــات تــاکو لە کۆتــایی‌دا دەبێتــە سفر ئەویش لــە چوونە سوژدەدا, پاشان دووری‌یەکە لە سفرەوە زیاد دەکاتەوە بۆ سنووری سێ‌چــارەکــە مــەترێك لــە کـــاتی هەستانەوە لــە سوژدەی یەکەم، و بەو جۆرە. (**وەك لە وێنەی** -2-دا).

تێبینی کــراوە ئـــەم گـــۆڕانە یەکبینەیە لــە دوور و نزیك کەوتنەوە لەئامانجەکــە (جێگای سوژدەکە) لــە چاوەکانەوە و بە گۆشە جیاوازەکان و



وێنەی ( 2 )

بە پلەبەندی، بەو مانایەیە کــە چێوە ماسولکەی هاوێنە بە شێوەیەکی خۆ وویستی یــەکبینــە دەکشێن و کــرژ دەبن بە درێژایی مـــاوەی نوێژەکــە, بۆیە هـــاوێنەی چـــاو بە شێوەیــەکی یەکبینە قۆقز دەبن و تەخت دەبنەوە، ئەمەش دەیان جـــار لـــــە ڕۆژێکدا دووپات دەبێتەوە.

بەم جۆرە نوێژ خوێنی پەیوەست بە مــەرجەکـــانی نـــوێــژەوە، بەدوور دەبێت لــە نەخۆشی پیربوونی بینایی و هـــاوێنە، و مـــاسولکەکانی دەوری هـــاوێنەی چـــاوی بەدرێژایی ژیـانی چالاك دەبن و مرونەتیان دەبێت.

## بـاری دروستی ڕکوع :

پزیشکەکان دووپاتی دەکەنەوە کە زۆرتـــرینی خـــلیسکـــان و خـــزینی بڕبڕەکانی پشت کــە ڕوودەدەن تەنها لە ناوچەی کەلەکــەدا دەبێت, کە لە پێنج بڕبڕەی ناپــەیوەست بەئێسکی ترەوە پێکهاتـــووە، وەك بڕبڕەکـانی سنـــگ نیـــن کــــە لـکـــاون بـــە پەراسووەکـــانـــەوە و هێز و پتـــەوی زیاتریان پێ‌بەخشیون. (**وێنەی** 3).

بڕبڕەکـــــانی کـــەلـــەکـــە بەرەنگـــاری زۆرینـــەی کێشی لاشــە و ئــەو هێزەی دەخرێتە ســەری دەکـــات، لەبـــەر ئەوە پێویستە ئەم ناوچەیە لە کاتی جـــووڵەکـــــان و دانیشتـــن و هــەســتـــان و هـــەڵگــرتـنــی قورسایی‌یەکاندا بە شێوەیەکی زانستـــی مـــامــەڵــەی لەگــەڵ بکرێت, بڕبڕەی پشت لە حەوت بڕبــڕەی مــل و دوانــزە بڕبڕەی سنـــگ و پێنج بڕبــڕەی سێ بەندە لەگــەڵ چوار بڕبڕەی کلێنچکە پێکهاتووە, لە نێوان هەردوو بڕبڕەی تــەنیشت یـــەکی بڕبڕەکـــانی پشتدا بڕەتـــەن هەیـە کــە ڕێ لە لێکخشانی بڕبڕەکان دەگرێت لەگەڵ یەکتریدا, و وا دەکات بڕبڕەی پشت نەرم و نیان و بەهێز بێت، کاتێك مرۆڤ جوڵەیەکی کوتوپڕ دەکـــات یـــان کێشێکی زیاد هەڵدەگرێت ئەوا یـــەکێك لــە کرکڕاگە سەرینی‌یەکـــانی نـــاوچەی کەلـــەکە تووشی پەستـــانێکی گەورەی کوتوپڕ دەبێتەوە, کـــە دەبێتە هۆی کوتران و چاڵبوونی کرکـــڕاگــەکە و دەرچوونی ماددەکەی بۆ دەرەوەی خۆی، ئەمەش هۆکاری تووشبـــوونـــە بە حـــاڵەتێکی نـــەخـــۆشی کـــــە پزیشکـــەکـــان بـــە خـــلیسکـــانی کـــرکـــڕاگـــەیی ناوی دەبەن.

پێـــویستـــە لـــەکـــاتی ڕۆیشتـــن و دانیشتـــن و ڕکوع و ســـوژدە و جـــووڵە و هەڵگرتنی قورسایی‌یەکاندا دڵنیایی لەسەر ڕێکیی بڕبڕە بکرێت, بڕبڕەکان




وێنەی ( 3 )

بە شێوەیـــەکی ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبن لەگەڵ جووڵەی کوتوپڕ و هەڵەی ئـــەندامـــەکـــان لـــــە هـــــەڵگرتنی قورسایی‌یەکان بـــە شێوەیەکی هەڵە, بە تایبەت ئەگەر کەسەکە مومارەسەی چـــالاکی وەرزشی نەکـــات یـــان وەك پێـــویست نـــوێژ نـــەکـــات, نـــوێژ کاریگـــەریی تـــەواوی هـــەیە لەسەر بەهێزکردن و مرونەت پێدانی بڕبڕەی

پشت و بڕبڕەکانی کەلەکە و کرکڕاگەکانی، تاکو مرۆڤەکە بتوانێت بەرەنگاریی و بەرگریی جووڵە کوتوپڕەکان و هەڵگرتنی قورساییەکان بکات بە هێز و جێگیر بوونێکی بێوێنەوە.

(وێنەی 4) دوو باری جیاوازی ڕوکوع دەردەخات لە نوێژدا، باری یەکەم ڕوکوعێکی گونجاو لەگەڵ مەرجەکانی نوێژی کامڵ دەنوێنێت، لە باری یەکەمدا جێگای پێیەکان لەسەر زەوی دوو هێڵی تەریب بە یەکتر دەنوێنن، کە تیایدا پێویست بە هێز و ووزەیەك دەبێت بۆ کرژبوونی ماسولکەکانی کلۆت و خستنەکاری بەشێوەیەکی خۆ وویست کە ئەمیش چالاکی و زیادەیەك لە سووڕی خوێن تیایدا دروست دەکات، بەلام لە باری دووەمدا کرژبوونی ئەو ماسولکانە



وێنەی ( 4 )

ڕوونادات، چونکە دانانی پێیەکان لەسەر زەوی بە گۆشەیەکی تیژە و تەریب نین بەیەکتری، کە لەم بارەدا هیچ ووزە و توانایەك بۆ ئەم وەستانە سەرف نابێت، بە بەراوردێکی فیزیایی و تەندروستی ئەم، دووبارە دەردەکەوێت کە دانانی پێیەکان بە تەریبی لە ڕوکوعێکی دروستدا زۆر باشترە لە بارێکی ناتەریب، ئەمەش بەهۆی ئەو کرژبوون و خاوبوونەوە و چالاکیەوەیە کە لە ناوچەی کلۆتدا ڕوودەدات (لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە کە پەنجەی پێیەکانی لە کاتی نوێژدا هەموویان ڕووە و قیبلە بوون).

هەروەها لە باری یەکەمدا تێبینی دەکرێت کە ئاراستەی پەنجەکانی هەردوو پێ هەمان ئاراستەیان دەبێت و بە ئاراستەی قیبلەن، لە کاتێکدا لەباری دووەمدا ئاراستەی پەنجەکانی پێی ڕاست جیاوازن لە ئاراستەی پەنجەکانی پێی چەپ و گۆشەی (د) لە نێوانیاندا هەیە (**وەك لە وێنەی 4**) دا، کە ئەمەش هاوتای مەرجەکان نین... لە باری یەکەمی ڕوکوعەوە تێبینی دەکرێت کە بڕبڕەی پشت و جومگەی هەردوو ئەژنۆ بەتەواوی ڕێکن کە لەوانەیە لەسەر هەندێك نوێژخوێنان قورس بێت بەمجۆرە دروستە ڕوکوع ببەن (بەهۆی نەبوونی مرونەتی لاشەییان و ئەو ڕەقییەی لە بڕبڕەی پشتیان و جومگەی ئەژنۆیاندا هەیە)، لەبەر ئەوە دەکرێت جگە لە کاتەکانی نوێژ لەبەردەم ئاوێنەی گەورەدا ڕاهێنان بکەن، تاکو چاودێری ڕێك ڕاوەستانی پشت و جومگەی ئەژنۆیان بکەن.

لەڕێی شیکردنەوە فیزیاییە-کانی پێشووەوە دەرکەوتووە کە ڕوکوعی دروست کاریگەریی ئەو پەستانە گەورانە کەمدەکاتەوە کە تووشی بڕبڕەکانی کەلەکە دێت لە کاتی جووڵە و هەڵگرتنی قورسایی-یەکاندا بە شێوەیەکی هەڵە... لە بەرەنجامی دووپاتکردنەوەی ڕوکوعی دروستدا، چەند جارێك لە ڕۆژێکدا، بڕبڕەکانی کەلەکە و کرکڕاگەکانیان مروونەتێکی بەرز دەستدەخەن لە بەرگری ئەگەری توشبوونەکان لەکاتی جووڵە کوتوپڕەکان و هەڵگرتنی قورساییدا... لە ڕوویەکی تریشەوە ناچارکردنی جومگەی ئەژنۆ لە ڕێك ڕاوەستانی دەبێتە هۆی زۆرتر کشان و ڕاکێشرانی ماسولکەکان و بەستەری ناوچەی ئەژنۆ و ڕان، ئەمەش سەرف کردنی ووزە و توانایەکی دەوێت و لە ئاکامدا جومگەی ئەژنۆ مرونەتی زیاتری دەبێت، و چالاك و بەهێزیش دەبێت.

هەروەها لە ڕوکوعی دروستدا (بەو جۆرەی باسکرا) بەرزە کۆڵۆن و نزمە کۆڵۆن (کە بەشێکن لە ڕیخۆڵە ئەستوورە) تووشی ڕاکێشانێکی خۆ وویست دەبن، کە ئەمەش دەبێتە

هۆی زیاد بوونی چالاكی و زیندوویەتی لە شانەكانیدا.

لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە كە لە ڕوكوعدا پشتی ڕێك وتەخت كردووە و بە تەواوی ئارام بووە، سەرباری ئەوەش جومگەی ئەژنۆی ڕاست ڕادەگرت و نەیدەنوشتانەوە و لەپی دەستەكانی دەخستە سەر ئەژنۆكانی و پەنجەی دەستەكانی لە یەكتر جیا دەكردەوە، بەجۆرێك دەستی لەسەر ئەژنۆكانی دادەنا وەك ئەوەی گرتبنی...

حیكمەتێكی بڵاوكردنەوەی پەنجەكان لەسەر ئەژنۆ بریتی‌یە لە دابەشبوونی ئەو هێزەی خراوەتە سەری بەچەند ئاراستەیەكی جیاواز، ئەمەش بۆ پارێزگاری لە سەلامەتیی كلاوەی ئەژنۆ.

## باری دروستی سوژدە لە نوێژدا:

دروست ترین شێوازی سوژدە ئەوەیە كە بڕبڕەی پشت تەواو ڕێك و ڕاست بێت، تاكو كرکراگەكانی بڕبڕەی پشت لەسەر ئەو ڕێكی‌یەی ڕادێت و ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد كردنی هێز و چالاكی و مرونەتی، لە كاتی ئەم سوژدەیەدا بەرزە كۆڵۆن و نزمە كۆڵن بەرەنگاری ڕاكێشان دەبن و ئەمەش چالاكی لە شانەكانی‌دا زیاد دەكات (**وەك لە باری یەكەمی وێنەی (5)دا دیارە**).

لە سوژدەی دروستدا دانانی پەنجەكانی دەستیش بەجۆرێك دەبن كە هەموویان بە ئاراستەی قیبلەبن و تەریب بن بە یەكتری، ئەمەش وورزەیەكی دەوێت بۆ كرژ بوونی




ماسولكەكانی لەپی دەست و دەبێتە هۆیەك بۆ چالاكی و مرونەت و هێزی پەنجە و دەستەكان... هەروەها پەنجەی پێیەكانیش نوشتاوەن و بە ئاراستەی قیبلەن...

## دانیشتنی نێوان سوژدەكان لە نوێژدا:

سەرچاوەكانی فیزیای پزیشكیی دووپاتی دەكەنەوە كە شیكردنەوە-یەكی توێكاری لەسەر هەزار تەرم كراوە، و دەركەوتووە كە سێ‌یەكی تەرمەكان گرفتی جومگەی ئەژنۆیان هەبووە، و سێ‌یەكی تریان هەمان گرفتیان هەبووە لە قوڵگە جومگەیاندا (مفصل الحوض)، لەو حاڵەتی نەخۆشی‌یانەی تووشی جومگەكان دەبێت هەوكردنی جومگەكانە كە بەهۆیەوە زیادی‌یەك لە شلەی پرۆتینی جومگەكەدا دروست دەبێت (**وێنەی ژمارە** 6)، هاوكۆلكەی خلیسكان بەندە لەسەر پلەی لینجێتی شلەكە، چەند لینجێتی شلەكە كەم بێت هاوكۆلكەكە باشتر دەبێت و بە پێچەوانەشەوە، بۆیە كاتێك شلەی پرۆتینی لە جومگەی ئەژنۆدا تووشی فشاری نوشتانەوەی (إجهاد قصي) گەورە دەبێت پلەی لینجی‌یەكەی كەم دەبێتەوە. بەوەش هاوكۆلكەی خلیسكان باش دەبێت و هاوكۆلكەی لێكخشاندنی جومگەی ئەژنۆ كەم دەكات، و جومگەكە زیاتر نەرم و نیان دەبێت ومرونەتی زیاد دەكات.

فیزیاییەكان كە لە بواری پزیشكی‌دا كاردەكەن توانیویانە هاوكۆلكەی لێكخشاندنی جومگەی ئەژنۆی مروڤ پێوانە بكەن، كە دوایی دەركەوتووە كەمترە لە (1٪)، ئەمەش واتە ئەگەر هێزێك كە بڕەكەی (100 پاوەند) بێت و بكەوێتە سەر جومگەی ئەژنۆ ئەوا هێزی تەنها یەك پاوەند بەسە (واتە یەك لە سەدی هێزە كاریگەرەكە) بۆ جووڵاندنی جومگەكە...




بەڕاستی ئەم پلە نایاب و دەگمەنەی هاوكۆلكەی لێكخشاندنی لاواز بە یەكێك لەو سەدان نیشانە ئیعجازی‌یانەی پەروەردگار دەژمێردرێت كە لە لاشەی مرۆڤدا لە جوانترین و باشترین شێوەدا بەدی‌هێنراوە.


وێنەی (8)

لە ڕوانگەی فیزیای پزیشکی‌یەوە تێبینی دەکرێت کە چەندجارە دووبارە کردنەوەی ڕۆژانەی دانیشتنەکان لە نوێژدا لەکاتی خوێندنی (تەحیات)دا، کارێکی گەورە دەکەنە سەر شلەی پڕۆتینی جومگەی ئەژنۆ و باش بوونی هاوکۆلکەی خلیسکان بەڕاددەیەك کە هاوکۆلکەی لێکخشاندن جۆرچاکی خۆی بەدرێژایی تەمەنی کەسەکە دەپارێزێت، و جومگەی ئەژنۆش بە چوستی و بەهێزی دەمێنێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دانیشتنی یەکەم (تەحیات)


وێنەی (7)

خوێندنی‌دا قاچی چەپی تەخت کردووە و بەئارامی لەسەری دانیشتووە، و قاچی ڕاستیشی بەجۆرێك جێگیر کردووە کە هەموو پەنجەکانی ڕووە و قیبلە بن، (وەك لە وێنەی -7-دا).

لە دانیشتنی دووەمیشی‌دا پێی ڕاستی چەسپ کردووە و قاچی چەپیشی لە ژێر قاچی ڕاستی‌یەوە دەرکردووە و بەلای چەپدا دانیشتووە (وەك لە وێنەی-8- دا دیارە)، ئەگەر ئامارێکی نزیکەیی لە نێوان چەند کۆمەڵێکی جیاوازی خەڵکدا دەربارەی زانینی ژمارەی ئەو کەسانەی دەستی ڕاستیان بەکاردێنن و ئەوانەش کە دەستی چەپیان لە کاروباری ڕۆژانەدا بەکاردێنن ئەنجام بدرێت، ئەوا دەردەکەوێت کە زیاد لە (90٪)ی ئەوانە دەستی ڕاستیان بەکاردێنن...

کاتێك مرۆڤ وویستی پێداویستی‌یەکی هەڵبگرێت بێگومان دەستی ڕاستی بەکاردێنێت، ئەمەش واتە بڕبڕەی پشتی بە بەردەوامی تووشی چەمانەوە و لاربوونەوەیەك دەبێت بە ئاراستەی لای ڕاست، لەم کاتەدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی ماسولکەکانی جەستە کرژ دەبن بۆ بەرگری ئەم چەمانەوەیە، کرکراگەکانی بڕبڕەی پشت بە تایبەتی کەلەکە لە کاتی هەڵگرتنی پێداویستی‌یەکاندا جارجارە بەرەنگاری پەستانی کوتوپڕ دەبنەوە، لەو ساتانەدا ئەگەری خلیسکانی کرکراگەیی زۆرە، بەم پێیە بار و شێوەی دانیشتنی دووەم خوێندنی (تەحیات) لە نوێژدا ڕاهێنانێکی زۆر باشە، و ڕوودانی ئەم ئەگەرە کەمدەکاتەوە، چونکە لەم دانیشتنەدا کە بڕبڕەی پشت بەرەو لای ڕاست چەماوە دەبێت، هەل دەداتە کرکراگەکانی کەلەکە تاکو ڕابێن لەسەر پەستان کەوتنە سەری بەو لایەدا، و بەهێزبن و مرونەتیان زیاد دەکات و توانای هەڵگرتنە کوتوپڕەکانی هەبێت...

بەمەش لە ئەگەری خلیسکانیان بەدوور دەبن، لە لایەکی تریشەوە جگەر کە وەك کۆگایەکی لاشە وەهایە، لەکاتی ئەو جۆرە دانیشتنەدا تووشی شێلانێکی ناوەکی خۆویست

دەبن و لــە ئــەنجــامیشدا کــارایی و چالاکییەکەی زیاد دەکات.

### سەلامدانەوە لە نوێژدا:

مل ئەڵقەی بەیەك گـەیاندنی سەر و لاشەیە، لـــە ڕووی پێکهاتنییــەوە زۆر ئــاڵۆز و هـەستیارە، حەوت بڕبڕە لـــەخــۆ دەگـــرێت، بـــە نێوانیاندا دڕکەپـەتك تێدەپەڕێت، کــە دەمـاری (هـــەست وجـووڵە)ی لێدەبێتەوە بۆ ئەندامەکـــانی لاشـــە، لـــە نـــاوچەی گــەردندا هەردوو لــەوزەتێن و ڕژێنی دەرەقی و زمـــانە بچکۆلـە و ڕوویەکی هەردوو کـەناڵی کۆئەندامی هەناسە و هەرس هــەیـە، سەرەڕای ماسولکەکان و بۆرییە خوێنەکان.

سەلامدانـەوەی دروست ئەوەیە کە سووڕاندنی گەردن بۆ دوورترینی لای ڕاست بێت، لەگـــەڵ پاراستنی ڕێك و ڕاسـتی ســەر، بــەهــەمــان شـێــوە بـــەرەو لای چەپیش، لە ئەنجامی ئەم سووڕاندن و لاکردنـــەوە دروستە بــە هـــــەردوو لای پـێــچــــەوانـــەدا، مـاسولکەکـــانی گــەردن کــرژدەبن و خـــاودەبنەوە و کڕکڕاگەی بڕبڕەکانی قورگیش ڕادێن لــەسـەر جـــووڵـە و ســـــووڕانی ســــەر بـــــە هـــــەردوو ئـــاراستەکــەدا، ئەمە سەرەڕای چالاك بوونی ســـووڕی خوێن و زیاد بوونی ئەو چـالاکی و مرونەتەی لە سەرجەم ئەندامەکان و ئەو ڕێژانەدا ڕوودەدات کە لە ناوچەی گەردندا هەن.

### سەرچاوە:

المنـــافع الفيزياويـــة والصحيـة للصلاة: صالح مصطفى الأتروشي/ كلية الهندسة - جامعة (دهۆك).

❁ ❁ ❁

# موعجیزەیەکی پرشنگدار لە ژیانی پێغەمبەری سەردار { محمد (ﷺ) }

بسم الله الرحمن الرحيم

سەردارمان محمد (ﷺ) موعجیزەی مێژووە، و بریتییە لەو مەشخەڵە پرشنگدارەی کە رێنموونیکەر و هیدایەتدەری مرۆڤەکانە، بە تایبەتی لە کاتی هێرشی تاریکایی و گومڕایی بۆ سەر مرۆڤەکان، ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) پێش پێغەمبەرایەتی (بە هەمان شێوەی ژیانی دوای پێغەمبەرایەتی) هەمووی پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و رێنموویی کردن بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای رێگەی راستدا دەگەڕێن لە ژیانیاندا.

ئەو کەسەی کە لە ژیانی پێشەوامان محمد (ﷺ) دەکۆڵێتەوە لە پێش ناردنی‌دا، و هیچ جۆرە شارەزاییەکی نەبێت لەوەدا کە پێغەمبەرایەتی بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی کەسییەوە دەست ناکەوێت و بەڵکو بەخششێکی خوداییە، ئەوا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە محمد (ﷺ) ئەو کەسە بووە کە براوە بووە لە پێشبڕکێی دەستکەوتنی پێغەمبەرایەتی و کارێکی وای کردووە کە بە زۆر پەیامی بۆبێت و وەحی ناچاربووە کە بۆی بێتە خوارەوە، بەڵام ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان وایە کە نیگای خودایی لەسەر داوا و پێشبڕکێی هیچ کەسێك نایەتە خوارەوە بەڵکو پەروەردگار خۆی ئەو کەسانەی کە شایستەن هەڵدەبژێرێت بۆ ئەم کارە گرنگ و چارەنووس سازە: ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ﴾ الأنعام124، واتە: خوای گەورە بە تەنها هەر خۆی چاك دەزانێت کە پەیام و نێردراوی خۆی لە کوێ دادەنێ، و کێ شیاوترە بۆ ئەو کارە، ﴿اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾ الحج75، واتە: هەر خودایە کە بە ویستی خۆی لە فریشتەکان و لە خەڵکیش پەیامبەر هەڵدەبژێرێت، بەڕاستی خودا بیسەر و بینایە (چاك دەزانێت کێ هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی).

هەربۆیە محمد (ﷺ) هەڵبژێردراو و دەستنیشان کراوی خودایە بۆ پۆستی پێغەمبەرایەتی و بەهۆیەوە کردی بە پێشەوای مرۆڤەکان، محمد (ﷺ) شایستەی ئەوە بوو کە بکرێت بە پەیامبەر، چونکە لە هەموو لایەنێکەوە ئامادەکرابوو بۆ ئەم کارە پڕبایەخە، ئەوەتا لەلایەنی بۆماوەییەوە (واتە لەلایەنی



ئامادەکردنی: د. کاوە فەرەج سعدون
بەکالۆریۆس لە پزیشکی و نەشتەرگەری گشتیدا
پزیشکی نەخۆشییەکانی سنگ و کۆئەندامی هەناسەدان

خێزانەکەیەوە) لەناو بەڕێزترین و کامڵترین خێزانی ناو نەتەوەی عەرەب هاتە دونیاوە و گۆشکرا، تیرەکەی (قورەیش) بوو، خێزانەکەی لە نەوەی (هاشم) بوون، (عبدالمطلب)ی باپیری گەورەی شاری (مەککە) و لە نەوەی (ئیسماعیل) پێغەمبەر بووە (علیه السلام)، (عبداللە)ی باوکی ئەو گەنجە بە ڕەووشتە و دوور لە حەرامە بووە کە خۆی ووتوویەتی (أَما الحرام فالمَمات دونَه)، کەواتە محمد (ﷺ) چاك و بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێز بووە، ئەوەتا هەر خۆی دەفەرموێت:

﴿إنّ اللهَ اصْطفى قُريشاً مِن بَنِي إسماعيل, واصطفى بَنِي هاشِمٍ مِن قُرَيْش, واصْطفاني مِن بَنِي هاشِم﴾ رواه مسلم, واتە: خوای گەورە تیرەی قورەیشی هەڵبژارد و ڕێزی پێدان لە نەوەی ئیسماعیل پێغەمبەر (علیه السلام), و لەناو (قورەیش)یشدا نەوەی (هاشم)ی هەڵبژارد و لە ناو نەوەی (هاشم)یشدا منی هەڵبژارد, هەروەها لە لایەنی فیطرەت و سروشتی کەسێتییەکەشییەوە ئامادە کرابوو, کە ڕەووشتە بەرزەکانی و ناوبانگی (الصادق الأمین) شایەتی ئەم ڕاستییەن, ژیانی پێش پەیامبەرێتی پڕ لە بەرەکەت بوو, و لە ڕاستیدا خوای گەورە وەک دروست کردن و داتاشین هەموو لایەنێکی ژیانی محمدی (ﷺ) ئامادە کرد بۆ وەرگرتنی پەیام, ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) بوو بە گیان و ڕۆحێکی ڕووت و بوو بە تیشکێك لە نووری خودایی.

پاش ئەم ئامادەکارییە نیگا و وەحی هاتە خوارەوە, و ئەو موعجیزەیە بوو کە ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ {1} خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ {2} اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ {3} الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ {4} عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ {5}﴾ سورة العلق, واتە: , ئەم ووتانە سەرەتای کردنەوەی سەردەمێکی نوێ بوو, کە لەو کاتەوە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ کاتێك و بە هیچ شێوەیەك وازی لە بانگەواز کردن بۆ پەیامەکەی پەروەردگار نەهێنا و هەمیشە لە تێکۆشاندا بوو لەو پێناوەدا.

خوای گەورەش بۆ سەلماندنی ڕاستی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) و ناردنی پەیامی خودایی بەودا چەندین بەڵگە و دەلیلی نیشانی هەموو خەڵکانی سەر زەوی داوە و نیشانیان دەدات تا ڕۆژی دوایی, کە ئەم بەڵگانە زۆر زۆرن و هەمە لایەنن, لەو بەڵگانە:

## 1- سیفاتە ڕەووشتییەکانی (الصفات الخلقية):

کە خوای گەورە پێی دابوو لە بەرزیی و پاکیی ڕەچەڵەکەکەی, و بەرزیی ڕەووشتی کە دوور و نزیك و کافر و موسوڵمان شایەتییان بۆ داوە, سنگ فراوانترین و دەست بڵاوترین کەس بووە, ڕاستگۆترین و بە وەفاترین کەسبووە, نەرم و نیان و لێبوردەترین مرۆڤ بووە, هەرکەسێك بەبێ ناسینیش بیبینییایە هەیبەتی دەچووە دڵەوە, و هەرکەسێکیش تێکەڵاوی بکردایە خۆشی دەویست, ڕووخۆشترین و نوورانیی ترین کەس بووە, هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دڵپاك و دڵنەرم و ئەوەندە لێبوردە بووە کە هەرچەندە خراپەیان بەرامبەر بکردایە ئەو لێبوردەیی زیادی دەکرد.

ئەم ڕەووشتە بەرزانەی نەك تەنها شوێنکەوتووانی ملکەچ و سەرسام کردبوو بەڵکو دوژمنانیشی شایەتییان بۆ دەدا و بووە مایەی هیدایەت وەرگرتنیان, دەیان کەسی بێباوەڕ کاتێك ئەم ڕەووشتە بەرزانەیان دەبینی دڵنیا دەبوون کە محمد (ﷺ) درۆ ناکات و یەکسەر باوەڕیان دەهێنا و موسوڵمان دەبوون, ئەمانە بۆ هەموو خەڵکی سەلماند کە محمد (ﷺ) مرۆڤێکی دەست نیشانکراوە و لەلایەن هێزێکی سەروو مرۆڤەکانەوە فێرکراوە و ئەدەبی دادراوە و پشتگیریی کراوە.

## 2- لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) سەرکەوتنی پەیامەکەی و دەرەنجامەکانی بوو:

ئەویش بەوەی کە گەیشت بە هەموو لایەکی جیهان و هیچ کیشوەرێك نەما کە ئەم پەیامەی پێنەگات و کەسانێکی زۆر باوەڕیان پێهێنا, و شوێنکەوتووانی بۆ هەزار ساڵ زیاتر سەروەری زەوی بوون.

## 3- لە بەڵگەکانی تری پێغەمبەرایەتی مژدەدانی پێغەمبەرانی پێشوو بوو بە هاتنی یان (مژدە دەرەکان-البشارات):

کە لە پێش محمد (ﷺ) زوربەی پێغەمبەرەکان باسی سیفاتەکان و کارەکانی ئەویان کردووە, و داوایان لە شوێن کەوتووانیان کردووە کە ئەگەر بگەنە سەردەمی ئەم باوەڕی پێبهێنن و شوێن پەیامەکەی بکەون, کە ئەمە بە ئاشکرا تەنانەت لەو کتێبە ئاسمانییانەی تر کە ئەمڕۆ لەبەر دەستماندان (وەك: تەورات و ئینجیل) ئاماژەیان تێدا ماوە بۆی, لەگەڵ هەموو ئەو دەستکاری و گۆڕانکاری و زیادکردن و کەمکردنانەی کە تێیاندا کراون, هەر کەسێکیش کە دەیەوێت ئەم مژدە دەرانە ببینێت با ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە: (هداية الحياری

في أجوبة اليهود و النصارى) دانراوی ئیمامی (إبن القيم الجوزية)، (الأجوبة الفاخرة في الرد على الأسئلة الفاجرة) دانراوی ئیمامی (القرّافي)، و کتێبی (الجواب الصحيح لمن بدَّلَ دين المَسيح) دانراوی شێخی ئیسلام (إبن تيمية)، هەروەها لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا نووسینەکان و موحازەرەکانی شێخ (عبدالمجيد الزنداني) ڕوونکەرەوە و دەرخەرێکی گرنگی ئەم لایەنەن.

### 4- بەڵگەیەکی تری ڕاستی پێغەمبەرایەتی‌یەکەی هەواڵدانی بوو بە چەندین ڕووداوی پاشەڕۆژ و هاتنەدی‌یان (النبوءات):

کە پێغەمبەر (ﷺ) وەك مژدە یان ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لێیان باسی کردوون، و ئەوەبوو یان لەسەردەمی خۆیدا یان لە دوای ئەو هەموویان هاتنە دی و تا دوارۆژیش ڕاستی‌یەکانیان زیاتر دەردەکەون.

### 5- گەورەترین بەڵگەکانی ڕاستی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) بریتین لە موعجیزەکان (المعجزات):

کە خوای گەورە لەسەر دەستی پێغەمبەر (ﷺ) هێنایەدی، کە بریتین لەو کردارە لە ئاسایی بەدەرانەی کە بەرامبەرکێی بێباوەڕانی پێدەکرێن و ئەوانیش لە بەرامبەریدا دەستەوسانن، ئەم موعجیزانە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕوویاندا و خەڵکی بە چاوی خۆیان بینی‌یان، بەڵام گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەریش (ﷺ) کە تا ڕۆژی دوایی و لە هەموو سەردەمێکدا مرۆڤەکان سەرسام دەکات بریتی‌یە لە قورئانی پیرۆز و لایەنە ئیعجازی‌یەکانی.

زانایان دەڵێن ژمارەی ئەو موعجیزانەی کە لەسەر دەستی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕوویاندا و هاوەڵەکان بینی‌یان لە هەزار دانە زیاترە، و هەندێکیان دەڵێن دوو هەزار موعجیزە بووە، من لەم بابەتەدا وەك لە ناونیشانی نووسینەکەوە دەردەکەوێت (**موعجیزەیەکی پرشنگدار لە ژیانی پێغەمبەری سەردار**) باسی موعجیزەیەکی گەورە و ئاشکرای پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم، ئەویش لەبەر گرنگی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا و دەرکەوتنی ڕاستی‌یەکەی، کە بریتی‌یە لە:

## موعجیزەی کەرت بوونی مانگ:

ئەگەر ئێمە بڵێین =مانگ بە ئاسمانەوەیە ئەوا بابزانین ئێمە تەنیا ئەو ڕووناکی‌یەی کە لە تەنی مانگەوە بۆمان دێت دەبینین و هەروەها ئەو ڕووناکی‌یەش هی ئەو کاتە نی‌یە بەڵکو هی پێش 1.3 چرکەیە، و بە هەمان شێوەش ئەو ڕووناکی‌یەی کە لە تەنە ئاسمانی‌یەکانی ترەوە دێت وەك: خۆر و ئەستێرەکانی تری ئاسمان، ئەویش بەهۆی دووری فراوانیان لە زەوی‌یەوە.

لەناو موسوڵماناندا باوە کە دەڵێن مانگ لە سەردەمی پێغەمبەردا بۆی دوولەت بووە و لە زۆرێك لە فەرموودەکاندا ئەم بەسەرهاتە هاتووە:

- خوای گەورە لە ئایەتی (1)ی سوورەتی (القمر)دا دەفەرموێت: ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾، واتە: ڕۆژی دوایی نزیك بووەتەوە و مانگ لەت بوو، ئەم سوورەتە بۆیە ناو نراوە سوورەتی (القمر-مانگ) لەبەر ئەوەی سەرەتا بە باس کردنی موعجیزەی لەت بوونی مانگ دەستی پێکردووە، خوای گەورە بە باسی نزیك بوونەوەی ڕۆژی دوایی ئەم سوورەتەی دەست پێکردووە، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە: ﴿بُعِثْتُ أنا وَالسّاعَةَ كَهاتَين (وَأَشارَ بِإصْبَعَيه السَّبّابة وَالوسْطى)﴾ رواه مسلم، واتە: من نێردراوم و لەگەڵ ڕۆژی دوایی‌دا بەم شێوەیەین (ئەوەبوو هەردوو پەنجەی شایەتومان و پەنجەی ناوەڕاستی پێکەوە جووت کرد)، پاشان ئایەتەکە ئاماژە بەو موعجیزە هەست پێکراوە دەدات کە خوای گەورە لەسەر دەستی پێغەمبەرەکەی ئەنجامی‌دا کە بریتی‌یە لە موعجیزەی کەرت بوونی مانگ، و مەبەست پێی سەرخستنی پێغەمبەرەکەی بوو لە بەرامبەر بێباوەڕانی قورەیشدا.

موفەسیرەکانی قورئان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم ئایەتە باسی لەت بوونی مانگ دەکات لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)، ئەوەتا ئیمامی (إبن كثير) دەڵێت: خوای گەورە باسی نزیك بوونەوەی ڕۆژی دوایی و کۆتایی هاتنی ژیانی دونیا دەکات و هەروەها باسی کەرت بوونی مانگ دەکات لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) کە ئەمە بابەتێکە زانایان لەسەری کۆن و بریتی‌یە لە یەکێك لە موعجیزە پرشنگدارەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

خاوەنی (في ظلال القرآن) دەڵێت: ئاماژەدانێکی خرۆشێنەرە بە ڕووداوێکی گەورەی گەردوونی و هەواڵدانە بە داهاتوویەکی گەورەتر، کە بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێن، بەڕاستی بڕیاردانێکی بێوێنە، و هەواڵدانێکی سەرسوڕهێنەرە، بێباوەڕان یەکەمیان بینیوە و ئەوەندە ماوە کە چاوەڕێی داهاتووە گەورەکە بکەن، ڕیوایەتەکان لەسەر دوو لەت بوونی مانگ و بینینی لەلایەن عەرەبەکانەوە موتەواتیر بووە و هەموویان کۆن لەسەر ئەوەی ئەم حاڵەتە ڕوویداوە... ئەم ڕووداوە قورئان بە ڕامبەرکێی بێباوەڕەکانی پێکردووە.

(حسنین محمد مخلوف) لە تەفسیری (صفوة البیان لمعاني القرآن)دا دەڵێت: واتە قیامەت زۆر نزیك بووەتەوە و مانگ بوو بە دوو کەرتەوە، ئەمەش وەك موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ڕوویدا کە لە مەککە بوو 5ساڵ پێش کۆچ کردن، کاتێك خەڵکی مەککە داوایان کرد نیشانەیەکیان پیشان بدات لەسەر ڕاستی پەیامەکەی، ئەویش مانگی نیشاندان بە دوو لەتی، بەشێوەیەك کە شاخی (حیراء) لەنێوان لەتەکانیدا بوو، و فەرمووی: دەی بە شایەت بن.

- ئیمامی (بوخاری) لە فەرموودەیەکدا لە (عبداللەی کوڕی مەسعود)ەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ﴿انشَقَّ القمر على عهد رسول الله (ﷺ)، فقالت قريش: هذا سحر بن أبي كبشة، قال: فقالوا: انظروا ما يأتيكم به السفّار، فإن محمداً لا يَستَطيع أن يسحَرَ النَّاس كُلَّهم، قال: فجاءَ السفّار فقالوا ذلك﴾ وفي لفظ: ﴿انظُروا السفّار، فإن كانوا رأوا ما رَأَيتم فقد صَدَق، وإن كانوا لم يَرَوا مثلَ ما رَأَيْتم فهو سِحْرٌ سَحرَكُم به، قال: فَسُئِلَ السفّار، قال: وَقدموا من كلِّ جهة، فقالوا: رأينا، فأنْزَلَ الله عزَّ وَجَلّ (اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ)﴾ وفي رواية: ﴿انشَقَّ القمر على عهد رسول الله (ﷺ) فِرْقَتَين: فِرقة فَوق الجَبَل، وَفِرقَة دونَه، فقال رسول الله (ﷺ): إشْهَدوا﴾روى الأحاديث: البخاري وأحمد وأبو داود والبيهقي. واتە: لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) مانگ دوو لەت بوو کە بەشێکیان لەسەروو شاخەکەوە بوو و بەشەکەی تری لە خوارترەوە، و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی بە شایەت بن، خەڵکی قورەیش ووتیان: ئەمە سیحری محمدە، لەبەر ئەوە ئێوە بزانن ئەوانەی لە سەفەری دەرەوەی مەککە دێنەوە دەڵێن چی، چونکە محمد ناتوانێت سیحر لە هەموو خەڵکی زەوی بکات، ئەگەر ئەوان ئەوەی ئێوە دیوتانە بینیبوویان ئەوا ڕاست دەکات، ئەگەر ئەوان نەیان دیبوو ئەوە سیحرێکە لە ئێوەی کردووە، ئەوەبوو پرسیاریان لە سەفەرییەکان کرد کە لە هەموو شوێنێکەوە هاتبوونەوە و ووتیان: ئێمەش لەتبوونی مانگمان دیوە، پاشان خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە.

- عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) أنَّه قال: ﴿إن أهلَ مَكَّة سَألوا رسول الله (ﷺ) أن يُريَهم آية، فَأَراهم انشقاق القمر﴾ وفي رواية: ﴿فَأَراهم القَمَر شِقَّيْن حَتّى رَأَوا حِراء بَيْنَهما﴾ رواه البخاري وأحمد، واتە: خەڵکی مەککە داوایان کرد لە پێغەمبەر کە بەڵگەیەکیان نیشان بدات، ئەویش کەرت بوونی مانگی نیشاندان، بە شێوەیەك کە شاخی حیراء لە نێوان دوو لەتەکەیدا بوو.

## چەند بەڵگەیەکی سەردەم بۆ سەلماندنی لەتبوونی مانگ:

- لە یەکێك لە دەستنووسە هیندییە کۆنەکاندا کە هەڵگیراوە لە کتێبخانەی ناوەندی هیندی لە مۆزەخانەی بەریتانی لە شاری لەندەنی بەریتانیادا هاتووە، و هەروەها نووسەری گەورەی ئیسلامی د. محمد حمیداللە لە کتێبی (محمد رسول الله)دا باسی ئەوە دەکات کە یەکێك لە پاشاکانی مالیبار (کە یەکێکە لە ناوچەکانی بەشی خوارووی خۆرئاوای هیندستان) کە ناوی (شاکراواتی فارماس Chakarawati Farmas) بووە، لەتبوونی مانگی دیوە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)، و ئەم ڕووداوەی بۆ خەڵکی باس کردووە.

- هەروەها لە نووسینە مێژووییە کۆنەکانی (چین)دا، لەم ساڵانەی دواییدا ئاماژەی تێدا دۆزرایەوە بۆ لەتبوونی مانگ، کە هەندێك ڕووداو بەو شێوەیە نوسراونەتەوە کە ئەم ڕووداوانە لەو ساڵەدا ڕوویانداوە کە مانگ تێیدا دوولەت بووە، کاتێك کە مێژوو نووسان لێکۆڵینەوەیان لەو ساڵانە کرد بینییان دەکاتە ئەو کاتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لە شاری مەککە بانگەوازی کردووە، کەواتە خەڵکی

وولاتی (چین)یش ئەم موعجیزەیەیان بینیوە و تۆماریان کردووە!!

– (د. زغلول النجّار) دەڵێت: لە پاش موحازەرەیەکم دەربارەی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا کە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشم کرد لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی (کاردیف) لە (بەریتانیا)، گفتوگۆیەکی سەرنج راکێش لەگەڵ ئامادەبووانـدا رووی‌دا، یەکێك لەو پرسیارانەی کە لێم کرا دەربارەی موعجیزەی لەتبوونی مانگ بوو کە لە سەرەتای سوورەتی (القمر)دا ئاماژەی بۆ کراوە، کە خۆی لەخۆیدا موعجیزەیەکی زانستی لەخۆ گرتووە، منیش لە وەڵامدا ووتم: ئەم رووداوە موعجیزەیەکی هەست پێکراو بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) رووی‌دا، کە موعجیزە شتێکی لە ئاسایی بەدەرە و زانستیش ناتوانێت تەفسیری بکات، پاشان باسی ئەم رووداوەم بۆ کردن وەك لە سوننەتدا هاتووە و گفتوگۆ و هەوڵی بێباوەڕەکان بۆ بەدرۆ خستنەوەی، ئەوانەی کە رووداوی لەت بوونی مانگیان گێڕاوەتەوە ژمارەیەکی زۆرن لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر و لە هەموو کتێبە باوەڕپێکراوەکانی فەرموودەدا باسی هاتووە، کە گومانی لە روودانی ئەم موعجیزەیەدا نەهێشتووە، بە تایبەتی کە قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی پێ‌داوە و بە تەواوەتی گومانی تێ‌دا نەهێشتووە.

لەلایەکی ترەوە کاتێك خوای گەورە باسی نزیك بوونەوەی رۆژی دوایی دەکات (اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ)، هیچ کەسێکیش لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەو راستی‌یەی نەزانیوە کە تەمەنی ئەو زەوییەی لەسەری دەژین بریتی‌یە لە نزیکەی 5هەزار ملیۆن ساڵ (لە کەمترین خەملاندندا)، و تەمەنی ماددەی زەوی و هەموو ماددەی گەردوونیش بریتی‌یە لە نزیکەی 10هەزار ملیۆن ساڵ (لە کەمترین خەملاندندا)، بەلام ناردنی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها پێش 14سەدە بووە، کە رێژەی ئەم ماوەیە بۆ ملیۆنەها ساڵی تەمەنی زەوی و گەردوون خۆی لەخۆی‌دا دەرخەری ئەو راستی‌یەیە کە گەردوون بەرەو کۆتایی دەڕوات، هەربۆیە پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعَةَ كَهَاتَيْنِ (وَأَشَارَ بِإِصْبَعَيْهِ السَّبَّابَةِ وَالوُسْطَى)﴾ کە ئەم فەرموودەیە ئیعجازێکی زانستی گەورەیە چونکە ئاماژەی تێدایە بۆ ئەوەی کە زەوی تەمەنی زۆر زۆرە و ئێستا لە کۆتایی تەمەنی‌دایە، هیچ کەسێك لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بچووکترین تەصەوری نەبووە بۆ ئەم کۆنی و تەمەنە زۆرەی زەوی، کە ئەمە وەڵامێکی تەواوی تێدایە بۆ ئەوانەی باوەڕیان وایە کە لەت بوونی مانگ بەستراوەتەوە بە هاتنی رۆژی دواییەوە، بەو واتایەی کە ئەگەر رۆژی دوایی هات ئینجا مانگ لەت دەبێت، چونکە بە فیعلی مانگ لەت بووە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)، لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا بەڵگە لەسەر ئەم لەتبوونە هەیە چونکە ئێستا قڵیشێکی گەورە هەیە لەسەر رووی مانگ لە نزیك جەمسەری باشووری‌یەوە لەو رووەی کە لە زەوی‌یەوە نابینرێت کە درێژی‌یەکەی زیاتر لە 225کیلۆمەترە، و ئەوەی ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات ئەوەیە کە دوو بەشەکەی مانگ چوونیەك نین.

هەروەها قورئان باسی کۆتایی مانگمان بەوە بۆ دەکات کە خۆر قووتی دەدات نەک ئەوەی




A) وێنەیەکی راستەقینەی یەکێك لە درزە گەورە و ئاشکراکانی سەر رووی مانگ کە ناسراوە بە دۆڵی ها یجینس (The Hyginus Rille)

B) وێنەیەکی راستەقینەی مانگ لە کاتی خڕێتی تەواودا (البدر الکامل) کە درز و قڵیشی ناوەڕاستی رووی مانگ دەردەخات

لە دوارۆژدا ببێت بە دوو بەشەوە ﴿فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ {7} وَخَسَفَ الْقَمَرُ {8} وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ {9}﴾ القيامة، واتە: کاتێك دێت (لە رۆژی دوایی‌دا) کە چاو ئەبلەق دەبێت، مانگیش دەگیرێت و تاریك دەبێت، (یاسای بوونەوەر تێك دەچێت و) خۆر و مانگ کۆدەکرێنەوە و دەدرێن بە یەکدا (واتە خۆر مانگ قووت دەدات).

هەروەها زانستی ئەمڕۆش لە یەکێك لە لوتکەی دۆزینەوەکان و پێشکەوتنی‌دا ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە مانگ لە زەوی دوور دەکەوێتەوە بە ڕێژەی 3سانتیمەتر لە هەموو ساڵێکدا، کە ئەمە ئاماژەی تێدایە بۆ بەڵگە نەوویستی ئەو ڕاستی‌یەی کە مانگ وردە وردە دەچێتە بواری راکێشانی خۆرەوە و لە کۆتایی‌دا قووتی دەدات، و ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان وایە کە ئەو ماوە زۆرەی ناوێت کە زانست باسی دەکات، چونکە کاتێك کە سەرەتاکانی رۆژی دوایی دەست پێ‌دەکات ئەم کردارە بە فەرمانێکی خودایی ﴿كُنْ فَيَكُونُ﴾ روودەدات و بەو سوننەتە دونیایی‌یانە نابێت، کە تەنها خوای گەورە ئەم سونەتانەی بۆیە بۆ داناوین مەبەست پێی تەنها سەلماندنی ئەگەری روودانی رۆژی دوایی و بەڵگە نەوویستی‌یەکەیەتی.

- (د. زغلول) دەڵێت: دوای ئەوەی کە لێبوومەوە لە وەڵامەکەم، موسوڵمانێکی بەریتانی هەستایە سەرپێ و خۆی پێناساندم کە ناوی بریتی‌یە لە (داود موسی پیدکوك) (David Mussa Pidcock) و هەروەها باسی پۆستەکەی کرد کە سەرۆکی حیزبی ئیسلامی بەریتانی‌یە، و داوای ماوەی کرد بۆ ئەوەی کە روونکردنەوەیەك بدات لەسەر قسەکانی من و منیش ماوەم پێدا، ئەوەبوو ووتی: ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان دەرگای من بوو بۆ هاتنە ناو ئیسلامەوە، چونکە من پێشتر سەرگەرمی لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنی ئاینەکان بووم و هاوەڵێکی موسوڵمانم نوسخەیەکی لە تەرجەمەی ماناکانی قورئانی دامێ بەدیاری و منیش بە سوپاسەوە لێم وەرگرت و چوومەوە بۆ ماڵەکەم، سەرەتا کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی و گەیشتمە سوورەتی (القمر): ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾، لێرەدا وەستام و سەرم سوڕما و پرسیارم لەخۆم کرد: چۆن دەبێت مانگ لەت بوو بێت و جارێکی تر یەکی گرتبێتەوە؟ و چ هێزێك هەیە کە بتوانێت ئەم رووداوە ئەنجام بدات؟ لێرەدا ئیتر من وەستام لە خوێندنەوەی قورئانەکە و وەك بڵێت ئەم ئایەتەکە وەستاندمی لە بەردەوام بوون.

بەڵام عیلمی خودا بە مەبەستی دڵسۆزی من لە دۆزینەوەی راستی‌دا و سووربوونم لەسەر گەشتن پێی وای لێکردم کە رۆژێك لە بەرامبەر تەلەفیزیۆن دامنیشێنێ و ئەوە بوو گوێم گرت لە گفتوگۆیەك لە نێوان پێشکەشکارێکی کەناڵی تەلەفیزیۆنی بەریتانی (B.B.C.) کە ناوی (جەیمس بیرك James Burk) بوو لەگەڵ سێ زانای گەردوونزانی ئەمریکی لە وەکالەتی فەزای ئەمریکا (National Aeronautics and Space Administration NASA)، لەکاتی ئەم گفتوگۆیەدا پێشکەشکارەکە گلەیی و رەخنەی لەوە گرت کە زیادڕەوی و ئیسرافێکی گەورە کراوە لەو خەرجی‌یانەی کە کراوە بۆ گەشتە ئاسمانی‌یەکان• لە کاتێکدا کە چەندین کۆمەڵگای مرۆڤ لەسەر زەوی‌دا بەهۆی برسێتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری‌یەوە دەناڵێنن، هەروەها دواکەوتوویی ئاوەدانی و زانستی و تەکنیکی زۆرێك لە ووڵاتانی دونیای گرتووەتەوە، کە واباشتر بوو ئەم پارە زۆرانە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە و ئاوەدان کردنەوەی زەوی بەکاربهاتایە لە بری پێشبڕکێ لە بواری فەزادا.

لەو کاتەدا زانا فەزایی‌یەکان دەستیان کرد بە بەرگری کردن لە کارەکانیان و ووتیان: ئەو پارانەی کە

---

• لە ساڵی 1969دا گەشتی ئاسمانی بۆ گەیشتن بە مانگ بەهۆی گەشتی ئاسمانی (ئەپۆلۆ 11) 75سەعات و 57خولەکی خایاند، میزانیە و تێچوونی پرۆژەی (ئەپۆلۆ) بۆ دانانی یەکەم مرۆڤ لەسەر مانگ نزیکەی 25هەزار ملیۆن دۆلاری تێچوو لەو کاتەدا، نزیکەی 20هەزار کۆمپانیا و دەزگای زانستی لە جێبەجێ کردنی‌دا بەشدار بوون، و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشداری‌یان لەم پرۆژە هەرە گەورەیەدا کرد گەیشتە 375هەزار زانا و ئەندازیار و جیۆلۆجی و هونەری و بەڕێوەبردن و ....هتد، درێژی ئەو رۆکێتەی کە کەشتی‌یەکەی هەڵدەگرت گەیشتە 111مەتر، و کێشی رۆکێتەکە پێش هەڵدانی گەیشتە 3393 تەن، ئەم تەنە زەبەلاحە لەلایەن پێنج هەڵدەر (نفّاثات)ی گەورەوە پاڵیان پێوەنرا بۆ بۆشایی، کە هەر یەکێکیان ئەوەندە سووتەمەنی سەرف دەکەن بە ئەندازەی 600هەزار ئۆتۆمبێل کە لەوپەڕی خێرایی‌یاندا بن، ئەم رۆکێتە قۆناغی یەکەمی 2000تۆن لە سووتەمەنی سەرف کرد کە تەنها دوو خولەك و نیوی خایاند، و هێزی پاڵنەری گشتی گەیشتە 175ملیۆن ئەسپ.

لە بواری فەزادا سەرف کراون بەفیڕۆ نەچوون لەبەر ئەوەی کە رۆڵی گەورەی هەیە لە پێشخستنی ئەو تەکنیکە پێشکەوتووانەی کە لە بوارە جیاوازەکانی پزیشکی و پیشەسازی و کشتوکاڵدا بەکاردێن, و لەوانەیە ببنە هۆی دەست کەوتی گەورەی ماددی و زانستی, لە گەرمەی ئەم گفتوگۆیەدا باسی گەشتی دابەزاندنی مرۆڤ کرا لەسەر رووی مانگ کە لە هەموو کارەکانی تر زیاتر تێچوونی هەبوو و دەیان هەزار ملیۆن دۆلاری تێچوو, پێشکەشکارەکە پرسیاری کرد: ئایا تەنها مەبەست لەو گەشتە دابەزاندنی چەند مرۆڤێك و دانانی ئاڵای ئەمریکا بوو لەسەر رووی مانگ؟ لێرەدا زاناکان ووتیان: نەخێر, بەڵکو مەبەست لێی لێکۆڵینەوەی نزیکترین تەنی ئاسمانی بوو لێمان, پێشکەشکارەکە پرسیاری کرد: باشتر نەبوو کە ئەو خەرجییە بێشومارانە بۆ ئاوەدان کردنەوەی زەوی بەکاربهاتایە؟ ووتیان: ئەم گەشتانە ئێمەی گەیاندە راستییەکی زانستی کە ئەگەر دەیان قاتی ئەوەمان سەرف بکردایە پێشتر کەس باوەڕی پێنەدەکردین....!!

پێشکەشکارەکە پرسیاری کرد: ئەو راستییە زانستییە چییە؟ ووتیان لە وەڵامدا: ئەوەیە کە ئەم مانگەی ئێمە رۆژێك لە رۆژان دوولەت بووە و پاشان یەکی گرتووەتەوە, ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە قڵیش و هەڵدڕانی زۆر درێژ و قووڵ لە لەشی مانگدا هەیە, کە قووڵییەکانیان لەنێوان سەدان مەتر و لە کیلۆمەترێك زیاتردایە و پانییان لە نێوان نیو کیلۆمەتر و پێنج کیلۆمەتردایە, درێژییان بۆ سەدان کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە بە هێڵی راست لە هەندێك شوێندا و بەهێڵی پێچاوپێچ لە شوێنی تردا.

ئەم درزە درێژبووە گەورانە زۆر جار بەناو چاڵی گەورەدا دەڕۆن کە قووڵی هەندێکیان دەگاتە 9کیلۆمەتر و تیرەکەی 1000کیلۆمەتر دەبێت, لە نموونەی ئەم چاڵانە ئەوەیانە کە پێی دەووترێت دەریای رۆژهەڵات ( Mare Orientalis), کە ئەم چاڵانە بەوە تەفسیر کراون کە شوێنەواری پێداکێشانی تەنی ئەسمانی بە قەبارەی هەسارۆکەکانە ( Impact of Asteroid-Sized Objects), بەڵام قڵیش و درزەکان کە پێیان دەووترێت درزەکانی مانگ ( Rimae or Lunar Rilles) بەوە تەفسیر کراون کە بریتین لە شوێنەواری راکێشانی لایی (الشّد الجانبی Tensional Cracks) یان تێکهەڵچوونی ئاگریی لەسەر شێوەی لوتکە برەڕەکان, بەڵام نموونەی ئەم شکڵانە لەسەر زەوی بە هیچ شێوەیەك ناگاتە ئەو قووڵاییە زۆرانە, لێرەوە ئەم درزانەی سەر رووی مانگ بەوە تەفسیر کراون کە بریتین لە شوێنەواری لەت بوونی مانگ و دووبارە یەکگرتنەوەی.



وێنەیەکی راستەقینەی مانگ کە چاڵە نەیزەکی و بورکانییەکانی سەر رووی روون دەکاتەوە

(بیدکوك) دەڵێت: کە ئەم ووتانەم بیست من لەسەر کورسییەکەم راپەڕیم لەبەردەم تەلەفیزیۆنەکەدا, و لەخۆمم پرسی: موعجیزەیەك کە بۆ محمد (ﷺ) پێش 1400ساڵ لەمەوپێش رووی داوە زانست لە سەردەمی تەکنۆلۆجیادا دەیسەلمێنێت بەو شێوە روونەی کە لە هیچ زانایەك لە بواری گەردوونزانیدا شاراوە نییە, کەواتە دەبێت قورئان راستییەکی رەها بێت, و راستگۆ بێت لە هەموو هەواڵێکدا کە دابێتی, هەربۆیە یەکسەر دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی ماناکانی قورئانی پیرۆز, کە هەر ئەم ئایەتە بوو کە سەرەتا وای لێکردم واز لە خوێندنەوەی قورئان بێنم و هەر ئەمیش بوو کە وای لێکردم دەست بکەمەوە بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و لە کۆتاییدا دەرگای چوونە ناوەوەم بوو بۆ ئاینی ئیسلام.

لێرەدا لە ووتەکانی پەروەردگار رەوانبێژتر نادۆزینەوە کە وەسفی دەرکەوتنی ئەم راستییانە و دانپێدانانی کەسانی سەر راست و خاوەن ویژدان پێیدا دەکات, کە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ فصلت53.

## سەرچاوەکان:

1- قورئانی پیرۆز.
2- مفردات القرآن (تفسير وبيان) مع أسباب النزول/ إعداد: د.محمد حسن الحمصي/ دار الرشيد.
3- (تفسير القرآن العظيم)/ للإمام ابن كثير/ تحقيق: عبدالرزاق المهدي/ الطبعة الأولى-2004.
4- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان - مامۆستا بورهان محمد أمین/ چاپی شەشەم - 2004.
5- پوختەی تەفسیری قورئان (موفرەداتی قورئان) - مامۆستا محمد مەلا صالح بامۆکی - چاپی یەکەم 2005.
6- السيرة النبوية/ لإبن هشام/ تحقيق: مصطفى السقا, إبراهيم الأبياري, عبدالحفيظ شلبي/ الطبعة الثانية- 2003.
7- صحيح السيرة النبوية/ إبراهيم العَلي/ الطبعة الثانية-1996.
8- سيرة النبي (ﷺ) من القرآن الكريم والسنة الصحيحة/ عبدالحميد طهماز/ الطبعة الأولى- 2003.
9- الرحيق المختوم/ صفي الرحمن المباركفوري/ دار الأرقم.
10- السيرة النبوية/ أبوالحسن الندوي/ دار ابن كثير- الطبعة الثانية عشرة- 2001.
11- السيرة النبوية/ د.علي محمد الصّلابي/ دار المعرفة- الطبعة الأولى- 2004.
12- الإسراء والمعراج/ د.عبدالحليم محمود/ دار وحي القلم/ الطبعة الأولى- 2003.
13- معجزات الرسول/ د.مصطفى مراد/ الطبعة الأولى- 2002.
14- موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة المطهرة/ يوسف الحاج أحمد/ الطبعة الثانية- 2003.
15- من آيات الإعجاز العلمي: **السماء في القرآن الكريم**/ أ. د. زغلول النجّار/ الطبعة الثانية- 2005.
16- وانشقَّ القَمر/ د.عبدالله مصطفى/ الطبعة الأولى-1997.
17- رحلة في الفضاء/ عزالدين بليق.
18- Microsoft Encarta Reference Library- 2005. ■

# هەندێك لە ئیعجازی قورئان و سوننەت



جەمال محمد أمین
E-mail: jamal_m59@yahoo.com

## ئیعجازی ژمارەیی لە قورئاندا :

خوای گەورە کە فەرمویەتی: ﴿اللَّهُ الَّذِي أَنزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ﴾ (الشورى17), ئەگەر ڕاڤەکارانی پێشو بە باشی لە ووشەی (بِالْحَقِّ) گەیشتبن، ئەوا زۆر سەریان سوڕماوە دەربارەی (وَالْمِيزَانَ) واتە بە تەرازوو!! ئاخۆ پەیوەندی قورئان چیە بەو تەرازووەوە؟

بەڵام کاتێك سەردەم بووە سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و شۆڕشی زانیاریەکان، بەشێك لە نهێنییەکانی ئەو (وَالْمِيزَانَ)ـە دەرکەوت, کە ئەویش تەرازوو بەندی سوورەت و ئایەت و ووشەو پیتەکانی ئایەتی قورئانە, کە هەر هەموویان وابەستەی ڕێك وپێکیەك و ڕێکخستنێکی ژمارەیی زۆر ووردن.

کە لەوانەیە مەبەستی خوای بەتوانا لە (وَالْمِيزَانَ) ئەوە بێت, و خواش دەزانێت لەوانەیە ئەو ووشەیە زۆر نهێنی دیکە لەخۆی بگرێت کە لە دوا ڕۆژدا هەندێکی دیکەی لێ بدۆزرێتەوە.

با پێکەوە سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکەین و سەرنجی ئەو جوانسازیەی ژمارەکان بکەین لە قورئاندا:

| ووشەکان | ژمارەی دووبارەبوونی لە قورئاندا | ووشەی بەرامبەریان | ژمارەی دووبارە بوونەوەیان |
|---|---|---|---|
| الحياة | 145 | الموت | 145 |
| الصالحات | 167 | السيّئات | 167 |
| الدنيا | 115 | الآخرة | 115 |
| الجهر | 16 | العلانية | 16 |
| الهدى | 79 | الرحمة | 79 |
| المصيبة | 75 | الشكر | 75 |
| إبليس | 11 | پەناگرتن بە خوا لە ئیبلیس | 11 |
| الجزاء | 117 | المغفرة | 234 (دوو هێندی) |
| الملائكة | 88 | الشيطان | 88 |
| الناس | 368 | الرسل | 368 |
| العقل | 49 | النور | 49 |
| اللسان | 25 | الموعظة | 25 |
| الشدة | 114 | الصبر | 114 |
| محمد | 4 | الشريعة | 4 |
| الزكاة | 32 | البركة (البركات) | 32 |
| الرَّجل | 24 | المرأة | 24 |
| الذَّهب | 8 | الترف | 8 |
| النَّفع | 50 | الفساد | 50 |
| الضّيق | 13 | الفرَج | 13 |
| البعث | 45 | الصراط | 45 |
| الرجز | 10 | الرجس | 10 |
| البصر | 148 | القلب، الفؤاد | 148 |
| الرغبة | 8 | الرهبة, و لێوەرگیراوەکانیان | 8 |
| الشهر | 12 | اليوم | 365 |

## تابلۆیەکی قەشەنگ:

ووشەی (البحار) واتە دەریاکان لە قورئانی پیرۆزدا (32) جار هاتووە, و ووشەی (البَرّ) واتە ووشکانی (13) جار هاتووە، کە کۆی هەردوو ووشەکە (32+13) دەکاتە

(45)، خۆ ئەگەر ڕێژەی سەدی (البحار) وەربگرین و هەروەها ڕێژەی سەدی (البَرّ)، ئەوا بەم جۆرە دەبن:

- بۆ (البحار): 32/45 ×100 =71,1111111٪ .
- بۆ (البَرّ): 13/45 ×100 = 28,8888889٪ .

ئەو ڕێژانەی سەرەوەش کە ڕێژەی ئاو و ووشکانین لە سەر گۆی زەوی، هەموویان ئەو ڕێژانەن کە زانستی نوێ پێی گەیشتووە......

## هاوکێشەیەك بۆ گۆڕینی ساڵی کۆچی بۆ زایینی و بە پێچەوانەوە:

لەبەر ئەوەی تێکڕای کۆی ڕۆژەکانی ساڵێکی زایینی (366) ڕۆژە، و تێکڕای کۆی ڕۆژەکانی ساڵێکی کۆچی (355) ڕۆژە، کەواتە یەك ساڵی زایینی دەکاتە (366/355 = 1,031 (بەنزیکی))، هەروەها یەك ساڵی کۆچی دەکاتە (355/366 = 0,969(بەنزیکی))، و لەبەر ئەوەی ساڵی کۆچی لە ساڵی (622)ی زایینییەوە دەست پێدەکات بۆیە دەتوانین بەم هاوکێشەی خوارەوە هەریەك لەو ساڵانە بگۆڕین بۆ بەرامبەرەکانیان:-

ساڵی زایینی = 0,969× (ساڵی کۆچی + 622).

ساڵی کۆچی =1,031× (ساڵی زایینی-622).

## تابلۆیەکی دیکەی قەشەنگ:

خوای گەورە لە سوورەتی (الکهف)دا کە باس لە هاوەڵانی ئەشکەوت دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَبِثُوا فِي كَهْفِهِمْ ثَلَاثَ مِائَةٍ سِنِينَ وَازْدَادُوا تِسْعًا {25}﴾ واتە: یارانی ئەشکەوت سێ سەد ساڵی تەواوی (هەتاوی) لە ئەشکەوتەکەیاندا مانەوە و نۆ دانە ساڵی تریشیان خستە سەر، باشە خوا بۆ نافەرموێت بەتەنها (ثَلَاثَ مِائَةٍ سِنِينَ)، و بۆ ئەو (وَازْدَادُوا تِسْعًا)ی بۆ زیاد کردووە ..!؟

بابەتەکە پەیوەندی هەیە بە ساڵی خۆری و ساڵی مانگییەوە، و قورئان ئاماژەکەی بە ساڵی مانگییە، ئەگەر تێکڕای کۆی ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵی خۆری (زایینی) بە (366) ڕۆژ دابنێین، و ئەوە بدەین لە 300 ئەنجام دەکاتە ( 109800)، و ئەگەر تێکڕایی کۆی ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵی مانگی بە (355) ڕۆژ دابنێین، خۆ ئەگەر ئەوەمان دا لە (300) ئەوا ئەنجام دەکاتە (106500) ڕۆژ، ئینجا ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵی مانگی لە ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵی ڕۆژی (زایینی) دەردەکەین (109800 – 106500 = 3300 ڕۆژ)، ئەگەر ئەم ئەنجامە دابەشی (366)ی بکەین ئەوا ئەنجامەکە بە تەواوی (9) ساڵ دەکات، بۆیە مانەوەی هاوەڵانی ئەشکەوت لە ئەشکەوتەکەیاندا بە ساڵی زاینی (300) ساڵە و بە ساڵی مانگی (309) ساڵە..!!

## ئاوی زەمزەم:

ئاوی زەمزەم ئاوێکی جیاوازە لە ئاوەکانی دیکە، ئاوێکی سەرسوڕهێنەرە لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە هەر ماوە و ووشك نابێت، لە کاتێکدا کەم سەرچاوەی ئاویی و کانیاو و کارێز هەن کە بۆ چەند ساڵێك بمێننەوە...

تیمێك لە توێژەرەوە پاکستانییەکان هەستان بە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەو ئاوە و بۆیان دەرکەوت کە بەڕاستی ئەو ئاوە جیاوازە لە ئاوی ئاسایی، هەروەها (ناوەندی توێژینەوەکانی حەج بۆ لێکۆڵینەوە لەئاوی زەمزەم) لە سعودیە بە هەمان ئەنجام گەیشتن، ئەندازیار (سامي عنقاوي) سەرۆکی ئەو ناوەندە ووتی: لە کاتێکدا



ئێمە سەرگەرمی چاکسازی بووین لە سەرچاوەی ئاوی زەمزەم بە مەبەستی گەورەکردن و فراوان کردنی، هەرچەندە ئاوەکەمان لادەبرد و دوور دەخستەوە ئەوەندە و زیاتر ئاوی دی دەهاتەوە جێگای و ئەو ناوەی پڕ دەکردەوە...

ئینجا دەڵێت سێ ترومپامان بەکارهێنا بۆ لابردنی ئاوەکەی, تا بوارمان هەبێت و بناغەکان چەسپ بکەین، لە پاشدا پشکنینمان کرد بۆ ئاوی زەمزەم و دەرکەوت کە هیچ جۆرە میکرۆبێکی تێدا نییە و زۆر پاکژە، مەگەر ئەو قاپ و دۆلکە و پەرداخە پیسی بکەن، ئەوەش یەکێکە لە سیفەتە ناوازەکانی ئەو ئاوە...




سیفەتێکی دیکەی ئەو ئاوە کە زۆر سەیرە ئەو زۆری و بەردەوامیە و کەم نەکردنەیەتی کە لە هیچ ئاوێکی دیکەدا نییە و هەرچەندە لێی بەکار بهێنرێت ئەو ئەوەندە زیاد دەکات, جگە لەوەی کە لە زۆر مێژەوە ئەو ئاوە هەر هەیە و ووشك ناکات!!

من بۆ خۆم ئەزموونێکی کردارییم هەیە لەگەڵ ئاوی زەمزەمدا، چەند ساڵێك پێش ئێستا مامۆستا بووم لە یەکێك لە شارۆچکە نزیکەکانی شاری سلێمانی، کات (دوو تا سێ) مانگ بەسەر وەرزی حەجدا تێپەری بوو، ئێوارەیەکیان من و برادەرێکم دەعوەت بووین لە ماڵی ئاشنایەکمان، خێزانی ئەو ماڵە ئەو ساڵە حەجی کرد بوو, واتە سێ مانگ پێش ئەوکاتە، بۆیە ئاوی زەمزەم لە ماڵیاندا هەبوو و سەروو پیاڵەی بۆ هێنایین بیخۆینەوە، برادەرەکەم ووتی من ئەوە ناخۆمەوە چونکە دوو یان سێ مانگی بەسەردا تێپەڕیوە و خراپ بووە، منیش ووتم: ئاوی زەمزەم هەرگیز پیس نابێت و من خواردمەوە و هیچیشم بە سەر نەهات.

ئینجا نموونەیەکمان لەو ئاوە وەرگرت و بردمان بۆ خوێندگاکەمان کە دواناوەندی بوو, و ووردبینێکی ئالۆزی چاکی تیابوو، ئەو نموونە ئاوەی زەمزەم و نموونەی ئاوێکی ئاساییمان بۆ چەند ڕۆژێك دانا، ئینجا بە هۆی ووردبینەکەوە هەردوو ئاوەکەمان پشکنی، و بینیمان کە ئاوە ئاساییەکە پیس بووە و شتمان تێدا بەدی دەکرد، بەڵام ئاوی زەمزەمەکە لە ڕوون ڕونتر بوو و هیچ شتێکی تێدا بەدی نەکرا!! ئینجا برادەرەکەم بەو ڕاستییە قایل بوو.

پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ماءُ زَمْزَم لِما شُربَ لَه، إن شَربْتَهُ تَستَشفي شَفاكَ الله، وَإن شَربْتَهُ لِشَبعك أشْبعك الله, وَإن شَربْتَهُ لِقطْع ظَمَئِكَ قطعَه الله ... تا دوایی فەرمودەکە﴾ الدارقطني و الحاكم گێڕاویانەتەوە, واتــە: ئاوی زەمزەم دەخورێتەوە بۆ ئــەو مەبەستەی بۆی دەخۆیتەوە، ئەگـــەر خواردتەوە بـــە مـــەبەستی چارەسەرکردن ئــەوا خودا چــاکت دەکاتەوە، و ئەگەر خواردتەوە بە مەبەستی تێربوون ئەوا خوا تێرت دەکات، و ئەگەر خواردتەوە بە مەبەستی تینوێتی شکاندنت ئەوا خوا هەرگیز تینووت ناکات، واتە مەرجە ئەو کەسەی ئاوی زەمزەم دەخواتەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت دەبێت بڕوای (یقین) هەبێت بەوەی کە ئەو ئاوە بۆ ئەو مەبەستە دەبێت ئەگینا خواستەکەی جێبەجێ نابێت، واتە دەبێت مەرجی وەلأمـــدانەوەی خـــوای گـــەورەی تێدا بێت بۆی, وەك خوا دەفەرموێت: ﴿وَإذَا سَألَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإنِّي قَرِيبٌ أجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ (البقرة 186).

نموونە زۆرە لەسەر ئەوەی کە چەندین کەسی نەخۆش بە نەخۆشی جۆراو جۆری وەك: نەخۆشییەکانی چــاو و نەخۆشیەکـــانی هەنـــاو و کۆئەندامی دەردان و زۆری دیکە چارەسەر کراون بەهۆی ئەو ئاوی زەمزەمەوە، بۆ نموونە ئافرەتێك بـــە ناوی (یسرية)یەوە کە چاوی چەپی توشی هەوکردنێك دەبێت لە ئەنجامی سەرئێشەیەکی تایبەتییەوە، پاش ئەوەی هەموو نوژدارەکان بێ هیوا دەبن لـــە چارەسەرکردنی، (یسرية) گەشتێك دەکات بە مەبەستی عەمرە بۆ ماڵی خوا و عەمرەکەی دەکات و بە ئاوی زەمزەم چاوەکانی دەشوات و دەگەرێتەوە ئوتێلەکەی خۆی، زۆر سەیر

دەبێت بەلایەوە کە دەبینێت ئەو چاوە نەخۆشەی چەپی بە تەواوی چاك بۆتەوە هەروەك چاوە ساغەکەی...

ئەوچاوە نەخۆشەی زۆر بە تەواوی کز بوو بوو بەلام وائیستا بەتەواوی دەبینێت...

نموونەیەکی دیکە بەسەر دکتۆر (فاروق عەنتەر)دا هاتبوو، کە وەك خۆی دەڵێت چەند ساڵێك لەمەوبەر تووشی بەرد هاتم لە ڕێڕەوەکانی میزمدا، نوژدارەکان ئامۆژگاری‌یان دەکردم کە هەر دەبێت بە کرداری نەشتەرگەری ڕزگارت ببێت، بەلام من (وەك دکتۆر دەڵێت) هەر ئەو نەشتەرگەرییەم دواخست...

هەتا دکتۆر گەشتێك دەکات بۆ مەککەی پیرۆز و لەوێ لە ئاوی زەمزەم دەخواتەوە، و دوو ڕکات نوێژ دەکات، و بەردە ڕەشەکە (الحجر الأسود) ماچ دەکات، ئینجا دەڵێت لەو کاتەدا هەستم دەکرد شتێك لە ناو سکمدا دادەخزێتە خوارەوە، خێرا چوومە سەر ئاو و خۆم خاڵی کردەوە و دەبینم بەردی گەورە گەورە دێنە دەرەوە، الله اکبر... سبحان الله ئەوانە چین خۆ ئیتر من بەرد لە ناو ڕێڕەوە میزەکانمدا نەما، سوپاس بۆ خوا...

ئەوە زۆر سەرنجی نوژدارە تایبەتی‌یەکانی دکتۆری ڕاکێشا، کە پێشتر ئاگاداری باری دروستی دکتۆر فارووق بوون، وا ئێستاش بەبێ هیچ کردارێکی نەشتەرگەری ئەو ڕزگاری بووە.

بە ڕاستی نموونەی دیکە زۆرە لە سەر گرنگی ئەو ئاوەی زەمزەم، کە جیای دەکاتەوە لە ئاوی ئاسایی، کە لە هەمویان گرنگتر ئەو توانا زۆرە چارەسەری‌یەی کە هەیەتی بە ئەمری خوا، بە مەرجێك بە تەواوی بڕواوە بەکاری بهێنیت.

## سەرچاوەکان:

(1) سایتەکانی ئینتەر نێت:

www.hajiabbas.org
www.alsaha.com
www.answer.com

(2) الإعجاز العلمي في القرآن/ د. طارق السويدان.

(3) الإعجـاز العلمي في الإسـلام والسنـة النبويـة/ محمد كامل عبد الصمد.

# سەرنج و تێبینییەکانتان

بسم الله الرحمن الرحيم

**خوێنەرانی خۆشەویست......**

شادومانین بە گەیشتنەوەمان پێتان لەم ژمارە نوێیەی گۆڤارەکەتاندا، وەك عادەتمان لەگەڵ بەڕێزتاندا چەندین نامە و بابەتی جۆرا وجۆری ترمان بەدەست گەیشت، فەرموون ئێوە و وەڵامی نامەکانی ئەم جارە:

- سوپاسی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە دەکەین کە بە بابەت بەشداری ئەم ژمارەیەی (هەیڤ)یان کرد، لەخوای پەروەردگار داواکارین نموونەیان زۆربێت:

* م. سەروەر حسن علی/ سلێمانی.
* هێمن محی‌الدین عبدالرحمن/ سلێمانی.
* پەیام محمد/ سلێمانی.
* بدریە سعید/ سلێمانی.
* لەلایەن بەڕێز (عبدالقادر علی) بابەتێکمان بەدەست گەیشتووە، زۆر سوپاسی بەڕێزت دەکەین و چاوەڕێی وەلام بە لە ژمارەی داهاتوودا.

**- دووپاتی دەکەینەوە کەوا دەرگای گۆڤارەکەتان هەمیشە کراوەیە بۆ پێشوازی بابەت و سەرنج و تێبینی هەموو لایەك، خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بەم ڕێگایانە پەیوەندیمان پێوە بکەن:**

1- **راستەوخۆ بابەتەکانیان بگەیەننە نووسینگەی سەرەکی ناوەند لە سلێمانی/ فولکەی (سجن).**

2- **دەتوانن بەدەستیی نامەکانیان بگەیەننە ئەندامانی دەستەی باڵای ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.**

3- **لە ڕێی پۆستی ئەلیکترۆنی ناوەندەوە (E-Mail) بەم ناونیشانانە:**

**haiv@eijazizansti.org** یان:
**info@eijazizansti.org**

و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته

هەیڤ

## كۆڕ و بەربانگی ناوەند لە رۆژی 17ی رەمەزانی (1426)ی كۆچی بەرامبەر بە (2005/10/20) بە بۆنەی یادی (جەنگی بەدر) لەهۆڵی (بنار)

سەرەتا لە لایەن بەڕێز: مامۆستا نەشئەت غەفور سەعید/ سەرۆكی ناوەندەوە ووتەی بەخێرهاتن و دەست پێكردنی كۆڕەكە پێشكەش كرا لەگەڵ چەند تێبینیەك سەبارەت بە چەمكی (جیهاد) و مەبەستەكانی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا و هەڵە تێگەیشتن و هەڵە بەرجەستەكردنی ئەم چەمكە لە رۆژانی ئەمڕۆماندا, پاشان لەلایەن ئەندازیار (خالد حەسەن)ەوە بابەتێك سەبارەت بە موعجیزەكانی جەنگی بەدر پێشكەش كرا لەگەڵ لێكدانەوەی هەندێك لە ئایەتەكانی قورئان سەبارەت بەم جەنگە لەژێر رۆشنایی زانستی سەردەمدا, پاش نوێژی ئێوارە و بەربانگ كردنەوە لەلایەن ئامادەبووانەوە (كە پێكهاتبوون لە كۆمەڵێك لە رۆشنبیران و زانست دۆستانی شارەكەمان), گفتوگۆ لەسەر بابەتەكان كرا و لەنێو دەستخۆشی و رەزامەندی ئامادەبوواندا كۆتایی بە كۆڕەكە هێنرا.

ئەوەی شایەنی باسە كۆڕەكە لەلایەن مامۆستا (محمد أحمد سعيد) ئەندامی دەستەی باڵای ناوەندەوە بەڕێوەبرا.

## هەندێك لەموعجیزەكانی جەنگی (بەدر)

ئامادە و پێشكەشكردنی:
ئەندازیار خالد حەسەن

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

بەڕێزان سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت....

خۆشحاڵین لەم ئێوارە كۆڕەدا لە خزمەت ئێوەی بەڕێزدا بین, بۆ باس كردنی رووداوی گەورەی ئیسلام جەنگی بەدری پیرۆز, ئەو جەنگەی كە خوای گەورە كردی‌یە هۆكاری سەرخستنی ئیسلام تا رۆژی دوایی.

ئەوەی لەم جەنگەدا باسی لێدەكەین ئەو موعجیزە ئاشكرایانەیە كە رووی‌دا, ئەو موعجیزانەی كە دوو مەبەستی پێكا, بەوەی كە بووە پاڵپشتێكی گەورە بۆ سەرخستنی موسوڵمانان لەو كاتەدا, هەروەها بوویە بەڵگەیەكی ئاشكرا لەسەر راستێتی پەیامەكەی پێغەمبەر (ﷺ) تا رۆژی دوایی.

یەكێك لە موعجیزەكانی ئەو جەنگە ئەوەبوو كە موسوڵمانەكان كەم بوون, بەڵام بەسەر زۆردا سەركەوتن, ژمارەی موسوڵمانەكان (317)كەس بوون لە كاتێكدا بێباوەڕان بە نزیكەی (1000)كەس بوون, موسوڵمانەكان تەنها دوو ئەسپیان پێبوو, بەڵام بێباوەڕان (200)ئەسپیان پێبوو, كە لە جەنگدا ئەسپ سوارێك بەرامبەر بە, (10)پیادەیە, موسوڵمانان بە چەكێكەوە دەرنەچوون كە بەرەنگاری سوپایەكی گەورەی پێببنەوە, بەڵكو بۆ قافڵەیەك رۆشتن كە پاسەوانەكانی لە

دەوروبەری (40-50) كەسدا بوون, قافڵەكە لە ڕۆشتندا بوو لەبەر ئەوە پێویست بوو كە چی لەبەر دەستدا بوو و كێ ئامادەبوو ئەوە بچێت, نەك قافڵەكەیان لەدەست دەرچێت, خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾, واتە: خوای گەورە لە بەدردا سەری خستن لە كاتێكدا ئێوە چەوساوە بوون.

زۆر لە هاوەڵان پێشتر بەندە بوون, ڕێگایان پێنەدرابوو چەك بە دەستیانەوە بگرن و خۆڕاهێنان بكەن, زۆریان شێوازی بەكارهێنانی شمشێریان نەدەزانی, لە پێش جەنگەكە هەندێك لە باوەڕداران وا بیریان دەكردەوە كە ئەوان بە چەكی سادەوە بۆ قافڵەیەك دەرچوون, ئێستا قافڵەكەیان لەدەست دەرچووە و سوپایەكی گەورە هاتووە بۆیان, دەیانووت پێغەمبەری خوا چیمان لێدەكات, بەیانی بە سەربڕینمان دەدات, وەك ئەوەی بەرەو مردنی خۆیان بڕۆن, خوا دەفەرموێت: ﴿كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ {5} يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ {6}﴾ الأنفال, واتە: پەروەردگارت تۆی لە ماڵەكەت بە هەق دەرهێنا, كۆمەڵێك لە باوەڕداران پێیان ناخۆش بوو, دوای ئەوەی هەقیش روون بووەوە, بەڵام ئەوان هەر دەمەقاڵەیان لەسەر دەكرد وەك ئەوەی بە بەرچاوی خۆیانەوە بەرەو مردنی خۆیان ببرێن.

خوای گەورە بۆ لابردنی ئەو ترسە زۆرەیان خەوێكی قووڵی هێنا بۆیان, بەجۆرێك هەر كەس لەسەر باری خۆی خەوی لێكەوت, وەك دەفەرموێت: ﴿إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً﴾ الأنفال11, واتە: كاتێك وەنەوس و خەوتان بۆ هات و بووە ئارامی و دڵنیاییەك بۆ ئێوە لە خوداوە, زانایان دەڵێن خەو چارەسەری دڵەڕاوكێ و ترس و بێتاقەتییە, لەبەر ئەوە سەیر نییە لە ئەمریكا عیادەی تایبەتی خەو لێخستن هەیە بۆ حاڵەتی بێتاقەتی و دڵەڕاوكێیی, مرۆڤ هەر كات بێتاقەتی یان ترس و دڵەڕاوكێیی رووی تێبكات گەر بتوانێت با بخەوێت, ئەو بێتاقەتی و دڵەڕاوكێیەی بە ڕێژەیەكی زۆر نامێنێت, ئەو كاتەی هەڵدەستێت ئارام و دڵنیایە.

خوای گەورە نوستنی كردۆتە بەڵگەیەكی دەسەڵات و توانای خۆی وەك دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ مَنَامُكُم بِاللَّيْلِ﴾, حاڵەتی سروشتی ئادەمیزاد وایە كە لەكاتی ترس و دڵەڕاوكێییدا خەوی لێنەكەوێت, بەڵام خوای گەورە ئەم حاڵەتەی بۆ باوەڕداران پێچەوانە كردەوە, بەوەی لەوپەڕی ترسدا قووڵترین خەویان لێكەوت, بەڵام لە نوستنەكەیاندا هەندێك لە هاوەڵان لەش گران (إحتلام) بوون, كاتێك هەستان شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست كردن بەوەی كە چۆن دەچنە جەنگەوە بەو حاڵەتەوە, ئەگەر شەهید بن چۆن بەو لەشەوە بچنە بەردەم خوای گەورە, بۆ لابردنی ئەو وەسوەسەیە هەر خێرا خوای گەورە بارانی باراند تا خۆیانی پێبشۆن, وەك دەفەرموێت: ﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ﴾ الأنفال11, واتە: لە ئاسمانەوە خوای گەورە بارانێكی بۆ باراندن تا خۆتانی پێپاك بكەنەوە و وەسوەسەی شەیتانتان لەسەر بڕوات, بارینی ئەو بارانە چەند سوودێكی تری هەبوو, وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ﴾, واتە: تا دڵتان لەیەك بدرێتەوە و قاچەكانتان جێگیر ببێت.

پزیشكەكان دەڵێن ماسولكەكانی دڵ بە شێوەی ئاسۆیی و ستوونی لە شێوەی دەزوولەییدا دڵیان بەستۆتەوە, بەڵام كاتێك ترس رووبكاتە مرۆڤ بەهۆی هۆرمۆنێكەوە كە خوێن دەیڕژێت بەناوی هۆرمۆنی (ئەدرینالین), دڵ دەكەوێتە لێدانی توند و ماسولكەكان شل دەبنەوە و لە دڵ دەكرێنەوە, هەروەها پەلەكان و بە تایبەتی قاچەكان توانای جێگیر بوونیان نامێنێت و دەلەرزن, پزیشكەكان دەریانخستووە كە باشترین هۆكار بۆ كەمكردنەوەی ئەم هۆرمۆنە ئەوەیە كە كەسەكە ئاوبكات بە خۆیدا, ئەو كاتە ماسولكەكانی دڵ, دڵ ربط دەكەنەوە و قاچەكان جێگیر دەبن, بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: بارانمان باراند تا خۆتانی پێ بشۆن و دڵتان ربط ببێتەوە و قاچەكانتان جێگیر ببێت, ئەمە جگە لەوەی كە خاكی لمینی بیابان گەر بارانی بەسەردا بباریت پتەوتر دەبێت بۆ ڕۆشتن لەسەری, لە لایەكی

ترەوە ئەو بارانە بووە بەربەست لە بەردەم بێباوەڕاندا چونكە جۆگەلەی گەورەی لە بەردەمیاندا دروست كرد.

لە پێش جەنگەكەدا خوای گەورە ژمارەی موسوڵمانانی لە بەردەم بێباوەڕاندا كەمتر نیشاندا (هەرچەندە خۆی ژمارەی موسوڵمانان زۆر كەمتر بوو لە بێباوەڕان) ئەمەش تا بێباوەڕان زیاتر سووربن لەسەر جەنگەكە و ئەو وویستەی كە خوای گەورە هەیەتی بۆ سەرخستنی ئیسلام بێتەدی, وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلاً وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِيَ اللّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولاً﴾ الأنفال44, واتە: كەم بوونەوەی ژمارەی موسوڵمانان لەبەردەم بێباوەڕاندا, بێباوەڕانی زۆر دڵنیاكرد لە سەركەوتنیان.

لەبەرئەوە سەركەوتنەكەیان جگە لە سەركەوتنی ماددی و سەربازی وویستیان بیكەنە سەركەوتنی دینی و مەعنەوی, ووتیان وەرن با بپاڕێینەوە هەتا خوا ئەو لایە سەرخات كە لەسەر هەقە و چاكە, و ئەوە ژێرخات كە خراپە و ناهەقە, ئەوان بە بیری خۆیان دەیانووت لەدوای سەركەوتنمان دەڵێین ببینن ئێمە چۆن پاڕاینەوە لەخوا و خوا وەڵامی داینەوە, و دەركەوت كە كێ هەقە و لەسەر دینی راستە, لەدوای سەركەوتنی موسوڵمانان خوای گەورە بە بێباوەڕانی فەرموو: ﴿إِن تَسْتَفْتِحُواْ فَقَدْ جَاءكُمُ الْفَتْحُ﴾, واتە: ئەگەر ئێوە پاڕانەوە كە خوا هەق سەرخات ئەوا سەركەوتن هات و زانیتان كامتان هەقن.

لەگەڵ كەم بوونەوەی ژمارەی موسوڵمانان لەبەرچاوی بێباوەڕاندا, خوای گەورە ژمارەی بێباوەڕانیشی لەبەرچاوی باوەڕداراندا كەم كرد, هەتا هاوەڵێك بەوەی تەنیشتی ووت من وا دەبینم (70)كەس بن, تەنیشتەكەی ووتی نا (100) كەس دەبن, لەكاتێكدا (1000) كەس بوون.

بەڵام لەكاتی بەرەو رووبوونەوەدا خوای گەورە موعجیزەیەكی تری بۆ باوەڕداران ئەنجامدا بەوەی سوپایەك لە مەلائیكە دابەزی بۆ سەرخستنی موسوڵمانان, وەك دەفەرموێت: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِينَ {9} وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ {10}﴾ الأنفال, واتە: بیركەنەوە كاتێك داوای كۆمەكیتان لە خوای خۆتان كرد, ئەویش وەڵامی دانەوە و فەرمووی من بە (1000) مەلائیكەی یەك لەدوای یەك پشتیوانیتان لێدەكەم, ئەوەش تەنها بۆ شادی ئێوە و بۆ دڵنیایی ئێوە كردی, بێگومان دەروونی هاوەڵان بە هاتنی مەلائیكە ئارام بوو, چونكە ژمارەی موسوڵمانان زیادیان كرد و یارمەتییاندان لە لێدانی بێباوەڕان و ئەسیر كردنیان, ئەم موعجیزەیە هەردوولا بینییان, بەجۆرێك بێباوەڕان موسوڵمانانیان بە دوو ئەوەندەی خۆیان بینی, وەك دەفەرموێت: ﴿قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ﴾, واتە: لەو دوو كۆمەڵەی بەیەك گەشتن بەڵگەی تیایە بۆتان, كە كۆمەڵێكیان لە پێناوی خوادا دەجەنگان و كۆمەڵەكەی تر بێباوەڕ بوون, باوەڕدارانیان بە دوو ئەوەندەی خۆیان دەبینی بە چاو, ئایەتە قورئانییەكە فەرمووی دابەزینی مەلائیكە بووە خۆشی و مژدە و دڵنیایی بۆتان, دیارە ئەمە بەڵگەیە لەسەر بینینی مەلائیكە چونكە خۆشی و دڵنیایی نابێت تا نەبینرێت.

خوای گەورە هەموو ئەو موعجیزانەی رووی‌دا كە باسمان كرد لەو جەنگەدا لە قورئانی پیرۆزدا تۆماری كردووە, بێگومان تۆماركردنی قورئان بۆ ئەو رووداوانە بەڵگەیەكی رۆشنە لەسەر رووداني, چونكە گەر ئەو رووداوانە روویان نەدایە و قورئانی پیرۆز تۆماری بكردایە, ئەو كاتە هەلێكی زێڕین دەست بێباوەڕان دەكەوت تا پێغەمبەری پێ بەدرۆ بخەنەوە, بەوەی دەیانووت (محمد) شتێك باس دەكات كە رووی نەداوە, لەلایەكی ترەوە گومان و دڵەڕاوكێیی بۆ هاوەڵان دروست دەكرد, بەوەی كە چۆن قورئان باسی شتێكمان بۆ دەكات كە رووی داوە بەڵام رووی نەداوە, بۆ نموونە گەر دابەزینی مەلائیكە رووی نەدایە, دەیانووت چۆن قورئان باسی هاتنی مەلائیكە ئەكات و دەڵێت كە بووەتە هۆی

دڵخۆشی و دڵنیایی بۆمان لە كاتێكدا ئێمە مەلائیكەمان نەدیوە و دڵخۆش و دڵنیا نەبووین بە بینینی, بەڵام لەدوای تۆمار كردنی قورئان بۆ ڕووداوەكان باوەڕداران باوەڕیان پتەوتر دەبوو, و بێباوەڕان زیاتر دەهاتنە ئیسلامەوە, ئەمەش لەجێی ئیمزایە بۆ ڕاستێتی ئەو ڕووداوانەی كە قورئان باسی كردووە.

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

**والسلام عليكم و رحمة الله وبركاته**

## کتێبی:

# رۆژوو

# موعجیزەیەکی زانستییە




### کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:

## ( د. کـــاوە فەرەج سەعدون )

### لەبڵاوکراوەکانی: ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لەقورئان و سوننەتدا

### زنجیرە کتێبەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا ( ژمارە: 3 )

مرۆڤ دروستکراوی پەروەرگارە, کە بە یاسایەکی تەواو رێك وپێك و تۆکمە دروستی کردووە, هیچ کەسێك ناتوانێت بە تەواوەتی ئاگاداری یاساکان و سوننەتەکانی دروست بوون و بەڕێوەبردنی بێت تەنها پەروەردگار نەبێت: ﴿أَ لاَ يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ الملك14, واتە: مەگەر خودا نازانێت کێ ی دروست کردووە؟! و چۆنی دروست کردووە؟! لە کاتێکدا ئەو پەروەردگارە وورد‌کار و بەسۆز و بەئاگایە, پەروەردگار خۆی بەتەنها و بەشێوەیەکی وورد و گشتگیر ئاگادارە لە هەموو ئەو شتانەی کە ئەم زیندەوەرە دروستکراوە بلیمەتە پێویستییەتی و هەموو ئەوانەش کە (لەش ساغ)ی دەکەن و ئەوانەش کە نەخۆشی دەخەن, هەر بۆیە کە پەروەردگار (رۆژوو)ی لەسەر ئێمە و نەتەوەکانی پێش ئێمەش فەرز و پێویست کردووە, نەك بە تەنیا لەبەر ئەوەی کردەوەیەکی پەرستنە بۆ دروستکەری زانا و دانا, بەڵکو لەبەر سوودە تەندروستییە گەورە بەدیهاتووەکانیشی بۆ لەشی مرۆڤ و بۆ ڕۆحیشی.

